تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

کەبات

XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5737) پێنج شەممە 25ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

فازڵ میرانی: پێکهێنانی حکوومەت تەنیا 10%ی ماوە

ئەم حکوومەتە دەستکەوتی خەباتی میللەتی ئێمە و شەهید و ئەنفالکراوانمانە



فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا بە میدیاکانی ڕاگەیاند، پێکهێنانی حکوومەت کاریگەری لە بازاڕ کردووە، ئەوەش لە ئەنجامی دڵسۆزیی خەڵک و پەرۆشییانە بۆ پێکهێنانی حکوومەت، بۆ ئەمەش وەکو پارتی و "دەتوانم وەکو حزبەکانی دیکەش داوای لێبووردن لە میللەتی خۆمان دەکەین. لەبارەی قسەکانی عەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیش کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ڕایگەیاندبوو، حکوومەت خێری تێدانەماوەو شایستەی ئەوە نییە



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە ئوسامە نوجێفی کرد

پێویستە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی پێکهاتەکانی مووسڵ بپارێزرێت و بەپەلەش کێشەکانی شارەکە چارەسەر بکرێن


دوێنێ چوارشەممە 2019/4/24 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ئوسامە نوجێفی سەرۆکی هاوپەیمانیی قەراری عێراق کرد. لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە خرایە بەرباس. هەروەها لەبارەی کێشە ئیداری و سیاسی و ئابووری و ئەمنییەکانی پارێزگای نەینەوا و ڕەوشی ژیانی هاوڵاتییانی ئەو پارێزگایە، گفتوگۆ کرا و جەخت کرایەوە کە پێویستە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی پێکهاتەکانی ئەو پارێزگایە بپارێزرێت و بەپەلە کێشەکانی مووسڵ چارەسەر بکرێن و ڕێگە نەدرێت ئاسایشی ئەو پارێزگایە بکەوێتەوە بەر هەڕەشەی تیرۆریستان.

سەعدی پیرە: هەفتەی داهاتوو پڕۆتۆکۆڵی پێکهێنانی حکوومەت واژوو دەکرێت



ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەعدی ئەحمەد پیرە ڕایگەیاند کە حزبەکەی لە ڕێگەی مەکتەبی سیاسییەوە ئەو پۆستانە یەکلایی دەکاتەوە کە بەر حزبەکەی دەکەوێت و هەر کاندیدێک دەنگی زیاتری هێنا ئەو دەبێت بەکاندیدی یەکێتی.

سەعدی ئەحمەد پیرە لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: لە پێنجی شوبات پرنسیپەکانمان لەگەڵ پارتی واژووکرد. لە چواری ئادار ڕێککەوتننامەی سیاسییمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان واژوو کرد و پۆستەکان دابەشکراون، هەفتەی داهاتووش پڕۆتۆکۆڵی پێکهێنانی حکوومەت لە لایەن ئەو لایەنانەی کابینەی نێیەمی حکوومەتی هەرێم پێکدەهێنن واژوو دەکرێت، بەڵام جارێک دیار نییە چی ڕۆژێک دەبێت و چۆن دەبێت. لە وەڵامی پرسیارێکیشدا سەبارەت بە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پیرە گوتی: لەسەر هەموو شتێک ڕێککەوتووین، بەپێی ڕەشنووسی یاساکە سەرۆکی هەرێم دوو جێگری دەبێت و ئەو دوو جێگرە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بە 15 ڕۆژ وەزیفەیان لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە دیاری دەکرێت.



بەهۆی هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی گرتەی ڤیدیۆیی نەشیاو کچە پەرلەمانتارێکی نەوەی نوێ سکاڵا لەسەر شاسوار عەبدولواحید تۆمار دەکات

فراکسیۆنی پارتی پشتگیریی تەواو لە داواکاریی جوتیارانی کوردستان دەکات، بۆ ئەوەی مافەکانیان وەربگرن

دوێنێ چوارشەممە نزیکەی40 جووتیار لە پێش پەرلەمانی کوردستان گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان ڕێک خست و داوایان لە پەرلەمانی کوردستان کرد، کە پشتگیریان بکات، بۆ ئەوەی شایستە داراییەکانیان وەربگرن.

لەو بارەیەوە زانا مەلا خالید، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند: ئێمە وەک فراکسیۆنی پارتی پێشوازی لە جووتیاران دەکەین و پشتریش لە چەند هەلومەرجێکی جیاوازدا دانیشتنمان لەگەڵ کردوون، پشتگیریی سەرجەم داوکارییەکانیان دەکەین. پەرلەمانتارەکەی پارتی گوتیشی: براوەرانی ئێمە لە لێژنەی کشتوکاڵ یاداشتی جووتیاران وەردەگرن و ئێمەش پشتیگرییان دەکەین بۆ ئەوەی مافەکانیان وەربگرن.

جووتیارانی هەرێمی کوردستان شایستە داراییەکانی ساڵانی 2016 و 2017 و 2018یان بۆ خەرج نەکراوە، بە بڕیارێکی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق خەرجکردنی شایستە داراییەکانی جووتیارانی هەرێم ڕاگیرا، لە ماوەکانی ڕابردووش دا جووتیارەکان چەندین خۆپیشاندانیان لە بەغدا و هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانیان ئەنجام داوە، هەرچەند لە دادگای "ڕەسافە"ی بەغدا دۆسیەکەیان یەکلایی بووەتەوە و وەزارەتی دارایی پارەی جووتیارانی داوەتە وەزرەتی بازرگانی، بەڵام لەوێ ڕاگیراوە و بۆیان خەرج ناکرێت.



چوار ملیۆن و 800 هەزار دۆلاری تێچووە نەخۆشخانەی پێشمەرگە ڕادەستی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرا

سەرۆکی کۆریای باکوور بە شەمەندەفەرێکی تایبەت گەیشتە ڕووسیا

ئەمڕۆ پوتین و کیم جۆنگ ئون کۆدەبنەوە



سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمیر پوتین و ڕابەری کۆریای باکوور، کیم جۆنگ-ئون ئەمڕۆ پێنجشەممە 25ی نیسان لە شاری ڤلادیڤۆستۆک کۆدەبنەوە. ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەکی کرێملین، یوری ئوشاکۆڤ زانیاری دا بە ڕۆژنامەنووسان لەبارەی کۆبوونەوەکەی پوتین و کیم. ئۆشاکۆڤ ئاماژەی بەوە کرد کە هەردوو سەرکردە لە شاری ڤلادیڤۆستۆکی ڕووسیا کۆدەبنەوە و، گوتی: ڕابەری کۆریای باکوور، کیم جۆنگ ئون لەگەڵ سەرۆکەکەماندا لە 25ی نیساندا لە ڤلادیڤۆستۆک کۆدەبێتەوە. دوێنێ چوارشەممەش بەپێی میدیاکانیش سەرکردەی کۆریای باکوور، کیم جۆنگ ئون گەیشتە مۆسکۆ بۆ بەستنی ئەو لووتکەیەی کە لەگەڵ سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمیر پوتین ئەنجامی دەدات. ئاژانسی هەواڵیی کۆریای باشوور بڵاویکردەوە، کیم جۆنگ ئون بە شەمەندەفەرێکی تایبەت گەیشتە وێستگەی شەمەندەفەری هاسان لە نزیک سنووری کۆریای باکوور و چاوی بە ژمارەیەک بەرپرسی ڕووسیا کەوتووە. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە لە مانگی شوباتی ڕابردوودا دووەم لووتکە لە نێوان سەرکردەی کۆریای باکوور، کیم جۆنگ ئون و سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ لە شاری هانۆی پایتەختی ڤیێتنام بەڕێوەچوو، بەڵام هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی بۆ هەردوولا لێنەکەوتەوە.

فازڵ میرانی: پێکهێنانی حکوومەت تەنیا 10%ی ماوە
ئەم حکوومەتە دەستکەوتی خەباتی میللەتی ئێمە و شەهید و ئەنفالکراوانمانە



فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا بە میدیاکانی ڕاگەیاند، پێکهێنانی حکوومەت کاریگەری لە بازاڕ کردووە، ئەوەش لە ئەنجامی دڵسۆزیی خەڵک و پەرۆشییانە بۆ پێکهێنانی حکوومەت، بۆ ئەمەش وەکو پارتی و "دەتوانم وەکو حزبەکانی دیکەش داوای لێبووردن لە میللەتی خۆمان دەکەین. لەبارەی قسەکانی عەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیش کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ڕایگەیاندبوو، حکوومەت خێری تێدانەماوەو شایستەی ئەوە نییە کۆمەڵ بەشداری تێدا بکات. فازڵ میرانی ڕایگەیاند: هەموو تاکێک ئازادە ڕای خۆی دەدات، ئەمەش ڕەئی مامۆستا عەلی باپیرە، ئەم حکوومەتە دەستکەوتی خەباتی میللەتی ئێمە و شەهید و ئەنفالکراوانمانە، جا ئەو حکوومەتە بچووکە یان گەورەیە، لە هەموی گرنگتر بیپارێزین لە پیلانی ناحەزان.

میرانی ڕاشیگەیاند: سایکۆلۆژیەتی حیزبەکانی کوردستان لەگەڵ پێشبینی خەڵک بڕێک جیاوازی هەیە، ئێمە وەکو پارتی بێدەنگ بووین، چونکە دوێنێ وەکو جەنابی کاک نێچیرڤان سەرۆکوەزیرانی ئەمڕۆ و سەرۆکی هەرێمی سبەی گوتی ڕاستە ئێمە هەڵبژاردنمان کردووە، بەڵام دەرفەت بە هاوبەشەکانمان دەدەین بیربکەنەوە، دواتر بگەنە بڕیارێکی هاوبەش.

هەروەها فازڵ میرانی، لە لێدوانێکیشدا بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئەمڕۆ پێنجشەممە 2019/4/25 کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێت، تەوەری کۆبوونەوەکەش گفتوگۆکردنە لەبارەی پێکهێنانی حکوومەتەوە.

میرانی گوتیشی: قۆناغی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان 90%ی بە کۆتا گەیشتووە و هەمووان کۆکین و تەنها 10%ی ماوە، کە لە هەفتەی داهاتوودا کۆبوونەوەی لەسەر دەکرێت و کابینەی نوێی حکوومەت پێکدێت.

فازڵ میرانی هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد: ئێمە سوپاسی خۆڕاگری و دڵسۆزیی خەڵکی کوردستان دەکەین لەوەی چاوەڕوانیی زۆریان کێشا بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت، بەڵام حکوومەتی نوێ بۆ خرمەتکردنی هاوڵاتیان و باشترکردنی گوزەرانیان پێک دێت. سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دەشڵێت: ئێمە قوربانیمان داوە و خەباتمان کردووە لە پێناو بەدیهێنانی حکوومەت و خزمەتکردنی خەڵکدا، بۆیە خەڵکی تر هەرچییەک باس دەکات بۆ بەشداریکردن لە حکوومەتدا، بۆچوونی خۆیەتی و لە ڕوانگەی حزبەکەیەتی ئێمەش بەردەوام دەبین لە بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بۆ خەبات:
حکوومەتی داهاتووی کوردستان بنکەفراوان نابێت

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بنکە فراوان نابێت و "کەمێک "لە زۆرینەی پەرلەمانی زیاتر دەبێت. ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، هەموو ئەو کارانەی لەبارەی پێکهێنانی حکوومەتەوە کراون، بەو ئاراستەیەن کە حکوومەتی داهاتوو بنکەفراوان نابێت و حکوومەتێک دەبێت کە چەند هێزێکی گەورە دڕووستی دەکەن بە هاوبەشی لەگەڵ پێکهاتەکانی کوردستان.

گوتیشی: ناتوانین بڵێین حکوومەتی داهاتوو حکوومەتی زۆرینەی پەرلەمانی دەبێت، بەڵکوو کەمێک لە زۆرینە زیاتر دەبێت.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان باسی لەوەش کرد، هەر کاتێک ڕێککەوتنەکەی نێوان پارتی و یەکێتی واژۆ کرا، ڕاستەوخۆ بەرنامەی کاری پەرلەمان دادەنرێت و پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دەدات. تەئکیدیشی کردەوە: "خوێندنەوەی یەکەم و دووەم بۆ پرۆژەیاسای هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کراوە، خوێندنەوەی سێیەمی بۆ دەکرێت کە بڕیتییە لە دەنگدان لەسەر یاساکە".

مووسڵ.. دەرگای خۆکاندیدکردن بۆ هەردوو جێگری پارێزگار کرایەوە
تا ئێستا 35 کەس خۆیان بۆ پۆستی پارێزگاری مووسڵ کاندید کردووە



سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ گوتی، تا ئێستا35 کەس خۆیان بۆ پۆستی پارێزگاری مووسڵ کاندید کردووە و ماوەکەشی تاوەکو 5/ 2 درێژ کرایەوە و دوێنێش دەرگای خۆکاندیدکردن بۆ هەردوو پۆستی جێگری پارێزگاریش کرایەوە، کە یەکێک لەوانە پشکی پارتی دیموکراتی کوردستانە. سەیدۆ چەتۆ، بەمالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ماوەی 15 ڕۆژ دیاری کرابوو بۆ ئەوەی خەڵک خۆی بۆ پۆستی پارێزگاری مووسڵ کاندید بکات و پێرێ دواوادە بوو، بەڵام ماوەکە درێژ کرایەوە تاوەکو 5/2 و تاوەکو ئێستاش 35 کەس خۆیان کاندید کردووە و ڕەنگە تا کۆتایی واوەکە ژمارەیان زیاتریش بێت. چەتۆ گوتیشی، دوێنێ چوارشەممە دەرگای خۆکاندیدکردن بۆ هەردوو جێگری پارێزگاری مووسڵ کرایەوە و خەڵک دەتوانن خۆیان بۆ ئەو پۆستە کاندید بکەن، کە جێگری یەکەم بۆ کاروباری ئیداری، پشکی پارتی دیموکراتی کوردستانە. ڕاشیگەیاند، تا ئێستا دیار نییە پارتی دیموکراتی کوردستان کێ بۆ پۆستی جێگری یەکەمی پارێزگار کاندید دەکات، بەڵام لەم ڕۆژانەدا ئەو پرسە یەکلا دەکرێتەوە. دەشڵێ، دوای تەواوبوونی واەی خۆپاڵاوتن، ئەوکات ئەنجوومەنی پارێزگا کۆدەبێتەوە و لە ڕێگەی دەنگدانەوە پارێزگار و هەردوو جێگرەکەی هەڵدەبژێرن.

بەهۆی هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی گرتەی ڤیدیۆیی نەشیاو کچە پەرلەمانتارێکی نەوەی نوێ سکاڵا لەسەر شاسوار عەبدولواحید تۆمار دەکات

شادی نەوزاد: باندەکەی شاسوار عەبدولواحید نامەیەکیان بۆم ناردووە و دەڵێن چاوەڕوانی بڵاوکردنەوەی فیلمی ڕووتی خۆت بە



خەبات:

ئەنجوومەنی بالای نەوەی نوێ و فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی عێراق، ڕۆژی 21ی ئەم مانگە لە دژی شاسوار عەبدولواحید و هەندێ کەسی دیکەی دەستڕێشتووی ناو نەوەی نوێ، ڕاگەیەندراوێکیان بڵاوکردەوە، لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەدا ڕایانگەیاندبوو: نەوەی نوێ لە جوڵانەوەیەکی سیاسی بەرەو باندێکی سیاسی تەنگەبەری ئەوتۆ براوە، کە هەموو دەزگە و ئۆرگانە گرنگەکانی بڕیاردان تێیدا پەراوێزخراون و بڕیاری دەستە جەمعی تێدا نەماوە.

جوڵانەوەکە بە جۆرێک لەگەڵ خێزان و بزنس تێکەڵ کراوە، ئیتر جیاکردنەوەیان سەخت بێت. هاوکات پەرلەمانتارێکی نەوەی نوێ، لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: لەلایەن سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ، شاسوار عەبدولواحید، هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی گرتەی ڤیدیۆیی دەستکاریکراوی ڕووتمان لێکراوە کە گوایا بە کامێرای نهێنی لە گوندی ئەڵمانی و کابینەکانی چاڤی لاند تۆمارکراوە.

شادی نەوزاد گوتیشی: ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر و ترسناک بۆ ڕای گشتی ئاشکرا دەکەین، باندەکەی شاسوار عەبدولواحید ناتوانێت ئێمە بترسێنێت و بمانووستێنێت. ئەو پەرلەمانتارەی نەوەی نوێ، گوتیشی: ئێمە وەک ئەندامانی ئەنجوومەنی بالا و فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە بەغدا، بەیاننامەیەکمان بڵاوکردەوە کە تێیدا ڕامانگەیاند کە شاسوار عەبدولواحید و باندەکەی دەیانەوێت نەوەی نوێ بەرەو ئاقارێکی ترسناک و بەرەو بنەماڵەیی ببەن، بەڵام ئەوەی شۆکی کردین، دەرئەنجامی ئەو بەیاننامەیە بووە کە بووەتە هۆی هەڕەشەکردن لێمان.

شادی نەوزاد لە کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند: کۆمەڵێک کەس هاتوون بەشداریان لە چالاکییەکان کردووە و لە شوقەکانی گوندی ئەڵمانی ماونەتەوە، بەڵام لە ڕێگای کامێرای نهێنی چاودێرییەوە وێنەیان گیراوە و هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانەمان لێدەکەن. شادی نەزاد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی نەوەی نوێ، هەروەها ڕایگەیاند: لەلایەن سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ، شاسوار عەبدولواحید، هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی گرتەی ڤیدیۆیی دەستکاریکراوی ڕووتمان لێکراوە کە گوایا بە کامێرای نهێنی لە گوندی ئەڵمانی و کابینەکانی چاڤی لاند تۆمارکراوە.

ئەو ئامازەی بە ناردنی ڤیدیۆی دەستکاریکراو کرد و گوتیشی: ئەوەی جێی داخە کە ئێستا سەرکردەکانی ئەم جوڵانەوەیە لە ئەندامانی ئەنجوومەنی بالا لەگەڵ ئەندامانی فراکسیۆنەکان ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوە بە بڵاوکردنەوەی گرتەی دەستکاریکراو و مۆنتاژکراوی ژیانی تایبەتی، سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ نامەیەک کە چەند کاتژمێرێک پێش بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەی فراکسیۆنی نەوەی نوێ بەدەست من و بەشێک لە ئەندامانی فراکسیۆن گەیشتووە کە تیایدا گرتە ڤیدیۆیەکی دەستکاریکراو بە دەنگ و دانانی هەندێک لە فۆتۆ نێردراوە بۆ من و نامەیەکیش لەگەڵیدا نێردراوە کە لێی نوسراوە: چاوەڕوانی بڵاوکردنەوەی فیلمی ڕووتی خۆت بە.

شادی نەوزاد گوتیشی: من دەپرسم ئەگەر جوڵانەوەیەکی سیاسی، باندێک، بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ سەرکردەکانی خۆیان بکەن، ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ کچە تازە پێشگەشتووەکان دەکەن کە ڕووەکەنە ئۆفیسەکانی باندەکەی شاسوار عەبدولواحید. پەرلەمانتار شادی نەوزاد گوتیشی: هەر لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا شادی نەوزاد، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو نامەیە دەگەیەنێت دادگا و سکاڵا تۆمار دەکان، لەمبارەیەوە گوتی: ئێمە بەردەوام دەبین و ئەم نامەیە دەگەیەنە دادگا و سکاڵا لەسەر شاسوار عەبدولواحید تۆمار دەکەم لە نزیک کاتدا.

ئەوەش لە کاتێکدایە کە ژمارەیەک پەرلەمانتار و سەرکردەی نەوەی نوێ لە دژی شاسوار عەبدولواحید و گرووپەکەی دەستیانکردووە بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی نارەزایی و بەوە تۆمەتباری دەکەین کە نەوەی نوێ بەرەو باندگەرایی دەبات، هاوکات بەگوتەی ئەو پەرلەمانتارانە باندەکەی شاسوار عەبدولواحیدش هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی ڕووتی ئەو کەسانە دەکات.

سعوودیە و بەحرێن خۆشحاڵن بە دڕێژنەکردنەوە وادەی بەخشینی وڵاتان لە سزاکانی سەر ئێران

سعوودیە و بەحرێن پێشوازییان لە بڕیارەکەی ئەمەریکا کرد بۆ نوێنەکردنەوەی بەخشینی هەشت وڵات لە سزاکانی سەر ئێران سەبارەت بە هاوردەکردنی نەوت لەو وڵاتە. وەزیری دەرەوەی سعوودیە، ئیبراهیم عاسف، لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی فەرمی وڵاتەکەی، ئاماژەی بەوەکردووە سعوودیە پشتیوانییە تەواو لە بڕیارەکەی ئەمەریکا بۆ نوێنەکردنەوەی بەخشینی هەشت وڵات لە سزاکانی سەر ئێران و هاوردەکردنی نەوت لەو وڵاتە، دەکات.

هاوکات بەپێی هەواڵێک کە لە ئاژانسی فەرمی بەحرێندا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە حکوومەتی مەنامە بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیی لە بڕیارەکەی ئەمەریکا بۆ نوێنەکردنەوەی بەخشینی وڵاتان لە سزاکانی سەر ئێران، دەکات. لە هەواڵەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە بڕیارەکە هەنگاوێکی پێویست و گرنگە بۆ پشتیوانییکردن لە بەگژداچوونەوەی ڕژێمی مەترسیداری ئێران و وشککردنی سەرچاوەکانی تیرۆر کە بووەتە مایەی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە و پشتیوانیی لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەکات.



بەهۆی گەمارۆکانی ئەمەریکاوە دوو گەورە کۆمپانیای جیهانی لە بازاڕەکانی ئێران دەکشێنەوە

دوای گەمارۆکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران هەردوو گەورە کۆمپانیای ئێڵ جی و سامسونگی کۆریایی بڕیاریان داوە کە لقەکانی خۆیان لەو وڵاتە بکشێننەوە. هەردوو گەورە کۆمپانیای ئێڵ جی و سامسونگی کۆریایی کە ماوەی 10 ساڵێکە بازاڕەکانی ئێرانیان تەنیوە، بەهۆی گەمارۆکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئەو وڵاتە ڕایاگەیاندووە، کە لقەکانی خۆیان دەکشێننەوە.

ئابووریناسان لەمبارەیەوە دەڵێن: بە کشانەوەی هەردوو کۆمپانیاکە، هاوواڵتیانی ئێران لە خزمەتگوزارییەکانی ئەم دوو کۆمپانیایە بێ بەش دەبن و هاوکاتیش بەرهەمی فرۆشی ئێڵ جی و سامسونگ لەو وڵاتە نامێنێ و زیانێکی زۆری ماددیش دەکەن.

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/4/25 ژمارە (5737) | خەبات



دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی لە رێوڕەسمێکدا رێزی لە هونەرمەند ئەحمەد سالار گرت

فازڵ میرانی: هونەرمەندی وەکو مامۆستا ئەحمەد سالار و هاوشێوەکانی ڕەمزی تێگەیشتن و پێگەیشتنی میللەتن

ئەحمەد سالار: خۆشحاڵم کە ئەوەی کردوومە پێیزاندراوە و مایەپووچ دەرنەچووم

بەروار 2019/4/24 شەهیدان، بارزانیی نەمر و پاشان فازڵ میرانی، سکرتێری پێگەیشتنی میللەتن. دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە چاودێری فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رێوڕەسمێکی شایستەدا، رێزی لە ماندووبوون و تەمەنی پڕ بەخششی هونەرمەند و نووسەر و گەورە شانۆکاری گەلی کورد، مامۆستا، ئەحمەد سالار، گرت. لە سەرەتای مەراسیمەکەدا بە دەقیقەک وەستان بۆ گیانی پاکی کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو دەستپێکرد و پاشان وتاری بەخێرهاتن لەلایەن دکتۆر سالار عوسمان ئەندامی رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان خوێندرایەوە تێیدا ئاماژەی بە خەبات و ماندووبوونی ئەو مرۆڤە مەزنە کرد کە هەموو تەمەنی خۆی لە پێناو کوردایەتی و هونەر و نووسین بەختکردووە و توانیوەتی خزمەتێکی زۆر بە میللەتەکەی خۆی بکات.

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان وتارەکی پێشکەشکرد و تێیدا ئاماژەی بە خەبات و ماندووبوونی هونەرمەند ئەحمەد سالار کرد و لە بەشێکی وتارەکەیدا، گوتی: پێویستە ئەمجۆرە مرۆڤانە هەمیشە لەبەر چاو بن و رێزیان لێ بگیرێت، ئەوەی دوێنێش بۆیان نەکراوە، ئەمڕۆش درەنگ نییە بۆیان بکرێت، هونەرمەندی وەکو مامۆستا ئەحمەد سالار و هاوشێوەکانی ڕەمزی تێگەیشتن و پێگەیشتنی میللەتن.

دواتر زیرەک کەمال، وتاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی پێشکەشکرد و لە لەشێکی وتارەکەدا گوتی: ئەو داهێنانەی ئەو لە بواری هونەردا کردی، دەشێت بەجێ بهێڵین بۆ هونەرمەندان بۆ پسپۆڕانی ئەم بواره، بەڵام لایەنەکەی تر کە لە کەسایەتی مامۆستا ئەحمەد سالار هەیە، ئەویش ئەو کەسایەتییە کۆمەڵایەتییە ئەو گرانی و سەنگییە، ئەو ویقارەیە کە ئەو مامۆستایە هەیەتی، بە دۆست و دوژمنەوە شاهیدی بۆ دەدەن، بەشێکی وتارەکەدا گوتی: هەرچی بڵێین نەمرۆ نابێتە هیوای تەمەندرێژی و سەرفرازیی بۆ دەخواین، دیارە باسکردن لە ئەدەب و هونەر باسێکی قوواڵە لێرە بە ناوی رێزدار نێچرڤان بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستخۆشی لە دەزگای رۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی دەکەین، هیوای تەمەندرێژی بۆ مامۆستای گەورەش.

پاشان وتاری سەندیکای هونەرمەندان لەلایەن فەرهەنگ غەفور خوێندرایەوە، لە ئەمڕۆ ئێمەی هونەرمەندان دووجار بەختەوەرین، جارێک دەزگایەکی دێرینی کوردی کە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، رێز لە بەخشش و ئەزموومی گەورە مامۆستایەکی قەدرگرانی هونەری کوردی دەگرێت کە نیو سەدە خەباتی کرد لەپێناو بزاوتی رۆشنبیری گەلەکەی، من ناوی دەنێم بە باوکە مەیرەبانەکەی بزووتنەوەی شانۆی گەلەکەمان، دڵۆپێک لەم دەریای بێ سنوورەی ئەم ئەزموونە گەورەیەی کە مامۆستا پێشکەشی ئێمەی کرد، ئەو و قەڵەمەکەی و زمانە پاراوە شیرینەکەی کە یەکێک بوومە لەو قوتابیانەی ئەو هەمیشە وانەی کوردایەتیی فێر دەکردین. لە کۆتاییدا هونەرمەند ئەحمەد سالار، لە بەرانبەر ئەو ڕێزلێنانە گوتی: تەنها ئەوەندەم پێدەکرێت، بڵێم و نزا بکەم، خوایە هێزی بەرێوەبەری پەیوەندیی و هەماهەنگییەکان لە وەزارەتی پێشمەرگە، عەمید ڕۆکن هەژار عومەر رایگەیاند، لە ئایندەدا هەماهەنگییەکانی نێوان کۆڵێژی ئەرکانی پێشمەرگە و کۆڵێژی ئەرکانی هاوبەشی عێراق زیاتر دەبێت. لە لێدوانێکدا بەڕێوبەری پەیوەندیی و هەماهەنگییەکان لە وەزارەتی پێشمەرگە، عەمید ڕۆکن هەژار عومەر دەشڵێت: وەزارەتی بەرگریی عێراق و وەزارەتی پێشمەرگە بەڵێنی ئەوەیانداوە کە پەرە بە پەیوەندییەکانی نێوانیان بدەن و هەماهەنگییەکانی نێوانیان بەرەو قۆناغێکی باشتر ببەن، هەر لەم چوارچێوەیەدا کۆڵێژی ئەرکانی هاوبەشی عێراق و کۆڵێژی ئەرکانی پێشمەرگە لە چەند ڕۆژی داهاتوو دەست دەکەن بە ڕاهێنانی هاوبەش. دەشڵێت: بڕیارە شانەیەکی کۆڵێژی ئەرکانی هاوبەشی عێراق سەردانی هەریەکە لە کۆڵێژی ئەکادیمیای زاخۆ و کۆڵێژی ئەکادیمیای قەڵاچوالان و سەربازی کۆڵێژی ئەرکانی هاوبەشی عێراق بە سەرۆکایەتی ڕاگری کۆڵێژ، لیوا ڕوکن محەمەد عەبدولڕەزاق و شاندی یاوەری لە مامۆستایان و قوتابیانی خولی 79ی کۆڵێژی ئەرکان پێکهاتوون لە هەولێرن، ئەم سەردانەیان وەک سەردانێکی زانستی ئەنجامداوە. عەمید ڕوکن هەژار عومەر دەشڵێت: وەزارەتی بەرگریی عێراق و وەزارەتی پێشمەرگە بەڵێنی ئەوەیانداوە کە پەرە بە پەیوەندییەکانی نێوانیان بدەن و هەماهەنگییەکانی نێوانیان بەرەو قۆناغێکی باشتر ببەن، هەر لەم چوارچێوەیەدا کۆڵێژی ئەرکانی هاوبەشی عێراق و کۆڵێژی ئەرکانی پێشمەرگە لە چەند ڕۆژی داهاتوو دەست دەکەن بە ڕاهێنانی هاوبەش. دەشڵێت: بڕیارە شانەیەکی کۆڵێژی ئەرکانی هاوبەشی عێراق سەردانی هەریەکە لە کۆڵێژی ئەکادیمیای زاخۆ و کۆڵێژی ئەکادیمیای قەڵاچوالان بکەن. بەڕێوبەری پەیوەندیی و هەماهەنگییەکان لە وەزارەتی پێشمەرگە باس لە ڕێکخستنەوەی یەکەی 70 و یەکەی 80ی هێزەکانی پێشمەرگە دەکات و دەڵێت: پێویستیمان بە سوپایەکی ڕێکخراو و دوور لە سیمای حزبی هەیە، بۆ ئەم مەبەستە 35 پرۆژەی چاکسازیمان هەیە لە وەزارەتی پێشمەرگە، یەکێک لە پرۆژەکان ڕێکخستنەوەی یەکەی 70 و یەکەی 80ی هێزەکانی پێشمەرگەیە. عەمید ڕوکن هەژار گوتیشی: زۆر گەشبینین کە لە کابینەی نوێەمی حکوومەت ڕێکخستنەوە لە هێزەکانی پێشمەرگە لە چوارچێوەی سوپایەکی ڕێکخراو بێتە ئاراوە، ڕاوێژکارانی هاوپەیمانان لە پرۆژەی ڕێکخستنەوەی یەکەی 70 و یەکەی 80ی هێزەکانی پێشمەرگە ڕۆڵیان هەیە.

پەرلەمانتارێکی عێراق: لە نێوان ئەمەریکا و ئێراندا عەبدولمەهدی لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورس دایە



ئەنجوومەنی وەزیران توانای ئەوەی نییە یاسای بوودجە پەکبخات و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم نەنێرێت

ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەحمەد حاجی ڕەشید ڕایگەیاند: لە ڕووی یاساییەوە ئەنجوومەنی وەزیران توانای ئەوەی نییە یاسای بوودجە پەکبخات و ئەو برگەیە بە ناشکرا باس لەوە دەکات کە ئەگەر هەرێم نەوتیش ڕەوانە نەکات ئەوان مووچەی فەرمانبەران ڕەوانە بکەن، مانگانەش بەپێی ئەو بڕیارەی هەیە 454 ملیار دینار دەکات، بۆیە هەرکات حکوومەت هەنگاوێکی لەو شێوەیە بنێت ڕازی نابین و سکاڵای یاسایی تۆمار دەکەین. لە بارەی ململانێیەکانی ئەمەریکا و ئێران و ڕاگرتنی تەواوی مامەڵەی نەوتی لەگەڵ ئێران و هەڕەشەکانی تاران بە داخستنی گەڕووی هورمز و کاریگەری ئەم ڕودانە لەسەر عێراق، ئەندامەکەی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق گوتی: ئەم بابەتە بابەتێکی ئاڵۆزە و ئەمەریکا کاتی خۆی عێراقی خستووتە ئەم داوەوە، ئێستاش ئەمەریکا خۆی کەوتووەتە گێژاوێکەوە بەوەی ئەگەر عێراق بەجێدەهێڵێت بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەوە چۆن غاز بەدەست دەهێنێت لەکاتێکدا عێراق تاکە وڵات کە دەتوانێت غازی لێبەدەست بهێنێت بۆ وێستگە کارەباییەکانی تەنها ئێرانە، هەروەها کاتی خۆی ئەو دامەزراوە زیندووانەی کە لە عێراق هەبوون وەک پالاوگەکان و ئەو پارەیەی کە باس لە نزیکەی 80 ملیار دۆلار دەکرێت کە خەرج کراوە بۆ پڕۆسەی پالاوگەکان کە لە ڕاستیدا ئەمەریکا هیچ جێگرەوەیەکی پێشکەش نەکردووە بۆ ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ بۆ عێراق.

ئەو هەروەها گوتی: دۆخەکە زۆر ئاڵۆزە و کێشەیەکی زۆر گەورە دروست دەبێت، چونکە پەنابردن بۆ ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی ئێرانی لە ئەنجامدا تاران هەنگاوی تر دەنێت، لەوانەش هەڕەشەی داخستنی گەڕووی هورمز کە ئەو کات شەڕەکە دەگوازێتەوە بۆ چەند وڵاتێک، ئەو ململانێیەی لە نێوان ئەمەریکا و ئێران هەیە عێراق و کوێت و ئیمارات و سعوودیە و قەتەر و بەحرێن و هەموو ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی گەڕووی هورمزەوە نەوتی خۆیان ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان دەکەن، ئەوەش مانای بە سفرکردنەوەی نەوتی ئەو وڵاتانە دەگەیەنێت، لەنێویاندا عێراقە کە تاکە سەرچاوەی داهات پشتی پێدەبەستێت نەوتە و تەنها دەروازەی نەوتی لێوە ڕەوانە دەکات بەسەریە، بۆیە قەیرانێکی سیاسی و ئابووری و سەربازی لە ناوچەکەدا دروست دەبێت لە ئەنجامی ئەم بڕیارەی کە بەشێکی ئێران و بەشەکەی تری ئەمەریکا هۆکارە کە بە شێوەی گونجاو هاوکاری عێراقیان نەکردووە، هەرچەندە عێراق خۆی سیاسی نەبووە و ئامادەکاری بۆ دۆخێکی لەو شێوەیە نەکردووە.

ئەم پەرلەمانتارە لە بەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا بۆ ئاژانسی ئانادۆلو لە بارەی دۆخی سیاسی عێراق و هەنگاونانی بەشێک لە لایەنە شیعەکان دژبە سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی دوا و گوتی: حکوومەتی ئێستای عێراق لە لایەن لیستەکانی بینا و ئیسلاح پێکهێندرا کە هیچ لایەکیان نەیتوانی زۆرینەی خۆی بەدەستبێنێت و بە هەردوولاوە وەک چارەسەرێک پالێوراوێکی بێلایەنیان هەڵبژارد، بەڵام لەم پالێوراوەدا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا چونکە هەندێک لە کوتلە سیاسییەکان رازی بوون بەوەی عەبدولمەهدی خۆی وەزیرەکانی کابینەکەی دەستنیشان بکات، بەڵام بەشێکی تریان بەوە رازی نەبوون و وەزیری خۆیان دەستنیشانکرد، ئەوەش وای کرد لە هەندێک کوتلەی سیاسی نیگەرانی دروست ببێت بەرەو ئاقاری ئۆپۆزسیۆنبوون هەنگاو بنێن. ئەو گوتی: ئەوەی هەیە حیکمە بەرەو ئاقاری ئۆپۆزسیۆنبوون دەڕوات، بەڵام کاتەکەی دیاری نەکردووە، کوتلەی بینا و ئیسلاح هەڵوەشاونەتەوە، لایەنی دەعوەش بە نیازی سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی دەعوەن لە نێوان دەوڵەتی یاسا و کوتلەکەی حەیدەر عەبادی و بەپێی هەواڵەکان تا ئێستا 86 کورسییان کۆکردووەتەوە و هەوڵ دەدەن لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی تر تا بچنە لایانەوە. لە لایەکی تریشەوە فەتح و سائیرون 101 کورسییان پێکهێناوە. ئەوەشی گوت: مانگی داهاتوو یان چەند مانگی داهاتوو گۆڕانکاری دەبێت بەوەی حکوومەت هەڵدەوەشێتەوە یان ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لە پەرلەمانەوە ڕادەگەیەنرێت، لەئێستادا چەند گوشار لەسەر سەرۆکوەزیران هەیە هێندەی تر ئەو گوشارانە زیاتر دەکات، هەرچەندە خۆی ڕازی بووە لەسەر ئەوەی حیکمە یان هەر هێزێکی دیکە بەرەو ئاقاری ئۆپۆزسیۆنبوون بڕوات.

بەپرسیارەی ئەندامەکەی پەرلەمانی عێراق، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورسدایە لە نێوان ئەمەریکا و ئێراندا کە دەکەوێتە ژێر گوشاری چ لایەکیانەوە و لەو ماوەیەدا دەبێت وەڵامی ئەو تاقیکردنەوەیە بداتەوە.

راوێژکاری سەرەک وەزیرانی مۆریتانیا بۆ خەبات:

حیکمەتی سەرکردایەتی سیاسی گەلی کورد هۆکاری ئەو پێشکەوتنەیە کە ئافرەتانی کوردستان پێی گەیشتوون

خەبات- مەریوان نەقشبەندی

لەلێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات خاتوو (مەکفولە بنت ئەگات) راوێژکاری سەرەک وەزیرانی مۆریتانیا بۆ کاروباری ئافرەتان و وەزیری پێشوی کاروباری ئافرەتانی مۆریتانیا تەئکیدی کردەوە کە سەرکردایەتی سیاسی و حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان کاری گەورەیان کردوە لەپێناو ئازادی و مافەکانی ئافرەت و ئەوەش بەڵگەیە لەسەر حیکمەتی سەرۆک و سەرکردایەتی گەلی کورد.

خاتوو مەکفولە کە بۆ بەشداریکردن لە چوارەمین کۆنفرانسی لالش تایبەت بەپێکەوەژیان بۆ یەکەمجار سەردانی شاری هەولێر دەکات، لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: هەر گەلێک ئافرەتان تێیدا ڕۆڵیان هەبێت و مافەکانیان دەستەبەرکرابێت بەدڵنیاییەوە ئایندەیەکی ڕوون چاوەڕێی دەکات، بۆیە



ئەوەی لە کوردستان لەم چەند ڕۆژەدا بینیومە ئێجگار جێگەی سەرنج بوو، بۆیە دەڵێم خەڵکی کوردستان هەقە شانازی بەو دەسکەوتانە بەو ئازادی و گەشەکردنەوە بکات کە بەدەستی هێناوە و خۆشحاڵم لەم چەند ڕۆژەدا لەم کوردستانە ئارامەدا دەبم. لەبارەی مۆریتانیاوە گوتی: وڵاتەکەم بە وڵاتی شاعیران ناسراوە و زۆرترین ژمارەی شاعیرە ئافرەتەکان لەهەموو وڵاتانی عەرەبی لەمۆریتانیایە. هەروەها گوتی: بە مۆریتانیا دەوترێت وڵاتی ملیۆن شاعیر ئەمە لەکاتێکدا ئەم ناوەی لێنرا کە ژمارەی دانیشتوانی مۆریتانیا تەنها یەک ملیۆن کەس بوو، بەڵام ئێستا ژمارەی دانیشتوانەکەمان لە 3ملیۆن کەس زیاترە. لەدرێژەی قسەکانیدا خاتوو مەکفولە بۆ ڕۆژنامەی خەبات باسی ئەزموونی وڵاتەکەی لەچارەسەرکردنی کێشەی ئەو منداڵانە کە لەدەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری لەدایک دەبن کرد و گوتی: سااڵنە لە وڵاتانی عەرەبی بەهەزاران منداڵ لەدەرەوەی هاوسەرگیری لەدایک دەبن و پێویستە ئەو منداڵانە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت وەک قوربانی نەک وەک تاوانبار، بۆیە ئێمە لە مۆریتانیا هەر منداڵێکی لەو شێوەیە شەجەرەیەکی کۆمەاڵیەتی تایبەتی بۆ دەکەینەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی گەورەبێت و حکوومەت و ڕێکخراوە خێرخوازی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هاوکاری ئەم منداڵانە دەکەن بۆ ئەوەی ژیانێکی تەندروست بژین و هەست بەدابڕان لەکۆمەڵگە نەکەن.

لەبارەی داعش و ئەو تاوانانەی داعش بەرامبەر ئافرەتە ئێزیدیە کوردەکانی ئەنجامداوە خاتوو مەکفولە گوتی: شەرمەزارییەکی گەورە دەبێت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتیش بۆ وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکان ئەگەر لەم دۆسێیەدا ڕۆڵی ڕاشکاو و مرۆڤانەیان نەبێت. بەداخەوە ئەوەی تا ئێستا ئەبینم هێشتا هەڵوێستێکی ڕاشکاو و شایستە لەنێودەنە ئاینیەکانی وڵاتانی عەرەبی بەرامبەر ئەو تاوانانەی کە تیرۆرستانی داعش بەرامبەر کچ و ئافرەتە ئێزیدیەکان ئەنجامیانداوە بەدی ناکرێت.

ئاوارەکان بە ڕێژەی 30% ژمارەی دانیشتوانی هەرێمیان زیاد کردووە

هەرێمی کوردستان ساڵانە ملیارێک و 400 ملیۆن دۆلار لە ئاوارەکان خەرج دەکات



K24/

سەفین دزەیی، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، هەرێمی کوردستان ساڵانە ملیارێک و 400 ملیۆن دۆلار لە ئاوارەکان خەرج دەکات. لەمیانی بەشداریکردنی لە پانێلێکی چوارەمین کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان، کە لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، سەفین دزەیی ڕایگەیاند، ئاوارەکانی ڕێژەی 30%ی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانیان زیاد کردووە. دووپاتیشیکردەوە، بەشێکی زۆری خەرجیی ئاوارەکان لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بووە. جێی باسە دوێنێ چوارشەمە، 24ی نیسانی 2019 چوارەمین کۆنفرانسی لالش، لە هۆڵی سەعد عەبدوڵاڵ لە هەولێر دەستی بە کارەکانی کرد و ماوەی دوو ڕۆژ دەخایەنێت.

پەروین بوڵدان: لە تورکیا دادوەری تەنیا بۆ خاوەن هێزەکانە و بەشی ستەمدیدەکانیش هەر نادادپەروەرییە



هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، پەروین بوڵدان ڕایگەیاند: هێرشێکی گەلەکۆمەکی ڕێکخرا و بەرنامە بۆ داڕێژراو کرایە سەر بەڕێز کلێچدارئۆغلۆ. تاقیکردنەوەیەکی نوێی ڕووداوەکەی مادیاک ئەنجامدرا. بوڵدان لە ئەنجوومەنی گشتیی پەرلەمانی تورکیا کە بەبۆنەی 99مین ساڵیادی کردنەوەی پەرلەمان و 23ی نیسان جەژنی منداڵان و سەروەری نیشتمانیەوە بە ڕۆژهەڵاتی تایبەت کۆبوبوەوە، گوتارێکی پێشکەش کرد و، بە سڵاوکردن لە هاوسەرۆکەکانی پێشووی هەدەپە کە لە گرتوخانەن، سەاڵحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ و پەرلەمانتاران دەستی بە گوتارەکەی کرد.

بوڵدان باسی لەوە کرد کە لە وڵاتێکدا دەژین دادوەری تەنیا بۆ خاوەن هێزەکانە و بەشی ستەمدیدەکانیش هەر نادادپەروەرییە و، گوتی: لە کاتێکدا ئەوانە ئازادن کە داهاتووی ملیۆنان خوێندکاریان دزیوە بەاڵم دایکێکی ڕاهێنەر، مامۆستا ئایشە تەنیا لەبەرئەوەی گوتی 'با منداڵان نەمرن 'لە 23ی نیساندا لەگەڵ کۆڕپەکەیدا خرایە زیندانەوە. ئەوەیە دادپەروەری؟ دەستێک هێمای ڕەبیعە بکات و دەستەکەی دیکە هەوڵبدات ڕاستیی مردنی ڕەبیعە ناز بشارێتەوە، دەتوانێت باس لە چ دادپەروەرییەک بکات؟ کاتێ بەڕێز سەرکۆمار دەڵێت با 'یەکتر لە ئامێز بگرین 'لە هەمان کاتدا لە گەبزە و کزلتەپە دایکانی لەچک سپی کە عەودالی دادپەروەرین ڕووبەڕووی هێرشی کارمەندانی فەرمی بوونەوە و ڕاپێچکران. بوڵدان جارێکی دیکە دڵدانەوەی کلێچدارئۆغلۆ و بریکاری سەرۆکی فراکسیۆنی جەهەپە، لەقەنت گۆکی دایەوە و، گوتی: هێرشێکی گەلەکۆمەکی ڕێکخرا و بەرنامە بۆ داڕێژراو کرایە سەر بەڕێز کلێچدارئۆغلۆ. تاقیکردنەوەیەکی نوێی ڕووداوەکەی مادیاک ئەنجامدرا. لێدوانی بەرپرسانی فەرمی کە هەوڵی ئەوە دەدەن ئەو هێرشە ڕەشە وەک ئەوەی پرۆتێستۆیەکی ئاسایی بێت بە شەرعی نیشانی بدەن، هەڵوێستەکەیان ئەو خاڵە نیشاندەدات کە یاسا پشتگوێ خراوە.

بوڵدان ڕەخنەی لە بڕیارەکەی دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، پەروین بوڵدان ڕایگەیاند: هێرشێکی گەلەکۆمەکی ڕێکخرا و بەرنامە بۆ داڕێژراو کرایە سەر بەڕێز کلێچدارئۆغلۆ. تاقیکردنەوەیەکی نوێی ڕووداوەکەی مادیاک ئەنجامدرا. بوڵدان لە ئەنجوومەنی گشتیی پەرلەمانی تورکیا کە بەبۆنەی 99مین ساڵیادی کردنەوەی پەرلەمان و 23ی نیسان جەژنی منداڵان و سەروەری نیشتمانیەوە بە ڕۆژهەڵاتی تایبەت کۆبوبوەوە، گوتارێکی پێشکەش کرد و، بە سڵاوکردن لە هاوسەرۆکەکانی پێشووی هەدەپە کە لە گرتوخانەن، سەاڵحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ و پەرلەمانتاران دەستی بە گوتارەکەی کرد.

بوڵدان باسی لەوە کرد کە لە وڵاتێکدا دەژین دادوەری تەنیا بۆ خاوەن هێزەکانە و بەشی ستەمدیدەکانیش هەر نادادپەروەرییە و، گوتی: لە کاتێکدا ئەوانە ئازادن کە داهاتووی ملیۆنان خوێندکاریان دزیوە بەاڵم دایکێکی ڕاهێنەر، مامۆستا ئایشە تەنیا لەبەرئەوەی گوتی 'با منداڵان نەمرن 'لە 23ی نیساندا لەگەڵ کۆڕپەکەیدا خرایە زیندانەوە. ئەوەیە دادپەروەری؟ دەستێک هێمای ڕەبیعە بکات و دەستەکەی دیکە هەوڵبدات ڕاستیی مردنی ڕەبیعە ناز بشارێتەوە، دەتوانێت باس لە چ دادپەروەرییەک بکات؟ کاتێ بەڕێز سەرکۆمار دەڵێت با 'یەکتر لە ئامێز بگرین 'لە هەمان کاتدا لە گەبزە و کزلتەپە دایکانی لەچک سپی کە عەودالی دادپەروەرین ڕووبەڕووی هێرشی کارمەندانی فەرمی بوونەوە و ڕاپێچکران. بوڵدان جارێکی دیکە دڵدانەوەی کلێچدارئۆغلۆ و بریکاری سەرۆکی فراکسیۆنی جەهەپە، لەقەنت گۆکی دایەوە و، گوتی: هێرشێکی گەلەکۆمەکی ڕێکخرا و بەرنامە بۆ داڕێژراو کرایە سەر بەڕێز کلێچدارئۆغلۆ. تاقیکردنەوەیەکی نوێی ڕووداوەکەی مادیاک ئەنجامدرا. لێدوانی بەرپرسانی فەرمی کە هەوڵی ئەوە دەدەن ئەو هێرشە ڕەشە وەک ئەوەی پرۆتێستۆیەکی ئاسایی بێت بە شەرعی نیشانی بدەن، هەڵوێستەکەیان ئەو خاڵە نیشاندەدات کە یاسا پشتگوێ خراوە.

بوڵدان ڕەخنەی لە بڕیارەکەی دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردنەکان گرت بۆ پێنەدانی فەرمانی دەستبەکاربوونی ئەو کاندیدانەی سەرۆکایەتیی شارەوانییەکان کە لەهەڵبژاردنەکەدا سەرکەوتوون، بەهۆی ئەوەی کە پێشتر بە بڕیاری باری نائاسایی لەئەرکەکانیان دوورخراونەتەوە وگوتی: سەرۆکایەتیی شارەوانییەکانی ناوچەکانی باغالاری دیاربەکر، توشبا، چاڵدران، ئەردەمیتی وان، تێکمانی ئەرزوروم و داغپناری قەرس کە گەلەکەمان بەدەستیهێنابوو، بە کودەتای دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردن دەستیان بەسەرداگیرا. پێدانی مۆڵەتی کاندیدبوون بە کاندیدەکانمان و دواتر پێنەدانی فەرمانی دەستبەکاربوون، فێڵکردنە لە گەلەکەمان. دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردن ئەو شارەوانییانەی ئێمە بەدەستمان هێنابوو، ڕادەستی ئەوانەی کرد کە خاوەنی ئەو مافە نین. گەلەکەمان و مێژوو هەرگیز ئەم دژی و بێ شەرمییەی بیرناچێتەوە.

ناوبراو وەبیریهێنایەوە کە ماوەی 167 ڕۆژە پەرلەمانتاری هەدەپە لەیلا گوڤەن مانی لە خواردن گرتووە و گوتی: لەیلای هاوڕێمان بۆ ئەوە مانی گرتووە لە خۆڕاک تا کارە نایاساییەکان کۆتاییان بێت و ڕێگە لەبەردەم دیموکراسی و ئاشتیدا بکرێتەوە. لێرەوە جارێکی تر پەرلەمان و دەسەاڵت بۆ بیستنی دەنگی لەیلای هاوڕێمان بانگهێشت دەکەین کە ئێستا مەترسی لەسەر ژیانی هەیە، داوادەکەین هەنگاوی پێویست بنێن. بوڵدان گوتیشی: کۆتا قسەم ئەوەیە کە دەمەوێت بانگەواز لە سەرکۆمار و تەواوی پارتە سیاسییەکان بکەم، پێویستیی بەپەلەی وڵاتەکەمان دیموکراسی، ئاشتی، دادپەروەری و ئازادییە.

مەترسییەکانی داعش کۆتاییان نەهاتووە
ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست لەبەردەم داعشێکی نوێدا

خەبات: زانکۆ محەمەد

پەیمانگای ئەمەریکی بۆ توێژینەوە لە جەنگ لە ڕاپۆرتێکدا باس لەوە دەکات، مەترسییەکانی ڕێکخراوی داعش کۆتاییان نەهاتووە، بگرە دوای تێکشکانییان لە دوایین پێگەی خۆیان لە سووریا، هەڕەشەکانی ڕێکخراوەکە زیاتر بوونە. ڕاپۆرتی پەیمانگا ئەمەریکییەکە، پەاڵمارەکانی ئەمدواییەی ڕێکخراوەکە وەکو بەڵگە دەهێنێتەوە، کە لە چوار ناوچەی جیاوازی عێراق و سووریا ئەنجامیداوە.



سەرهەڵدانی گروپی تووندڕەو

لەماوەیەکی دیکە دوای چوار ساڵ لە شەڕ و کاولکاری، خەاڵفەتەکەی داعش کەوت، بەاڵم گروپێکی تەکفیری کە وەک داعش بەرهەمی ئەلقاعیدەیە، خەریکە لە باکووری سووریا ڕەگ دادەکوتێ و حوکمی زیاتر لە سێ ملیۆن کەس دەکات، چاوەڕێش دەکرێ هەڕەشەی دڕێژخایەن لەسەر باکووری سووریا و هەموو ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست دروست بکات. ئەو گروپە ئێستا دەستی بەسەر هەموو دامەزراوەکانی پارێزگاکەدا گرتووە، لەوانەش زانکۆی پارێزگای ئیدلب کە6000 خوێندکاری هەیە. ئەحمەد، خوێندکارێکی زانکۆی حەلەبی ئازاد، لەوبارەوە بە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی (ئینديپێندنت)ی بەریتانی ڕاگەیاندووە ئێمە لەناوجەرگەی تاقیکردنەوەکاندا بووین، کەچی ئەوان هاتن و دەستیان بەسەر زانکۆکەدا گرت. بەگوێرەی ڕۆژنامەکە، زانکۆکە دوو هەفتە لەمەوبەر لەاڵیەن ئیدارەی هەیئەی تەحریری شامەوە داخراوە.

نمونەیەکی زیندووی داعش

هەیئەی تەحریری شام وەکو داعش خەون بە دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر بنەمای شەریعەوە دەبینێ، هەردوو گروپەش وەچەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەن. داعش بە ماوەیەکی کورت لە نیسان 2014 هەتا2015 دەستی بەسەر ناوچەیەکی زۆر لە سووریا و عێراقدا گرت و لە ماوەی سێ ساڵیشدا زۆرینەی ناوچەکانی لەدەست دا. بەاڵم هەیئەی تەحریری شام کە پێنج ساڵە بە ناوی جیاوازەوە دڕێژە بە خۆی دەدات، پراگماتیکیتر مامەڵە لە دۆخەکەدا دەکات. ئەو گروپە لەکاتی پێویستدا لەگەڵ گروپەکانی دیکە سازاوە و لە هەموشی گرنگتر وازی لە تموحە نێودەوڵەتییەکانی قاعیدە هێناوە. نیکۆاڵس هێراس، لێکۆڵەر لە ناوەندی ئاسایشی نوێی ئەمەریکا، سەرەتای ئەمساڵەوە، هەیئەی تەحریری شام کە ئێستاش لای زۆر خەڵک هەر بە بەرەی نوسرە ناوزەد دەکرێ، گروپەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستانی سووریا و هەموو ڕۆژهەاڵتی سونەی سووریای لە پارێزگای ئیدلب دەرکرد. ئەو گروپە ئێستا دەستی بەسەر هەموو دامەزراوەکانی پارێزگاکەدا گرتووە، لەوانەش زانکۆی پارێزگای ئیدلب کە6000 خوێندکاری هەیە. ئەحمەد، خوێندکارێکی زانکۆی حەلەبی ئازاد، لەوبارەوە بە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی (ئینديپێندنت)ی بەریتانی ڕاگەیاندووە ئێمە لەناو جەرگەی تاقیکردنەوەکاندا بووین، کەچی ئەوان هاتن و دەستیان بەسەر زانکۆکەدا گرت. بەگوێرەی ڕۆژنامەکە، زانکۆکە دوو هەفتە لەمەوبەر لەاڵیەن ئیدارەی هەیئەی تەحریری شامەوە داخراوە.

گەورەترین حەشارگە

ساڵی 2017 بێرێت مەکگۆرک، نێردەی پێشووی سەرۆکی ئەمەریکا لە هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی دژی داعش، ڕایگەیاند ئیدلب گەورەترین حەشارگەیە، قاعیدە لە دوای هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەرەوە دەستیکەوتبێ. هەیئەی تەحریری شام لە 2017 دامەزراوە، لەاڵیەن دەستەی پێشووی سەرکردایەتیی بەرەی نوسرەی تونديڕەو ئاراستە دەکرێ، کە لە ساڵی 2012 بە دەستپێشخەری دەوڵەتی ئیسلامی عێراق بۆ بەشداریی لە شەڕی دژی ڕژێمی ئەسەد پێکهێنرا. نوسرە هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە خۆی وەکو یەکێک لە بەهێزترین گروپەکانی بەشدار لە شەڕی نێوخۆی سووریا پیشاندا، هەر ئەمەش وایکرد خەڵکێکی زۆری سوننەی سووریای ڕوو لە ڕیزەکانی ئەو هێزە بکەن.

داعشێکی نوێ

دوای چوار ساڵ لە شەڕ و کاولکاری، خەاڵفەتەکەی داعش کەوت، بەاڵم گروپێکی تەکفیری کە وەک داعش بەرهەمی ئەلقاعیدەیە، خەریکە لە باکووری سووریا ڕەگ دادەکوتێ و حوکمی زیاتر لە سێ ملیۆن کەس دەکات، چاوەڕێش دەکرێ هەڕەشەی دڕێژخایەن لەسەر باکووری سووریا و هەموو ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست دروست بکات. لە ناوچەکانی ژێر دەستی لە ڕۆژهەاڵتی سووریا، بەاڵم هێشتا لە بادیەی ئەو وڵاتە تا دەوروبەری ڕۆژهەاڵتی حومس تا دەگاتە نزیک سنووری عێراق ماون.

کردەوە تیرۆریستییەکانی داعش

بە گوێرەی توێژینەوەکە، ئێستا کردەوە تیرۆریستییەکانی ڕێکخراوەکە، خۆی لە ڕفاندنی هاوواڵتیان، دانانەوەی بۆمبی چێنراو و بە ئامانجگرتنی کاروانی سەربازی هێزەکانی سەر گۆڕەپانی سووریا و عێراق دەبینێتەوە. توێژینەوەکە ئەوەشی ئاشکرا کردووە، لە ماوەی مانگی ڕابردوودا، ئەو خێزانانەی داعش خۆیان ڕادەستی هێزەکان کردووە لە سووریا، لەناو کامپەکان ئاژاوەیان ناوەتەوە، هەندێکیان هەاڵتوون و ژمارەیەک پاسەوانی کامپەکانیش کوژراون، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لەناو کامپەکان خەریکن چەکدار بۆ ڕێکخراوەکە دەکات ئامانجە بۆ ئەوە دەکات کە ستراتیژی هەیئە ئەوە بووە ڕێگە بە گروپەکانی دیکە بدات لە ناوچەکە هەبن، بەاڵم وەک گروپە مافیا بەهێزەکانیش توانای ئەوەی بۆ خۆی هێشتووەتەوە کە بەشێوەیەکی یەکجار بەهێز لە هەموو ئەو گروپە ناڕازیبانە بدات کە سەر دەردەهێنن. جیا لەمە ئەو گروپە دەستی بەسەر هەموو خاڵە سنووریەکان و شارڕێگاکانی پارێزگاکەدا گرتووە. ئەمەش لە پاڵ هێزە چەکدارییەکەی فاکتەرێکی دیکەیە بۆ ئەو هەیئە قسەکەری یەکەم بێ لەسەر چارەنووسی پارێزگای ئیدلب.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/4/25 ژمارە (5737)

ئەمەریکا بەڵگەی نوێ لەسەر ئێران بڵاودەکاتەوە هۆشداری تووند بە حکوومەتی عێراق دەدرێت



خەبات/زانکۆ محەمەد:
چەند رۆژێک دوای ئەوەی، کە پۆختەی راپۆرتی سالانەی ئەمەریکا لە بارەی رادەی پابەندبوونی ولاتان بە ریککەوتن و بەڵێنە ئەتۆمییەکان بڵاو بووەوە، ژمارەیەک لە ئاژانسەکانی هەواڵ تاوتوێی ئەم راپۆرتەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا و بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانیان کردووە. پێگەی ئەلمانیتور ڕایگەیاندووە، ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەستی ئەم ولاتە کراوەتر دەکات تاکو لە پەیوەندی پابەند نەبوونی ئێران بە بەڵێنییە ئەتۆمییەکانی، گوشاری زیاتر بخاتە سەر تاران و بیەوێ لە رابردوو زیاتر سزای ئێران بدات. لە بەشێک لە راپۆرتی پەیوەست بە ئێران، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە، تاران بە نەپێنی پەرەی بە بەرنامە ئەتۆمییەکانی داوە و ئەمەشی بە هەوڵی نوێی ڕژێمی ئێران بۆ پێشێلکردنی بەڵێنەکانی. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بانگەشەی ئەوە دەکرێت جێگری سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، باراک ئۆباما، جۆ بایدن بڕیاریداوە بەمەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی 2020دا لە رکابەرییەکاندا بەشداری بکات و ڕۆژی پێنج شەممە بەربژێریی خۆی بۆ کاندیدبوون ئاشکرادەکات.
بەپێی ئەو لێدوانانەی کەسانی نزیکی جۆ بایدن بۆ میدیای وڵاتەکەیان داویانە، ناوبراو بەمەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان سەرجەم ئامادەکارییەکانی تەواوکردووە.
ئامارژە بەوەش دەکرێت بایدنی تەمەن 76 ساڵ کە ماوەیەکی دوور و درێژە چاوەڕوانی بڕیاری بەشداریکردن یان بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنەکاندا دەکرێت، ڕۆژی پێنج شەممە لە ڕێگەی تۆمارێکی ڤیدیۆییەوە بەربژێریی خۆی بۆ کاندیدبوون لەسەر لیستی پارتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا رایگەیاندووە، ئەم ڕاپۆرتە دوای هەڵسەنگاندنێکی تەواوی زانیارییەکان بڵاو بۆتەوە.

هۆشداری بۆ عێراق

سەبارەت بە پابەندبوونی حکوومەتی عێراق بەو سزایانەی کە ئەمەریکا بەسەر ئێراندا دەیسەپێنێت، هەڵسوڕێنەری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق هۆشداریدەداتە بەغدا کە خۆبان بەدوربگرن لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئێران سەرەڕای سزاکانی سەر تاران. جۆی هود، هەڵسوڕێنەری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەعێراق هۆشداری دایە بەرپرسانی حکوومەتی عێراق و گوتی، ئێران فشاردەخاتە سەر عێراق بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا سەرەڕای سزاکانی سەر تاران، کە بەوتەی جۆی هود، لە حاڵەتی پابەندنەبوونی عێراق بەسزاکانی سەر تاران کە لەلایەن ئەمەریکاوە دراون، واشنتۆن ڕێکاری خۆی بەرامبەر عێراق دەگرێتە بەر. بەوتەی هەڵسوڕێنەری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەعێراق، واشنتۆن مۆڵەتێکی کورتخایەنی داوەتە بەغدا بۆ مامەڵەی وزە لەگەڵ تاران، بەڵام دەبێت عێراق لە ماوەیەکی کورتدا پشت بە شێوازی دیکەی بەدەستهێنانی وزە ببەستێت. لەبارەی ئەو ڕێکار و سزایانەی ئەمەریکا لەحاڵەتی پابەندنەبوونی حکوومەتی عێراقدا دەیسەپێنێت جۆی هود گوتی: سزا و ڕێکاری دیبلۆماتی دیارترین هەڵوێستی واشنتۆن دەبێت بەرامبەر عێراق.

دوای ئەوەی ژمارەیەک سەرکردەی کۆمەڵی ئیسلامی لە هەولێر دەستیان لەکارکێشایەوە

گرووپێکی دیکەی بەرپرسانی مەڵبەندی 11ی دەوروبەری هەولێر وازیان لە کۆمەڵ هێنا



پاش وازهێنانی ژمارەیەک سەرکردە و بەرپرسانی مەڵبەندی هەولێری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، گرووپێکی دیکەی بەرپرسانی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان لە چوارچێوەی مەڵبەندی 11ی دەوروبەری هەولێر، دەستیان لەکار کێشاوەتەوە. بەپێی ڕاگەیاندراوێک کە بۆ ڕای گشتی بڵاو کراوەتەوە، هەریەک لە هێمن ڕەسوول، کارگێڕی مەڵبەندی 11 عەبدولقادر ئیبراهیم، ڕەفعەت ڕەئووف و بروسک عوسمان، ئەندامانی مەڵبەندی هەولێری کۆمەڵ، دەستیان لەکار کێشاوەتەوە.
هاوکات ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە پاش ئەوەی چەندین هەوڵ و پێشنیازیان ڕەتکرایەوە، لەلایەن بااڵی دەستڕۆیشتووی ئەنجومەنی بانگەواز و بەڕێوەبردن بۆ چاککردنی کێشە و گرفتە سەپێندراوەکانی سەر هەردوو مەڵبەندی 3ی هەولێر و 11ی هەولێری کۆمەڵی ئیسلامی، ئاوان بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەیان داوە. هەر لە ڕاگەیاندراوەکەدا ئەو بەرپرسانەی کۆمەڵ، پشتیوانیی خۆیان بۆ ئەو سێ ئەندامەی سەرکردایەتیی حزبەکەیان دەربڕیوە کە پێشتر دەستیان لەکار کێشاوەتەوە و ڕایانگەیاندووە: "پشتگیری لە هەر سێ سەرکردایەتییە دەست لەکارکێشاوەکان دەکەین بۆ هەر پرۆژەیەکی سیاسیی سەربەخۆ کە خزمەتی ڕابوونی ئیسلامی بکات.

ژمارەیان 73 گۆڕی بەکۆمەڵە شنگال... تا ئێستا 10 گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵدراونەتەوە



بەڕێوەبەری دۆزینەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی شنگال دەڵێت، هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی شنگال بە هەماهەنگی لە نێوان حکوومەتی هەرێم و بەغدا و بە چاودێریی لایەنی نێودەوڵەتی بەردەوامە و تاوەکو ئێستاش 10 گۆڕ هەڵدراونەتەوە. نەقیب فەلاح، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە، بە هەماهەنگی لە نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق، هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی شنگال دەستیپێکردووە و تاوەکو ئێستاش 10 گۆڕ هەڵدراونەتەوە و بەردەوامیش دەبن تاوەکو سەرجەم گۆڕەکان هەڵدەدەنەوە، کە ژمارەیان73 گۆڕی بەکۆمەڵە.
بەڕێوەبەری دۆزینەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی شنگال گوتیشی: ئێوارەی دووشەمە لە گوندی کۆچۆ لە کاتی هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ، تەقە لە تیمی هەڵدانەوەی گۆڕەکان کراوە، بەاڵم هیچ زیانێکی نەبووە و ناشزانرێت تەقەکەرەکان کێ بوون و لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە دەستی پێکردووە. فەلاح باسی لەوەش کرد، لە هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا لایەنی نێودەوڵەتییش چاودێری دەکات و بەردەوامیش دەبن تاوەکو سەرجەم گۆڕەبەکۆمەڵەکان هەڵدەدرێنەوە، بەاڵم ئەوانەی هەڵدراونەتەوە تا ئێستا نازانن ژمارەی ڕوفاتەکانیان چەندە و پێویستە ژمارەنیان بۆ بکەن و ئەمەش لە کۆتاییدا دەکرێت.

پێشتر داوای دابەشکردنی عێراقی کردبوو جۆ بایدن لە رکابەرییەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا بەشداریی دەکات



بانگەشەی ئەوە دەکرێت جێگری سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، باراک ئۆباما، جۆ بایدن بڕیاریداوە بەمەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی 2020دا لە رکابەرییەکاندا بەشداریی بکات و ڕۆژی پێنج شەممە بەربژێریی خۆی بۆ کاندیدبوون ئاشکرادەکات.
بەپێی ئەو لێدوانانەی کەسانی نزیکی جۆ بایدن بۆ میدیای وڵاتەکەیان داویانە، ناوبراو بەمەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان سەرجەم ئامادەکارییەکانی تەواوکردووە.
ئامارژە بەوەش دەکرێت بایدنی تەمەن 76 ساڵ کە ماوەیەکی دوور و درێژە چاوەڕوانی بڕیاری بەشداریکردن یان بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنەکاندا دەکرێت، ڕۆژی پێنج شەممە لە ڕێگەی تۆمارێکی ڤیدیۆییەوە بەربژێریی خۆی بۆ کاندیدبوون لەسەر لیستی پارتی دیموکراتەکان، ئاشکرادەکات.
هەروەها باس لەوەش دەکرێت تەوەری سەرەکی هەڵمەتی بانگەشەکەی بایدن بریتی دەبێت لەوەی کە "بەسەر کاندیدی کۆماریخوازەکان، سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپدا سەردەکەوێت و تاکە کاندیدی پارتی دیموکراتەکانە کە دەتوانێت کۆدەنگیی لە نێو هەموو پارتەکە سەبارەت بە خۆی دروستبکات".
جێی باسە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا کە بڕیارە ڕۆژی 3ی تشرینی دووەمی 2020 بەڕێوەبچێت، زیاتر لە 20 کەسایەتی رکابەریی لەسەر کاندیدبوون لە هەڵبژاردنەکاندا لەسەر لیستی دیموکراتەکان دەکەن، لە کاتێکدا چاوەڕوان دەکرێت سەرۆکی ئێستای ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەیی کاندیدی کۆماریخوازەکان بێت.

وەزیری نەوتی ئێران:
دابەزاندنی نەوتی ئێران بۆ سفر خەیاڵە



وەزیری نەوتی ئێران، بیژەن نامدار زەنگەنە ڕایگەیاند، بیرکردنەوەی ئەمەریکا بۆ کەمکردنەوەی ئاستی هەناردەی نەوتی ئێران بۆ سفر، خەیاڵە.
بیژەن نامدار زەنگەنە کە بەمەبەستی وەاڵمدانەوەی پرسیاری پەرلەمانتاران سەردانی پەرلەمانی کرد و لە دانیشتنێکدا بەشداربوو، ڕوونکردنەوەی سەبارەت بە کۆتاییهێنان بە ماوەی بەخشینی وڵاتان لە سزاکانی سەر ئێران لەلایەن ئەمەریکاوە، دا. زەنگەنە باسی لەوەکرد داواکاریی و خستنەڕوو لە بازاڕی نەوتدا لە دۆخێکی دەڵەمەییدایە و ڕوونکردنەوەی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی لە ناوچەکە نیشاندەری نیگەرانییانە لە کاردانەوەی بازاڕ و نرخەکانی نەوت بەهۆی ئەو هەواڵەی کە بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو لە ڕووباری دیجلە و بەردانەوەی ئاوی بەنداوەکە، داوا لە دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری ڕووبارەکە دەکەین هەرچی زووە ماڵەکانیان جێبهێڵن ڕوو بکەنە ناوچە ئارامەکان بۆ ئەوەی ژیانیان نەکەون.
بەڕێوەبەرایەتی بەنداوی مووسڵ ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەداوە کە ئاستی ئاو لە دەریاچەی بەنداوی مووسڵ و ڕووباری دیجلە بەرزبووەتەوە، بۆیە لەبەر پاراستنی بەنداوی مووسڵ، ئاوی بەنداوەکەیان بەرداوەتەوە. هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لەگەڵ بەردانەوەی ئاوی بەنداوی مووسڵ، بەڕێوەبەرایەتی بەنداوەکە داوا لە دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری ڕووباری دیجلە کردووە کە هەرچی زووە ماڵەکانیان جێبهێڵن ڕوو بکەنە ناوچە ئارامەکان بۆ ئەوەی ژیانیان نەکەون.
دجێی باسە ڕۆژی سێشەممەش شانەی ڕووبەڕووبونەوەی لافاوەکان لە نەینەوا ڕایگەیاندبوو کە عەمبارکردنی ئاو لە بەنداوی مووسڵ زیادی کردووە و گەیشتووەتە نۆ ملیار و 35 ملیۆن مەترسێجا.

مووسڵ.. هۆشداری دەدرێتە دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری ڕووباری دیجلە

بەڕێوەبەرایەتی بەنداوی مووسڵ لە سنووری پارێزگای نەینەوا ڕایگەیاند کە بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو لە ڕووباری دیجلە و بەردانەوەی ئاوی بەنداوەکە، داوا لە دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری ڕووبارەکە دەکەین هەرچی زووە مااڵنیان جێبهێڵن ڕوو بکەنە ناوچە ئارامەکان بۆ ئەوەی ژیانیان نەکەون.
بەڕێوەبەرایەتی بەنداوی مووسڵ ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەداوە کە ئاستی ئاو لە دەریاچەی بەنداوی مووسڵ و ڕووباری دیجلە بەرزبووەتەوە، بۆیە لەبەر پاراستنی بەنداوی مووسڵ، ئاوی بەنداوەکەیان بەردراوەتەوە. هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لەگەڵ بەردانەوەی ئاوی بەنداوی مووسڵ، بەڕێوەبەرایەتی بەنداوەکە داوا لە دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری ڕووباری دیجلە کردووە کە هەرچی زووە مااڵنیان جێبهێڵن ڕوو بکەنە ناوچە ئارامەکان بۆ ئەوەی ژیانیان نەکەون.
دجێی باسە ڕۆژی سێشەممەش شانەی ڕووبەڕووبونەوەی لافاوەکان لە نەینەوا ڕایگەیاندبوو کە عەمبارکردنی ئاو لە بەنداوی مووسڵ زیادی کردووە و گەیشتووەتە نۆ ملیار و 35 ملیۆن مەترسێجا.

سعوودیە.. 13 کەس بە تۆمەتی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی دەستگیر کران

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی SPAی سعوودی، لە دوای ئەو هێرشەی بۆ سەر ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئەلزوفی لە شاری ریاز، لێکۆڵینەوە دەستیپێکرد و لەم چوارچێوەیەشدا 13 کەس دەستگیر کران کە لە ئامادەکاری ئەنجامدانی چاالکی تیرۆریستیدا بوون. هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئامارژە بەوە کراوە کە بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان ئەوانەی هێرشەکەی دووشەممەیان ئەنجامداوە سەرجەمیان هاوواڵتی سعوودی بوون و ئەندامی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بوون. ڕاشکەیەندرا کە لە شوێنی مانەوەی ئەو کەسانە لە شاری ئەلزوفی دەستگیراوە بەسەر بڕێک تەقەمەنی. جێی باسە ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو هێرشکرایە سەر ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئەلزوفی لە شاری ریاز و چوار هێرشبەرەکە کوژران و سێ کارمەندی ئەمنیش برینداربوون. دواتریش ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بەرپرسیارێتی هێرشەکەی گرتەئەستۆ.

چوار ملیۆن و 800 هەزار دۆلاری تێچووە

نەخۆشخانەی پێشمەرگە ڕادەستی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرا

سەر لەبەیانی دوێنێ 2019/4/24 بە ئامادەبوونی سەربەست لەزگین بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە و شێخ جەعفەر شێخ مستەفا فەرماندەی یەکەی 70 و نەجات عەلی فەرماندەی یەکەی 80 و دلشاد بارزانی نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەڵمانیا، جەبار یاوەر ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە و جەمال محەمەد سەرۆکی دەستەی ئەرکان و بەرپرسانی سەربازی بالای یەکەکانی 70 و 80 و کۆڵۆنێل ڤۆن فریچن سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەڵمانیا لەئەردەن و کۆڵۆنێل شنایدەر فەرماندەی بالای هێزەکانی ئەڵمانیا لە هەولێر. مەراسیمی ڕادەستکردنی نەخۆشخانەی پێشمەرگە کە لەلایەن هێزەکانی ئەڵمانیا لە هەولێر دروستکراوە بە وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم بەڕێوەچوو. دەستپێکی ڕێورەسمەکە بەبەرزکردنەوەی ئاڵا و سرودی نیشتیمانی کوردستان و عێراق و ئەڵمانیا دەستی پێکرد.



بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە: سوپاسی حکوومەتی ئەڵمانیای دەکەین بۆ هاوکاریی بەردەوامیان بۆ پێشمەرگە

دواتر سەربەست لەزگین بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە وتاری کەریم سنجاری وەزیری پێشمەرگە بە وەکالەتی پێشکەش کرد. لە وتارەکەدا خۆشحالی خۆیانی دەربڕی بۆ ئامادەبوونیان لە کردنەوەی یەکێک لە پڕۆژە هەر گرنگەکان بۆ پێشمەرگە کە بەهەماهەنگی و هاوکاری تەکنیکی و دارایی حکومەتی ئەڵمانیا دروستکراوە، بەناوی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگەوە سوپاسی گەل و حکوومەتی ئەڵمانیای کرد لە پاڵپشتی و هاوکاری بەردەوامیان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا.

لەبەشێکی دیکەی وتارەکەیدا، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە ڕۆڵی ولاتی ئەڵمانیای بەگرنگ و کاریگەر وەسف کرد، لەڕووی لۆجیستی و پێدانی مەشق و ڕاوێژ وەک: دابینکردنی چەک و زەخیرە و کەل و پەلی سەربازی، کە بووە هۆی گۆڕینی بەڵانسی هێز لەبەرژەوەندی هێزەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، هەروەها لەسەرکردایەتی کردنی سەنتەری هەماهەنگی و مەشقی کوردستان KTCC کردنەوەی خولی بەردەوام و پێدانی ڕاوێژی سەربازی بە هێزەکانی پێشمەرگە ڕۆڵی گەورەیان هەبووە.

هەر لە وتارەکەیدا لەبارەی نەخۆشخانەی پێشمەرگە سوپاسی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگەی بە حکومەتی ئەڵمانیا و هێزەکانی ئەڵمانیا گەیاند. وتیشی لێرەدا بەدەرفەتی دەزانم داوا لەولاتانی تری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بکەم ئەوانیش هاوکاری تەکنیکی و دارایی پێشکەش بکەن بۆ تەواوکردنی بەشەکانی تری نەخۆشخانەی پێشمەرگە لەماوەیەکی نزیکدا داواشی کرد لەهاوکاری تەکنیکی بۆ جێبەجێکردنی پلانی چاکسازی وەزارەتی پێشمەرگە بەردەوام بن.



کۆڵۆنێل شنایدەر: دروستکردنی ئەم نەخۆشخانەیە لە ئەنجامی قوربانییەکانی پێشمەرگەیە دژی داعش

دواتر کۆڵۆنێل شنایدەر فەرماندەی هێزەکانی ئەڵمانیا لەهەولێر وتەیەکی پێشکەش کرد و تێیدا هەوڵ و هەنگاوەکانی حکومەتی ئەڵمانیا و ولاتانی هاوپەیمانی جەنگی دژ بە داعشی ڕوونکردەوەو ئاماژەی بەوەش کرد بە لەماوەی ڕابردوودا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی پێشمەرگە توانرا ڕووبەڕووی دڕندەیی تیرۆریستان لەناوچەکە ببینەوە.

لەبەشێکی تری وتەکەیدا فەرماندەی هێزەکانی ئەڵمانیا، پێویستی هەبوونی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەپێشمەرگەی لە هەرێم ڕووبەڕووبونەوە، ئەمەش لە ئەنجامی قوربانیدانی هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی تیرۆریستان بووە بۆ ئەوەی بڕیندارانی پێشمەرگە بەشێوەیەکی سەردەمیانە چارەسەری تەواوەتی لەم نەخۆشخانەیە وەرگرن.

گوتیشی: ئەم نەخۆشخانەیە لەسەر بودجەی تایبەتی حکومەتی ئەڵمانیا دروستکراوەو بەخۆشحاڵییەوە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی یەکجارەکی ڕادەستی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەکەین و بەدڵنیاییەوە لەهەماهەنگی و پەیوەندیاندا بەردەوام دەبین.

نەخۆشخانەی پێشمەرگە دەکەوێتە ڕێگای سەرەکی بەحرکە لە نزیک هەولێر، لەسەر ئەرکی حکوومەتی ئەڵمانیا بەگوژمەی چوار ملیۆن و 800 هەزار دۆلار دروست کراوە.

نەهجی سەرۆک بارزانی و پارتیش هەموو کات کارکردن بووە بۆ پاراستنی ماف و ئازادیی پێکهاتەکان



بەمەبەستی پیرۆزبایی لە ساڵیادی بەرەی تورکمانی، دوێنێ شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوون لە عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی دیسکی پارتی تورکمانیەکان و ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندییەکان، سەردانی بارەگای بەرەی تورکمانی عێراقی لە هەولێر کردو لەلایەن ئایدن مەعروف ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی بەرەی تورکمانی لە هەرێمی کوردستان و ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوازی کرا. لە دیدارێکدا عەلی حسێن بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان، پیرۆزبایی 24مین ساڵیادی دامەزراندنی بەرەی تورکمانی ئاراستەی سەرۆکی بەرەکەو پارت و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و سەرجەم کادیرو ئەندامانی کرد، هاوکات تەئکیدی کردەوە ئەم یادە هاندەرێک بێت بۆ زیاتر قوڵبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و پاراستنی یەکپزی و پتەوترکردنی گیانی برایەتی و پێکەوەژیانی لە مێژینەی کوردو تورکمان و تەواوی ئەندامانی سەرکردایەتی پێکهاتەکان و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لە پێناو خزمەتکردن بە ئەزموونی دیموکراسی و خەڵکی کوردستان، هەروەها بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسیەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و شاری کەرکوک و دواییں هەنگاوەکان بۆ پێکهێنانی پرسی حکومەتی کوردستان باسی لێوە کرا، هەر لەم دیدارەدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی تەئکیدی کردەوە ستراتیژییەت و نەهجی سەرۆک بارزانی و پارتیش لە هەموو کات و قۆناغێکدا کارکردن بووە بۆ پاراستنی ماف و ئازادی و بەرژەوەندی تەواوی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان ئەمەش بەکردەوە بۆ هەموو پێکهاتەکات تایبەت بۆ برا تورکمانەکان سەلێنراوە، هەرلەم دیدارەدا ئایدن مەعروف پاڵپشتی و هەماهەنگی خۆیان بۆ هەرچی زووە پێکهێنانی حکوومەتی کوردستان و پاراستنی ئەم ئەزمونە دیموکراسیە لەپێناو بەشداری کاراو ئەکتیڤبوونی ڕۆڵی پێکهاتەی تورکمان و هەماهەنگییەکان بۆ زیاتر خزمەتکردنی خەڵک و بژێوی ژیانی خەڵکی کوردستان بە گشتی دووپاتکردەوە.

بەرپرسی لقی 16: مامۆستایانی ئاینی ڕۆڵی گرنگیان لە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا بینیوە



بەمەبەستی گوێگرتن لە کێشەو گیروگرفت و پێداویستی و داواکاریەکانیانی مامۆستایانی ئاینی، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئاماژەیان بە سنووردانی ئاینی ئیسلامی کوردستان و ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگاو ڕێکخستنی ژیانی میللەتەکەمان بەرزنرخاند کە هەمیشە لەڕێگەی وتارەکانیانەوە پێشەوایەتی کۆمەڵگای کوردستانیان کردووە بۆ فەرمان بەکاری خێرو چاکەو دوور کەوتنەوە لە کاری خراپ و ئامادەیی لقی 16ی هەولێری دەربڕی بۆ هەموو هاوکاری و پشتیوانییەک کە بێت هۆی چارەسەرکردنی گیروگرفت و پێداویستیەکانی مامۆستایانی ئاینی.

لژنەیا دەسپاکیێ: ئەوێن بازرگانیێ ب ساخلەمیا خەلکێ دکەن دێ بهێن سزادان

ل سالێن بۆری چەندین حالەتێن چاڤەرێ نەکری ڕووداون. هژمارەکا هاوولاتیا ئەندامێن لەشێ خوە ژ دەستدان ژ ئەگەرێ شاشییێن نۆژداری و دەرمانا، لەورا مە هزر ل دانا سزایەکێ نوو کریە بۆ وان کەسێن سەرپێچیا ساخلەمییێ دکەن لسەر ژیانا هاوولاتی.

روبینا تیاری، بریارەدرا لژنەیا دەستپاکییێ و کارو بارێ پەرلەمانی و سکالایا ل پەرلەمانێ کوردستانێ ?بۆ باسنیوز ڕاگەهاند: ئەم ییّ کار لسەر وێ چەندێ دکەین کۆ ئەو کێماسییێن ل کەرتێ ساخلەمییێ دا هەی تایبەت بوارێ دەرمانا ب پروژەکێ نوو ب ڕەنگەکێ زانستی ل دووف قانونێ بهێتە دارشتنڤە کو د بەرژەوەندیا گشتی دابیت. گۆتژی: کەرتێ ساخلەمییێ ژی مینا کەرتێن دی کێماسی هەنە تایبەت بوارێ کوالیتی و بهایێ دەرمانا گەلەک گازندە دهێنە کرن، مە لسەر وێ چەندێ کار کریە کو بتنێ مۆلەت ب وان کۆمپانیا بهێتە دان ئەوێن باوەرپێکری ژ لایێ وەزارەتا ساخلەمیا حکومەتا کوردستانێ ڤە، و ڕێکخستن ل وەکهەکرنا بهایێ دەرمانا و ژ خالێن سەرەکی ییّن کارێ مەنە، بۆ وێ چەندێ هەر کەس ب کەیفا خوە دەرمانا نەکریت و بفرۆشیت دێ سزایەکێ دانیێن بۆ وان کەسێن بازرگانیێ ب ساخلەمیا هاوولاتیا دکەن.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر: نرخی بەنزین لە نێوان 450 بۆ 500 دینار جێگیر دەکرێت

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند، نرخی بەنزین بۆ 450 دینار دادەبەزێت، هەروەها نەوت بەسەر هاوولاتیاندا دابەش دەکرێت و چارەنووسی خاوەن خانووەکانی گوندی کۆری یەکلا دەبێتەوە و زەویەیان بەسەردا دابەش دەکرێت. عەلی ڕەشید، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، پڕۆژەی گوندی کۆری هەزار خانووی بەکۆتا گەیشتووە و بەسەر هاوولاتیاندا دابەش دەکرێت، ئەو چوار هەزار کەسەی کە دەمێنێتەوە یاداشت و پێشنیازیان داوەتە پارێزگای هەولێر بۆ ئەوەی چارەنووسی ئەوانیش ڕوون بێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش داوایان کردووە ئەو بڕەپارەیەی داویانە بۆ پڕۆژەکە، بگەڕێندرێتەوە و لە بەرامبەردا چاوەڕوانیی زۆربان هەیە پارچەزەویان لە سنووری شارەوانی هەولێر پێ بدرێت، ئێستاش لیژنەیەک لە ئەنجوومەنی وەزیران پێک هاتووە و کار لەسەر ئەم پرسە دەکەن.

عەلی ڕەشید گوتیشی: بە هۆی گۆڕانی کەشوهەوای ناوچەکە و هەرێمی کوردستان، خواستی هاوولاتیان لەسەر نەوت زۆرە، بۆیە جارێکی تر لە ڕێگای لیژنە پەیوەندیدارەکان لە کۆگای نەوتی هەولێر دەست بە دابەشکردنی نەوتی سپی دەکەن بەسەر هاوولاتیاندا، کە بەپێی ڕێبەندیی بنکەی بەشەخۆراک و ناوچە بێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش داوایان کردووە ئەو بڕەپارەیەی داویانە بۆ پڕۆژەکە، بگەڕێندرێتەوە و لە بەرامبەردا چاوەڕوانیی زۆربان هەیە پارچەزەویان لە سنووری شارەوانی هەولێر پێ بدرێت، ئێستاش لیژنەیەک لە ئەنجوومەنی وەزیران پێک هاتووە و کار لەسەر ئەم پرسە دەکەن.


عەلی ڕەشید گوتیشی: بە هۆی گۆڕانی کەشوهەوای ناوچەکە و هەرێمی کوردستان، خواستی هاوولاتیان لەسەر نەوت زۆرە، بۆیە جارێکی تر لە ڕێگای لیژنە پەیوەندیدارەکان لە کۆگای نەوتی هەولێر دەست بە دابەشکردنی نەوتی سپی دەکەن بەسەر هاوولاتیاندا، کە بەپێی ڕێبەندیی بنکەی بەشەخۆراک و ناوچە و شوێنە جیاوازەکان دەبێت.

ناوبراو ئاماژەی بەوەش کرد، لەڕێگای لیژنەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی پارێزگای هەولێر بۆ گرفتی گرانبوونی نرخی بەنزین لەسەر هێڵن لەگەڵ بەغدا، بۆ ئەوەی بەشەبەنزینی زیاتر لە بەنزینخانە حکوومییەکان بە هەرێم بدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەماهەنگیی باش هەیە لەگەڵ بەغدا و بڕیار وایە ڕێژەیەکی زیاتر بە بەنزینخانە حکوومییەکانی هەرێم بدرێت، ڕاستەوخۆش لەگەڵ ئەمەدا نرخی بەنزین دادەبەزێت لە بەنزینخانەکان هەرێم و نرخەکەی لە نێوان 450 دینار بۆ 500 دینار جێگیر دەکرێت.

دوێنێ 45 ساڵ بەسەر کارەسات و بۆردوومانی قەڵادزێدا تێپەڕی

بەرپرسی لقی 11: بارزانیی نەمر ئەو ڕۆژەی بە ڕۆژی ماتەمینیی گەلی کوردستان ناوزەد کرد

دوێنێ 45 ساڵ بەسەر کارەسات و بۆردوومانی شاری قەڵادزێدا تێپەڕی، کە لە 1974/4/24 فڕۆکە جەنگییەکانی حکوومەتی ئەوسای عێراق بۆردوومانی شارەکەیانیان کرد و لە ئەنجامی بۆمبارانەکە 163 هاوواڵاتی و 20 خوێندکاری زانکۆ شەهید بوون، ئەو ڕۆژەش بە ڕۆژی شەهیدانی زانکۆ، دیاری کرا.
دانیشتوانی قەڵادزێ دوای هەشت ساڵ لە ڕووداوی بۆردومانی شارەکەیان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، لە 24ی نیسانی 1982 بۆ یەکەمجار لەدژی حکوومەت ڕاپەڕین کە بە تونديی لەلایەن حکوومەتەوە سەرکوت کران.



قەڵادزێ یەکێکە لە شارۆچکەکانی سەر بە قەزای پشدەرە لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هاوسنورە لەگەڵ شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژمارەی دانیشتوانی 140.000 کەسە، لە ساڵی 1893 لەلایەن عوسمانییەکانەوە قەڵادزێ کراوە، بە قەزا بۆ جێبەجێکردنی دەسەڵاتی ناوەندی، بەڵام دواتر کراوەتەوە بە ناحیە.
ڕووبەری تەواوی سنووری قەزای پشدەر بە گشتی400 کیلۆمەتر دوو جا دەبێت و لەڕووی پۆلێنی جوگرافیاوە دەکەوێتە ناوچەی چیا بەرزەکان و بەرزایی لە دامێنی زێی بچووک دەگاتە 780 پێ و تا بەرەو باکوور بچین زیاد دەکات و دەگاتە 1800 پێ.
قەڵادزێ پێکهاتووە لە گەڕەکەکانی کارەبا، خانەقا، ئیمام قاسمە، ئاشتی، شەهیدان، ڕاپەڕین، هەنارۆک، گربداخ وفەرمانبەران سنووری قەزای پشدەر دەشتێکی بەرفراوانی هەیە و هەر چوار دەورەی بە زنجیرە چیا دەور دراوە، لە سنووری ڕۆژهەڵاتی قەڵادزێ بریتییە لە چیاکانی مامەندە، بڵفەت، دووپەزە، ملەبا لە بەشی ڕۆژئاواش چیای کێوەڕەش و لە بەشی باکووری زنجیرە چیای قەندیل و لەبەشی باشووریش زنجیرە چیای ئاسۆس و کۆرپس هەڵکەوتوون.
هیوا گەیلانی، بەرپرسی لقی 11ی پارتی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، ئەمڕۆ ساڵیادی بۆمبارانکردنی قەڵادزێ و لە هەمان کاتدا ساڵیادی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی شارەکەیە، ئەو پێی وایە گەورەترین کارەست بوو لەوکاتەدا، کە تێیدا شارێک و زانکۆ تاقانەکەی کوردستان خەڵتانی خوێن کران. ناوبراو دەشڵێت، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەهاتە دەنگ، ئەمەش بە هۆی بەرژەوەندیی وڵاتانی ئەوکات بوو بۆ عێراق، ناوبراو هۆکاری بۆردوومانکردنەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئەوکات قەڵادزێ ببووە مەکۆی شۆڕشی ئەیلوول و زانکۆ تاقانەکەی کوردستانیش گواسترابۆوە قەڵادزێ و کۆمەڵێک دامودەزگای شۆڕش ئەوکات لە شارەکە بوون.
گەیلانی پێی وایە، کارەساتەکە هێندە گەورە بوو، بووە جێگای بایەخی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان، هەروەها لەلایەن سەرۆک و باوکی ڕوحیی نەتەوەییمان بارزانیی نەمر ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی ماتەمینی گەلی کوردستان ناوزەد کرا.
دوێنێ بە ئامادەبوونی وەزیری شەهیدان و بریکاری وەزیری شەهیدان، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و عێراق، حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، کەسوکاری شەهیدان، یادەکە لە گۆڕستانی قەڵادزێ کرایەوە و تاجەگوڵینە لەسەر گۆڕی شەهیدەکان داندرا.
گەیلانی پەیامی بۆ حکوومەت و پەرلەمانی کوردستانە بۆ ئەوەی گرنگیی زیاتر بەو دەڤەرە بدەن، کە لە ئاستی خۆڕاگری و مێژووی پڕ سەروەریی ئەم دەڤەرە بێت، بە تایبەتی:

* بە نێودەوڵەتیکردنی مەرزی کێڵێ.
* تەواوکردنی دووسایدی نێوان ڕانیە و قەڵادزێ.
* تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت و شیاو بۆ ئاوەدانکردنەوەی زیاتری سنوورەکە.

هەروەها ناوبراو، داوا لە ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و کوتلە کوردییەکانی بەغدا دەکات، کە ئەوان لەوێ کار لەسەر ئەوە بکەن 4/24 بە جینۆساید بناسرێ و قەرەبووی دەڤەرەکە و زیانلێکەوتووان بکرێتەوە.



پارە بۆ جێبەجێکردنی 154 پڕۆژە تەرخانکراوە


وەزارەتی پلاندان ڕەزامەندیی دەربڕیوە بۆ جێبەجێکردنی154 پڕۆژە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانانی وەزارەتەکەش دەڵێ، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پارەی پێویستی بۆ پڕۆژەکان دابین کردووە. زانا عوزێری، بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئاشکرای کرد: پێشتر لیستی پڕۆژەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ڕەوانەی وەزارەتی پلاندانان کرابوو تا پەسەند بکرێن بۆ ئەوەی بکەونە واری جێبەجێکردنەوە. دوای پێداچوونەوە، وەزارەت ڕەزامەندیی لەسەر جێبەجێکردنی 154 پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوە نیشان داوە کە بڕیارەکە بکەونە واری جێبەجێکردنەوە. بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتیشی: پارەی پێویست بۆ هەر 154 پڕۆژەکە تەرخان کراوە و پڕۆژەکان بەسەر هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا دابەش کراون و هیچ ناوچەیەک پشتگوێ نەخراوە.

لۆگۆی پیرۆزبایی دەدرێتە ئەو ئەفسەرانەی پلەکانیان بەرز کراوەتەوە



بە چاودێری و ئامادەبوونی ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێش نیوەڕۆی دوێنێ، لێژنەی ناوچەی نیشتیمان هێزی ناوخۆ بە ئامادەبوونی کارگێڕانی لقی دوو، لە ڕێوڕەسمێکدا لۆگۆی پیرۆزبایی بەو ئەفسەرانەی سەر بە ناوچەی هێزی ناوخۆ بەخشی کە پلەکانیان بەرزکراوەتەوە. لە بەرایی ڕێوڕەسمەکە، ئاری نانەکەلی کارگێڕی لقی دوو و بەرپرسی لێژنەی ناوچەی نیشتیمان هێزی ناوخۆ لە وتەیەکدا ئاماژەی بە ئامانجی ڕێکخستنی ڕێوڕەسمەکەو ڕۆڵی گرنگی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کرد لە پاراستنی هێمنی و ئارامی پایتەخت. دواتر ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتەیەکدا پیرۆزبایی لە ئەفسەران کرد کە پلەکانیان بەرز کراوەتەوە، دووپاتی کردەوە کە ئەوان ئەمڕۆ ئەرکیان قورس تر دەبێت، ئەرکێک بۆ پاراستنی نیشتیمان لە ناوەوە وەک چۆن پێشمەرگە لە سنوورەکان خاکی کوردستانیان پاراستووە. بەرپرسی لقی دوو جەختی کردەوە کە دوژمنانی کوردستان نەیانتوانی بە هێرشە سەربازیەکانیان کوردستان بڕوخێنن، بەڵام هەوڵیانداوە لەڕێگەی بەلاڕێدانی گەنجانی کوردستان دزە بکەنە نێو کوردستانەوە و ئەو سامانە گەورە مرۆییەی وڵاتەکەمان لەناو ببەن.

وەزیری ئەوقاف: ئەنجوومەنی زانستیی ئەوقاف ڕۆڵی کاریگەری لە بەرزترکردنەوەی کوالێتی زانستی حوجرەکانی سەر بە وەزارەت هەیە



بە ئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی بەوەکالەت و هەرێمەک لە د. دیار جەباری بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی ودارایی بەوەکالەت و مامۆستا نەجم بەڕێوەبەری مزگەوتەکان کۆبوونەوەی ئەنجومەنی زانستی کۆبووە.
کۆبوونەوەکە بە بەشداریی سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی زانستی بەڕێوەچوو، تیایدا وەزیری ئەوقاف بە وردی ئاماژەی بە ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری ئەنجوومەنی زانستی کرد لە بەرزترکردنەوەی کوالێتی زانستی حوجرەکانی سەر بە وەزارەت و پەیمانگای ئەزهەر و تاقیکردنەوەکانی تایبەت بە گۆڕینی ناونیشان و هەر بابەتێکی پەیوەندیدار بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی فێرخوازان و قوتابیان و دەستەخۆشی خۆیشی ئاراستەی سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی زانستی کرد کە لە ماوەی ڕابردوو بەشێوەیەک ئەدای کارەکانیان کردووە بە تایبەتی لە بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکانی تایبەت بە گۆڕینی ناونیشانی فەرمانبەران بەشێوەیەکی زۆر ئەکادیمی و ڕێکخراو. دواتر وێڕای بڕیاردان لەسەر هەندێ بابەتی پێویست، ئەندامانی ئەنجوومەنی زانستی ئەوقاف چەندین خاڵیان خستەڕوو بە ئاراستەی زیتر پێشخستنی بواری زانستی و ئەکادیمی پەیوەندیدار بە ئەنجومەن و بەرزترکردنەوەی کوالێتی تایبەت بەخۆیندن.
جێگەی ئاماژەیە ئەنجوومەنی زانستیی ئەوقاف پێکدێت لە کۆمەڵێک مامۆستای ئایینی و کەسانی پسپۆر و تایبەتمەند، ستراتیجیەتی پێشخستنی ئاستی زانستی و خوێندن بابەتە زانستییەکان دادەڕێژن.

هەولێر... خولێکی ڕاهێنانی سەربازی کۆتایی پێهات



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:
بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر لیوای ماف عبدالخالق تەلعەت و چەند ئەفسەرێکی پلەدار خولێکی ڕاهێنان لەلایەن ڕائد سەرکەوت تەحسین کارەش بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی بەرگری شارستانی هەولێر بۆ کارمەند و ئەفسەرانی بەرگری شارستانی هەولێر کرایەوە، کەوا بۆ ماوەی 75 ڕۆژ لە وڵاتی یابان ڕاهێنانی پێکرابوو. لەمیانەی خولەکەدا ئەو زانیاریانە و ڕاهێنانەی ئەنجامی دا بوو بەخشی بە ئەفسەر و کارمەندانی بەرگری شارستانی هەولێر بۆ ئەوەی لە هەر حاڵەتێکی نەخوازراو بتوانن سەر و ماڵی هاوڵاتیان بپارێزن.

پرسەو سەرەخۆشی

پەناوی خودای گەورە و میهرەبان
بەڕێز هەڤاڵ دەسکۆ سیان
بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو عایشێ سەبری بارزانی داپیری بەڕێزتانمان پێگەیشت. هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادەکەتانین و سەرەخۆشی ئارڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.
لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.
إنا لله و إنا إليه راجعون
بارەگای بارزانی


***

بەڕێز کاک سامال عومەر قادر
بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی عومەر قادر باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.
هاوخەمیمان بۆ بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین. خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.
إنا لله و إنا إليه راجعون
بارەگای بارزانی

***

هەڤاڵی بەڕێز جەزا حاجی عەلی کەڵاڵی
خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی هاوژینی بەڕێزتان خاتوو حەیات ڕەشید ئەمین.
لەم بۆنە خەمناکەدا سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و تەواوی خانەوادە و خزم و دۆست و کەسوکارتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لەخوای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.
إنا لله و إنا إليه راجعون
مەکتەبی سیاسی

سەرۆک بارزانی وەکو مەرجەع



د. یوسف عەبدولقادر ڕەسوڵ

١جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە خانەوادەیەکی دیاری کوردپەروەر و نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێر هاتۆتە دونیاوە و لە ناوچەیەک پەروەردە بووە و لەسەر دەستی کەسانێک کە پەیڕەوی عەدالەت و ئینسانیەت و یەکسانی و ولاتپارێزیان کردووە، خانەوادەیەک کە وێژدان پێوەری ئەساسی بووە لە ژیانیان هەر لەسەردەمی شێخ عبدالسلامی دووەم و شێخ احمدی بارزان و جەنابی بارزانیی گەورە هەمیشە بەرەنگاری زوڵم و ستەم و چەوسانەوە بوونەو مساوەمەیان لەسەر مەسەلەی کورد نەکردووە، جا بەهەر نرخ و زەریبەیەک بووبێت لە مالوێرانی و زیندان و لەسێدارەدان و ئاوارەیی شاربەدەر و چیانشینی و مقاومەتکردن بەبێ ئەوەی تەنازول لە مافی میللەتی خۆیان بکەن.

جەنابی سەرۆک هەر لەسەرەتای ژیانیەوە وەکو پێشمەرگەیەک دەرکەوت تا ئێستاش پێشمەرگەیە و تەنیا و تەنیا شانازی بەو ناونیشانە دەکا و پێی خۆش نییە لەوە زیاتری پێ بگوترێ، چونکە هەمیشە دەفەرموێ هیچ پلەوپایە و ناوێک لە پێشمەرگە گەورەتر و پیرۆزتر نییە، جەنابی سەرۆک بۆ ئێمەی پارتی و دڵسۆزان و نیشتمانپەروەرانی کورد و کوردستان مەرجەعە، هەروەها بۆ نەیارانیش ئەوانەی لەپەنای حقد و بوغزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ پارتی و بنەماڵی سەربەرزی بارزانی دەکەن جەنابی سەرۆک وەکو مەرجەع ئەمری واقعە، چونکە ڕۆژگار ئەوەی سەلماند هەتا لەدوای وازهێنانی لە کورسی سەرۆکایەتی هەرێم، سەنگی لە هاوکێشە سیاسیەکاندا چەندەو هەروەها بەردەوام وەک و کارێزمایەک تەعامولی لەگەڵ دەکرێت و مەحاڵە هیچ گۆڕانکاریەک لە ناوچەکەدا ڕووبدات بەبێ ئاگاداری ئەو وەک ڕابەرێک و مەرجەعێک پرس و ڕای پێ دەکرێ. سەردانی گەورە بەرپرسی وڵاتان بەپێچەوانەوە پێشوازی لێکردنی لەلایەن گەورە وڵاتان سەنگی مەحەکە لە معادەلە سیاسیەکاندا، هەروەها دوا بڕیارە سیاسیەکان دەگەڕێنەوە لای سەرۆک بارزانی وەکو مەرجەع بایەخی پێ دەدرێ، سەرۆک بارزانی ئەورۆ بە هەیبەت و سەنگی خۆی ڕێبەرایەتی میللەتی کورد دەکا پارێزەری ئاسایش و ئارامی ناوچەکەیە، بۆیە بۆ هەموو کورد دەرکەوت بە دۆست و ناحەزەوە سەنگی کورسی سەرۆکی هەرێم بە گەورەیی و هەیبەتی بارزانیەوە بوو چونکە جەنابی سەرۆک وەکو مێژوو هەبووە، کورسی سەرۆکایەتی هەرێم هیچ شتێکی لە کاریزماو ناوی سەرۆک زیاد نەکردووە بەڵکو بە پێچەوانەوە کورسیەکە بووە کورسی و جێگای بایەخ لە دوای وازهێنانی سەرۆک بارزانی، کە دەسەلاتەکانی درا بە سەرۆکی حکومەت جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی تووانی بە باشترین شێوە دەسەلاتەکانی بەکاربهێنی و سەرکەوتوو بوو، ئێستا و لە ئایندەش ئەو بنەماڵەیە نە پێویستیان بە کورسیە و نە داوای دەکەن بەڵکو کورسی پێویستی بە هەیبەت و سەنگی ئەو بنەماڵەیە وەکو مێژوو.

وا دیارە یەکێک لە کاندیدەکانی سەرۆکی هەرێم دەچێتە لای بەرپرسێکی بالای حزبێک دەڵی منیش خۆم کاندید دەکەم بۆ سەرۆکی هەرێم پێمخۆشە هاوکاریم بکەن و زۆر قسەی تر ئەویش دەڵێ (خۆتان دەزانن من چەند رقم لە پارتی و بنەماڵەی بارزانی یە، بەڵام ئەگەر اختیار لە نێوان تۆ و مسعود بارزانی بێ من دەنگ بە ئەو دەدەم، پێت ناخۆش نەبێ مەسەلەی میللەتێکە، ئەتۆ بڕۆ چوار سعات لە استعلاماتی مالکی دابنیشە ناتبینێ)، ئەو ئەمری واقعە کەواتە سەرۆک بارزانی مەرجەعە.




وڵاتی کوردستان ژمارە ١ ساڵا یەکێ

کوردستان

١٣١٥

بسم الله الرحمن الرحیم



لە 121مین ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا
ئەرکی میدیا، خۆشەویستی بۆ نەتەوە و نیشتمانە



ڕێبوار حەمەلاو شوانی


ئەو ئازادیەی کە لە هەرێمی کوردستان هاتۆتەئاراوە بەرهەمی خوێن هەزاران شەهیدی ئەو نیشتمانەیە کە بە دریژایی میژوو تۆمارباین کردووە، بۆیە ناکرێت لە ژێر پەردەی ئازادییەوە هەموو باشەکان نادیدە بگیرێت و کەشوهەوایەکی بێ ئومێدی و کەشوهەوایەکی نابەرپرسانە لە نێو خەڵکدا لە هەمبەر خاک و نیشتمان لەلایەن هەندێک میدیاوە بە سوودوەرگرتن لەو کەشو هەوا ئازادییە بخوڵقێنرێت، ئەرکی میدیا لە ڕاستیدا جگە لە پیشەکەی ئەرکێکی ئەخلاقی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییە و باسکردنی میژوویی ڕابردوویی پڕ شانازیی کورد و کوردستانە.

ئەمڕۆش، کە ئەرکی گواستنەوەی زانیاری و چاودێری کردنی کایە جیاجیاکانی دەسەڵاتی سیاسی و سیستەمی بەڕێوە بردنی وڵاتیان لە ئەستۆدایە، مانای ئەوە نییە ئینتیمایان بۆ نیشتمان لەدەست دابێ، هەروەک مانای کاڵ کردنەوەی ئینتیمای تاکی کوردیش نییە. دەرچوواندنی ڕۆژنامەی کوردستان وەک یەکەمین نوبەرە ڕۆژنامەی کوردستانیی، وەک پەیامی مەزڵومیەتی و ئاوارەیی کوردان، لە ڕۆژی 22ی 4ی 1898دا یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرەی پایتەختی میسری عارەبی و لەلایەن گەورە ڕۆژنامەنووسی ناوداری کورد میقداد مەدحەت نەمرەوە دەرچوێندرا، هاوکات، ڕۆژنامەی کوردستان لە کات و سەردەمێکدا دەرچوو، کە پێی دەگوترا سەردەمی وریابوونەوەی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵات و ئیمپراتۆری دەوڵەتە نەخۆشەکەی عوسمانی، هەڵبەتا زوڵم و زۆری، دەسەڵاتی عوسمانلی وای لە بارودۆخەکە کردبوو، کە هەستی خەڵکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بکوژێت، بۆیە دەرچواندنی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی کوردی وەک ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرەی غوربەتدا، مەغزاو دەلالەتی سیاسی و ئەدەبی و فەرهەنگی خۆی هەیەو هەبووە.

ڕۆژنامەی (کوردستان) لە دەسپێکدا وەک پێشکەوتنی زانستی کوردان و هاندانی ڕۆشنبیرانی کورد بۆ زانست و خوێندەواری، هاتە مەیدانەکەوە، لێ مخابن ئەو ڕۆژنامە تاقانەو نۆبەردەیەی کوردان دوای دەرچواندنی چەند ژمارەیەکی کەم لە غوربەت و ئاوارەییدا، شا ئەستێرەی ڕۆژنامەنووس کوردی ڕاکشاو ئاوابوو، بەڵام خۆشبەختانە. مەزنترین میژووی بۆ ئەرشیف و میژووی ڕۆژنامەگەری کوردی دروستکرد، ئەو میژووەی تا ئەبەد، ڕۆژنامەنووسانی کوردستان شانازیبان بەو ڕۆژو میژووەوە کردووەو دەکەن. ئەمڕۆش لێرەوە ڕەوتی کاروانی 121 ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردیمان ئەوە دێنێ بوارو وەزیفەی واقیعی ئەورۆی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بە هەند هەڵبگیرێت، لە هەموو لایەکەوە کۆڕو سیمینارو لێکۆڵینەوەی نەوعی و مەوزوعی لەسەر بکرێ و بخرێتە بەردەم خوێنەران و ناوی (کوردستان) چاپ و بڵاوکردەوە. قۆناغی ڕۆژنامەگەری کوردی دوای ڕاپەڕین دەست پێدەکات، ئەم قۆناغە بە زێرینترین سەردەم و قۆناغی ڕۆژنامەگەری کوردی دادەنرێت، لەبەر ئەوەی بۆ یەکەم جار بەم شێوە ئازاد و سەربەخۆیە گەلی کوردستان لەسەر خاکی خۆی و بۆ ئەو ماوە دوورودرێژە توانیویەتی پەرە بە ڕۆژنامەگەری خۆی بدات، هەروەها ڕۆژنامەگەری کوردی بە هەموو ڕەوتەکانی ئیسلامیو مارکسی و لیبڕالی و نەتەوەییەکانەوە دەردەچێت، دوایی دە ساڵیش لەو میژووە ڕۆژنامەگەری کوردی تەکانێک و پێشکەوتنێکی تر تۆمار دەکات، ئەویش پەرینەوەیەتی بۆ ڕۆژنامەی ئەهلی و جۆرێک لە سەربەخۆیی. بەبۆچوونی من هێشتا بەرجەستەی ڕۆڵی میدیا و ڕۆژنامەگەریان وەک خۆی نەکردووە، چونکە ئەرکی کاری ڕۆژنامەوانی زۆر لەوە گەورەترە کە لە کوردستاندا پیادە ئەکرێ، پێوستە میدیاو ڕۆژنامە کار ڕاستی، ڕەوشت بەرزی لە گەیاندنی پەیام و ڕووداوەکان بڕیارێزێت، چونکە پێشەکەمان وەک چرایەکە بۆ ڕوناکردنەوە و گەیاندنی پەیامی ڕوون بە هاووڵاتیان. بۆیە کاتێ باس لە ئیتیکی ڕۆژنامەوانی دەکرێت دەگوترێ: ڕاستگۆی لە گەیاندن. لی نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت هەموو ڕاستیەک بۆ گەیاندن ناشێن، هەموو ڕاستیەکان خزمەت بە ئاکار و ڕەفتارمان ناکەن، لەو جێگەیەدا ڕاستیەک هەبوو دڕکاندنی زیانی بە ئەخلاقی بەرز و باش گەیاند پێویستە میدیاکار خۆ لە نووسینەوەی ئەو هەواڵە، ئەو بابەتە ببوێرێت. وردتر و ڕونتر بڵێم: وەک چۆن هەموو تاقیگە زانستیەکان مادەیی باش بەرهەم ناهێنن، ژهریش دروست دەکەن بۆ قڕکردنی "مرۆڤ" ئاواش میدیایەک ئەو کارە دەکات. گەر ژارێکی دەرچوو لە دەستی نوخبە زانایەکەوە نوخبەیەک خەڵک بکوژێت، لی هەوالێک، بەرنامەیەکی تیڤی، دەنگێک لە ڕادیۆیەکەوە، "کڕۆنیکا"یەک، گوتار و دەربڕینێکی بێباکانەی هەڵپەرست و خۆپەرستێکی گومرا بە ملیۆنان هزر و هۆش و ڕوح ژاراوی دەکەن. ئەمە بەڕەسیاریەکی میژوویی و ڕەوشت بەرزی هەر میدیاکار و نووسەرێکە کە دەبێ هوشیار بێت و کاری بۆ بکات کە، ڕۆتینیاتی کار و کۆکردنەوەی زانیاری لە پاش ئەم ئەرکەوە دێت.

چونکە میدیا و ڕۆژنامەگەری تەنها ئەرکی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری نییە، بەڵکو هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان و یارمەتیدانییانە و دەبێت ئاراستە بکرێت کە ئەوانیش بەشێکن لەچارەسەری گرفتەکانی کۆمەڵگە و بەشدابن لەڕیانی سیاسی و ئابووری و مەدەنیدا. دەبێت بگەینە دواقۆناغە گرنگ و پێویستیەکانی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان بەوەی هاوڵاتیانی خۆی بینەر و بیسەر یان خوێنەری تەنها پەیوەست نەکات بەوەی کە ئاخۆ ڕۆژانە کامە هەواڵی نوێیان پێدەگات، بەڵکو دەبێت هۆکارێک بێت بۆ ئاراستەکردنیان بە بیرکردنەوەی قوڵتر و هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنیان، بەتایبەت لەسەر ئەو پرسانەی کاریگەریان لەسەرژیانی هاوڵاتیان هەیە بەڕەو زیاتر مەدەنییەت بوون و مەیسەرکردنی مافەکانی تاک و وەک خۆی. ئەرکی ئێستای هەر تاکێکی ڕۆژنامە نووس و میدیاکاری دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بە هەموو میدیاکانی حزبی و ئەهلی، بینراو و بیسراو و کاغەزی ئەوەیە کە بەرپرسیاریەتی ئەو ڕەوشەی ئێستامان بە تایبەت پرسی مافی چارەی خۆنووسین بکەنە ئەوڵەویەت لە پێش گشت بەرژەوەندییەکانی تر و ڕوحیەتی کورداییەتی و نیشتمانپەروەری بکەن و ئەرک و کاری سەرەکییان و کار بۆ یەکریزی و تەبایی بکەن و خۆیان لە هەر جۆرە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و پەیامێک کە لەگەڵ بنەماکانی یەکریزیان و بە تایبەت بە دیهێنانی مافەڕەواکانمانکە نەگونجاو بێت بە دوور بگرن.

دەوڵەتی شاخدار لە جەنگەڵی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا



عدنان فاخر/ دیانا

هەر لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە و پێشتریش ڕووداوە زۆرو کەڵەکەبووەکانی کۆن و نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەڵکشان و داکشانی هێزی دەوڵەت و دەوڵەتی هێز دەریان خستوە، کە دەوڵەتی شاخدار لە جیهاندا و بەتایبەتیش لە جەنگەڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەنییە کە هێزی سەربازی و چەکی ئەتۆم و مووشەکی دوورهاوێژو... هیتری هەیە.

چونکە چەکی جەنگەکانی ئەم سەدەیە لەگەڵ گۆڕانی هەڵهێنان و داهێنانەکان گۆڕاون و چەکی نەرم و چەکی ئابووری و سیاسەتی سەردەم لە هەموویان کاریگەرترن، بۆیە دەبێ و پێویستە ڕێبەرانی سیاسەتی مەزهەبی و بەناو سیکۆڵارەکانیش بەتایبەتی ئەوانەی وابەستەو مەحکومی حوکمی پشت پەردەن بە پەلە وشیار ببنەوەو چاکترو وردتر هاوکێشەو ڕووداوەکان بخوێننەوە و گۆڕانکاری و ڕووداوە پێشبینیکراوەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست (بەتایبەتیش دوای ڕووداوەکانی بەناو بەهاری عەرەبی) دەریانخست کە چەکی دەوڵەتی سەردەم بریتیە لە ئابووریەکی بەهێزو سیاسەتێکی ناوخۆی یەکگرتووی تۆکمەو دبلۆماسیەتێکی بە هێزو ڕێکخراو تا لە هێرشی چەکی گەرم و ساردی دەرەکی بپارێزرێت.. هاوکات بوونی ڕاگەیاندنێکی هەمەلایەنەی ڕێکخراوی هاوچەرخ چەکێکی تری گرنگ و کاریگەرە. بە کورتی بوونی سەرخان و ژێرخانێکی بەهێز کاریگەری زۆری دەبێ لەسەر ولاتان بێ ئەوەی دەست بخەیتە ناو کاروباری ناو خۆیان و قۆستنەوەو وەبەرهێنانی دەرفەتی هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتننامەی 1+5 تایبەت بە کوورەی ئەتۆمی ئێران و بەدواداهاتنی کێشەو قەیرانەکانی نێوان دەوڵەتانی ئقلیمی و زلهێزەکان .. ئەرکێکی بە پەلەو هەلێکی زێرینە ، دەبینین هەر کاتێ ئەوان کێشە و ناکۆکیان زۆر بووبێ دۆزی کورد زیاتر چۆتە پێش و گەورەتر بووە.

مام هەژاری نەمر جوانی پێکاوە کە دەڵێ (مێش کێشەیان دە نێو کەوێ... پیاو دەتوانێ پتر بخەوێ). ئەوانیش هەمیشە کێشە ناوخۆییەکانی کوردیان قۆستۆتەوەو هەرەسیان بە شۆرشەکانی هێناوە و ئەو دۆخەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێ و کابینەی نوێ پێکناهێنرێ کەمترین قازانجی بۆ کورد نییە و زۆرترین قازانجیشی بۆ ناحەزانی کوردە... دەبێ ئەوەش بزانین کە هەر هەنگاوێک و پێشکەوتنێک بێ کۆسپ و تەگەرە نییە و هەموو دیوەکانی سیناریۆکەش لە کورد را دیار نین.. بەڵام ڕوونە هەمیشە دەوڵەتە شاخدارەکانی ناو جەنگەڵی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بڕاوەن و بێ شاخەکانیش بۆڕ دەخۆن و دەبەزن.



دوا بەدوای سەردانی محەمەد حەلبووسی بۆ کوردستان

خەبات: تریفە ئازاد

ئێوارەی ڕۆژی 22ی نیسان محەمەد حەلبووسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە سەردانێک گەیشتە هەرێمی کوردستان و لە لایەن ڤالاّ فەرید سەرۆکی پەلەمانی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لێکراولە بەرواری 23ی نیسان لە گەڵ هەریەکە لە بەرێز (مەسعود بارزانی) مەرجەعی بالاّی هەرێمی کوردستان و ڕێزدار (نێچرڤان بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێزدار (مەسرور بارزانی) سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش کۆبووە کە تێدا باس لە بارودۆخ و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کرا. هەروەها باس لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانە کرا کە تا ئێستا چارەسەر نەکراون و پێویستە هەوڵی چارەسەرکردنیان بدرێت لە داهاتوو.

سەردانی حەلبووسی و چەندین دیدارى دیپلۆماسی

دکتۆرە مەیادە نەجار ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەی سەردانەکەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی بالاّی هەرێم لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سەردانی ئەمجارەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ هەرێمی کوردستان وئەنجامدانی چەندین دیداری تایبەت لەسەر ئاستی لوتکە کۆمەڵێک پەیامی گرنگی تێدایە کەشایستەی هەڵوێستەکردن بێت، چونکە حەلبووسی لەپاڵ ئەوەی کە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کەسێکی دیارە لەنێو گۆڕەپانی هێزە عەرەبیە سونەکان و کاریگەریەکی گرنگی لەسەر ئاراستەی شەقامی عەرەبی لەعێراقدا هەیە ، لەلایەکی تر وەک سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لەماوەی ڕابردوودا چەندین دیدار و کۆبونەوەی لەگەڵ سیاسەتمەدارانی دراوسێی عێراق و وڵاتانی هەرێمی ئەنجامداوە، لەدرێژەی ئەو سەردانە دیپلۆماسیەشدا محەمەد حەلبووسی دیداری لوتکە لەگەل سەرۆکی هێژا ڕێزدار (سەرۆک مەسعود بارزانی)و دواتریش دیداری لوتکەی لەگەڵ هەریەک ڕێزدار(نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێزدار (مەسرور بارزانی) ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، سەردانەکەی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق پاش ئەوەبوو کە حەلبووسی سەردانی هەریەکە لە ریاز و دەوحە و عەمان و ئەبوزەبی هێژا(سەرۆک مەسعود بارزانی) تاکە سەرکردەیە کە دەتوانێت پارسەنگی هێز لەسەر ئاستی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست ڕابگرێت و تەنیا سەرکردەی سیاسی عێراقە کە خاوەنی متمانەیەکی نێودەوڵەتییە، حەلبووسی زۆرباش دەزانێت کە هەوڵێری کوردووە، هەڵبەت حەلبووسی دەزانێ کە هەوڵێر وێشتکەیەکی گرنگی دیکەیە کە کارەگەری ڕاستەوخۆی هەیە بەسەر سیاسەت و نەخشەڕێگای سیاسی و دیپلۆماسی سەرانسەری عێراق لە ئێستا و داهاتووشدا.

ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە حەلبووسی لەدوای چەندین سەردانی دیپلۆماسی گەیشتە ئەو ڕاستیەی کە سەرۆکی کوردستان و ڕێزدار (مەسرور بارزانی) ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، سەردانەکەی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق پاش ئەوەبوو کە حەلبووسی سەردانی هەریەکە لە ریاز و دەوحە و عەمان و ئەبوزەبی هەنگاوی گرنگ بارودۆخی سیاسیی عێراق و دوا پێشهاتە سیاسییەکان و هەنگاوەکان بۆ تەواوکردنی پێکهاتنی حکوومەتی تازەی عێراق تاوتوێ کراوە، لەلایەکی ترەوە حەلبووسی سوودی لەئەزموونی تووندی سیاسیە عێراقیەکانی پێشوو وەرگرتووە و نایەوێت هەڵەکان پێشوو دروبارە بکاتەوە و دەیەوێت سوود لە سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆکی هێژا ڕێزدار (سەرۆک مەسعود بارزانی) وەبگرێت، چونکە حەلبووسی دەیەوێت قۆناغێکی نوێ لە سیاسەتکردنی و بەرێوەبردن لەعێراقدا بنیادبنێت کەجیاوازبێت لەوانی پێشتر. لەم هەنگاوەشدا پێویستی بەسیاسەتی حەکیمانەی هەرێم و بەغدا دەبێتە هۆی سەقامگیریی و بووژانەوە لە هەموو عێراقدا، بۆیە کەسانێکی شۆڤێنی تووندڕەو هەن کەدەیانەوێت کێشە دروست بکەن و عێراق تووشی مالّوێرانی بکەنەوە ،بەتایبەتی لێرەو لەوێ گوێبیستی ئەوە دەبین کە هەندێک لەسیاسەتمەدارانی عەرەبی شۆڤێنی دەیانەوێت گرفت لەبەردەم نارەدنی بەشە بودجەی هەرێم و ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی ناوچە داگیرکراوەکان زۆر بابەتی تر درروست بکەن.

ئەوەی بەلای ئێمەوە مایەی سەرنجدانە ئەم سەردانەی حەلبووسی وەلاّمی ئەو دەنگە ناسازانە دەدادەتەوە کە دەیانەوێت کێشە لەنێوان هەرێم و بەغدا دروست بکەن.

وەک دەزانین حەلبووسی چەندین تەوەی گرنگی لەدیدارە دیپلۆماسیەکانی لەهەولێر باسکردووە لەوانە بارودۆخی سیاسیی عێراق بەگشتی و پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا، بەتایبەتی و گرنگیدان بەهەماهەنگی زیاتر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. لەلایەکی تر هێوکردنەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی دوای شانۆی ئۆکتۆبەر و نارەنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ناوچە داگیرکراوەکان و نارەنی بەشەبودجەی هەرێم و هەماهەنگی دەزگا پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و زۆر بابەتی گرنگی تریش کە لەکۆبوونەکاندا یەکلاکراونەتەوە، لەکۆتایدا ئەوەی گرنگە ئەم سەردانە نامەیەکی نوێی سیاسی دەبێت لەسەر ئاستی هەرێمی و چاوەروان دەکرێت زنجیرەیەک سەردانی تری دیپلۆماسی بۆ هەرێمی کوردستان بەدواوە بێت و بەبروای من لەم قۆناغەی ئێستادا هەولێر وێستگەیەکی گرنگی دیپلۆماسی دەبێت.

گرینگی سەردانەکە لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی


هەرێم جەعفەر شارەزا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لە بارەی گرینگی سەردانەکەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ هەولێر لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەمیشە جەخت لەسەر نزیکبوونەوەی هەولێر و بەغدا دەکات، مەبەستیشیان لەمە، پرکردنەوەی کەلێنە ئەمنی و سیاسییەکانی عێراقە. لە جەنگی داعشدا، هەماهەنگی هەولێر و بەغدا نەبوایە ، ئەستەم بوو هەندێک ناوچە بەتایبەتی لە پارێزگای مووسڵ کۆنترۆڵبکرێن. ئەگەر تەماشای ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بکەین، ئەمن و ئاسایش تیایاندا زۆر لاوازە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەو ناوچانە، هەماهەنگی سیاسی و ئەمنی لە نێوان هەولێر و بەغدای تێدا نییە. عێراق وڵاتێکی تەواو دیموکراسی نییە، تاکو ئێستاش بە گوێرەی ڕێککەوتنی سیاسی یاساکانی پەرلەمان و حکومەت پەسەند دەکرێن، ئەمەش وا دەکات، نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان، بەڕێکردنی کارەکانی پەرلەمان و حکومەت خێراتر بکات. هاتنی حەلبووسی بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرکردەکانی کورد، ئەو لێکنزیکبوونەوەیە دروست دەکات کە پێویستە بۆ حکومڕانی عێراق و دووبارە بنیات نانەوەی ناوچە وێرانەکانی کە لەژێر دەستی داعش بوون، لە ڕابردووش زیاد لە جارێک ئەوە سەلمێندراوە کە دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەند ئەنجامەکەی چی دەبێت؟!. دواجار بۆ ڕۆژئاوا سەقامگیری عێراق گرنگە بەوەی عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی سەقامگیری نرخی نەوتی پاراستووە و لە ڕابردووشدا و لە کاتی ناسەقامگیری ئەم وڵاتە، چەندین گروپی تیرۆرستی تێیدا دروست بوون.



هەڕێم جەعفەر: نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان، بەڕێکردنی کارەکانی پەرلەمان و حکومەت خێراتر بکات



مەیادە نەجار: سەردانەکەی حەلبووسی ڕێگری کردنە لە هەڵوێستی شۆڤینییەکان



سوورە مەرگەیی

جیاوازی نێوان تیرۆری جەستەیی و تیرۆری فکری

مەترسی و لێکەوتەکانی تیرۆری فکری زۆر لە مەترسی و لێکەوتەکانی تیرۆری جەستەیی ترسناکترن، لە تیرۆری جەستەیدا لێرە و لەوێ و تاک و تەرا کەسانی دیاریکراو بە ئامانج دەگیرێن و مەرجیش نییە تیرۆریستان بتوانن لە هەموو کردە تیرۆریستیەکان سەرکەوتوو بن وتیرۆری فکری پێچەوانەی تیرۆری جەستەیی گشتگیر و گەورە و بچووک، ژن و پیاو، پیر و منداڵ، خەندە و خۆشی، هیوا و ئاوات. تیرۆری فیکری، بڕوا بەخۆبوون و ئیرادە و پیرۆزیەکان و بەها نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان بە ئامانج دەگرێت. تیرۆری فیکری، مێژوو و ئێستا و داهاتوو، هوشیاری سیاسی و بیری نەتەوەیی، کلتوور و فەرهەنگ و خۆشویستنی خاک، ڕابوون و بەرخودان و هەڵوێستی شۆڕشگێڕی بە ئامانج دەگرێت.

جیاوازی و مەترسییەکی تری نێوان تیرۆری جەستەیی و تیرۆری فکری ئەوەیە کە تیرۆری فکری قوتابخانەی تیرۆری جەستەییە و لەو قوتابخانەیەدا تیرۆریستانی جەستەیی بەرهەم دێنن ئەوەش وەک جیاوازی نێوان بەرهەم هێنەرانی ماددەی هۆشبەر و بەکارهێنەرانیەتی و تاوانی بەرهەم هێنەران چەندان جار لە تاوانی بەکارهێنەرانی گەورەتر و مەترسیدار تر وچونکە ئەگەر بەرهەم هێنەران نەبن و ماددەی هۆشبەر بەرهەم نەهێنن، بەکارهێنەران چۆن و لە کوێ ئەو ماددەیەیان دەست دەکەوێ تا بەکاری بهێنن ومەترسی و گەورەیی تاوانی نێوان تیرۆری فکری و تیرۆری جەستەییش وەک مەترسی و تاوانی نێوان بەرهەم هێنەرانی ماددەی هۆشبەر و بەکارهێنەرانیەتی و هیچ جیوازیان نییە.

وون بوون
ناسنامەی کۆلێژی پەروەردە بەشی ماتماتیک بەناوی تەنیا محمود علی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی
* * *
وون بوون
ناسنامەی پێشمەرگەی لە وەزارەتی پێشمەرگە بەشی یەکەی ٨٠ فەلەك بەناوی نهاد جتو رسول وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی
* * *
وون بوون
ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە ١٢٤٥٨ بەناوی رەوەند عبداللە حسن وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی
* * *
وون بوون
ناسنامەی پێشمەرگەی زێرەڤانی بەناوی صلاح ابراهیم جرجیس وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی
* * *
وون بوون
ناسنامەی کۆلیژی پۆلی تەکنیکی هەولێر بەناوی سارا ئاثر کورکیس وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی
* * *
رئاسة محكمة استئناف منطقة كركوك/ كرميان
محكمة الاحوال الشخصية في كلار
التاريخ: ٢٠١٩/٤/٢١
العدد: ١٤٥ / ش/ ٢٠١٩
الي المدعي علية / توانا محمد احمد
اقامت المدعية (كولالة احمد علي) الدعوي الشرعية المرقمة (١٤٥/ ش/ ٢٠١٩) عليك يطلب فية (تفريق للخلاف) و لمجهولية محل اقمتك تقرر تبليغك بمضمون الدعوي و موعيد المرافعة الموافق ٢٠١٩/٥/٢٧ الساعة (٩) صباحا اعلانا صحيفتين يوميتين محليتين استناد لاحكم المادة ١/٢١ من قانون المرافعات المدنية وفي حال عدم حضورك او ارسال وكيل عنك ستجري للمرافعة بحقك غيابيا و علنا.
القاضي/ پروين علی احمد
* * *
رئاسة محكمة استئناف منطقة كركوك/ كرميان
محكمة الاحوال الشخصية في كلار
العدد/ ٣٢٣/ش/٢٠١٩
التأريخ/ ٢٠١٩/٤/٢٣
الى المدعى عليه/ نجدت ابراهيم علي
اقامت المدعية (صبيحة ابراهيم محمد) الدعوى المرقمة (٣٢٣/ش/٢٠١٩) عليك تطلب فيه التفريق عنك للهجر ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بمضمون الدعوى وموعد المرافعة الموافق (٢٠١٩/٥/٢٠) الساعة (٩) صباحا ،اعلانا بصحيفتين يوميتين محليتين استنادا لاحكام المادة ١/٢١ من القانون المرافعات المدنية وفي حال عدم حضورك او ارسال وكيل عنك ستجري المرافعة بحقك غيابيا وعلنا .
القاضي/ پروين علی احمد
* * *
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ١٠٠٢/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٩
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی)
هۆشدار لێکراو: (محمود حسین رسول)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارە (٢٤٤/٣٥٥١) لە ٢٠١٨/١٢/١٢ بەمەبەستی هۆشداری کردنت وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی مفتی لە شاری هەولێر ٢٠١٩/٣/١٧ بڕیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
شوان فوزی زکی
ل.دانووسی یەکەمی
لە فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
* * *
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ١٤٦٣/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢١
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی)
هۆشدار لێکراو: (کمال عبدالله حسن)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارە (٣١/٦٦٤) لە ٢٠١٩/٤/٨ بەمەبەستی هۆشداری کردنت وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی مامۆستایان دوو لە شاری هەولێر ٢٠١٩/٤/١٤ بڕیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
مریوان قرنی ابراهیم
دادنووسی یەکەم
لە ف. دادنووسی یەکەمی هەولێر
* * *
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ١٤٦٢/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢١
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی)
هۆشدار لێکراو: (کمال عبدالله حسن)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارە (٣١/٦٦٤) لە ٢٠١٩/٤/٨ بەمەبەستی هۆشداری کردنت وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی گلکەند لە شاری هەولێر ٢٠١٩/٤/١٤ بڕیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
مریوان قرنی ابراهیم
دادنووسی یەکەم
لە ف. دادنووسی یەکەمی هەولێر
* * *
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ١٤٦٤/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢١
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی)
هۆشدار لێکراو: (هێمن)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارە (٣٣/٧١٧) لە ٢٠١٩/٤/١٤ بەمەبەستی هۆشداری کردنت وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی مفتی لە شاری هەولێر ٢٠١٩/٤/١٤ بڕیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
مریوان قرنی ابراهیم
دادنووسی یەکەم
لە ف. دادنووسی یەکەمی هەولێر
* * *
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ١٤٦١/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢١
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکارانی گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی)
هۆشدار لێکراو: (عبدالغفار سعید صالح)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارە (٣٣/٦٦٢٥) لە ٢٠١٨/١٢/١٩ بەمەبەستی هۆشداری کردنت وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی گلکەند لە شاری هەولێر ٢٠١٩/٤/١٤ بڕیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
مریوان قرنی ابراهیم
دادنووسی یەکەم
لە ف. دادنووسی یەکەمی هەولێر
* * *
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ١٤٦٠/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢١
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی)
هۆشدار لێکراو: (عبدالغفار سعید صالح)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارە (١٤٧/٣٦٢٥) لە ٢٠١٨/١٢/١٩ بەمەبەستی هۆشداری کردنت وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی گلکەند لە شاری هەولێر ٢٠١٩/٤/١٤ بڕیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
مریوان قرنی ابراهیم
دادنووسی یەکەم
لە ف. دادنووسی یەکەمی هەولێر
* * *
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ١٤٦٤/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢١
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی)
هۆشدار لێکراو: (هێمن)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارە (٣٣/٧١٧) لە ٢٠١٩/٤/١٤ بەمەبەستی هۆشداری کردنت وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی مفتی لە شاری هەولێر ٢٠١٩/٤/١٤ بڕیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
مریوان قرنی ابراهیم
دادنووسی یەکەم
لە ف. دادنووسی یەکەمی هەولێر
* * *
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ١٤٦١/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢١
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکارانی گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی)
هۆشدار لێکراو: (عبدالغفار سعید صالح)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارە (١٤٧/٣٦٢٥) لە ٢٠١٨/١٢/١٩ بەمەبەستی هۆشداری کردنت وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی گلکەند لە شاری هەولێر ٢٠١٩/٤/١٤ بڕیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
مریوان قرنی ابراهیم
دادنووسی یەکەم
لە ف. دادنووسی یەکەمی هەولێر
* * *
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ١٤٦٠/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢١
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی)
هۆشدار لێکراو: (عبدالغفار سعید صالح)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارە (١٤٧/٣٦٢٥) لە ٢٠١٨/١٢/١٩ بەمەبەستی هۆشداری کردنت وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی گلکەند لە شاری هەولێر ٢٠١٩/٤/١٤ بڕیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
مریوان قرنی ابراهیم
دادنووسی یەکەم
لە ف. دادنووسی یەکەمی هەولێر
* * *
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ١٤٦١/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢١
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکارانی گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی)
هۆشدار لێکراو: (عبدالغفار سعید صالح)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارە (١٤٧/٣٦٢٥) لە ٢٠١٨/١٢/١٩ بەمەبەستی هۆشداری کردنت وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی گلکەند لە شاری هەولێر ٢٠١٩/٤/١٤ بڕیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
مریوان قرنی ابراهیم
دادنووسی یەکەم
لە ف. دادنووسی یەکەمی هەولێر
* * *
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ١٤٦٠/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢١
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی)
هۆشدار لێکراو: (عبدالغفار سعید صالح)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پاریزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارە (١٤٧/٣٦٢٥) لە ٢٠١٨/١٢/١٩ بەمەبەستی هۆشداری کردنت وە لەبەر ئەوەی شوێنی

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢٠٤ /ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ٢٣ / ٤ / ٢٠١٩
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : فرهاد عبدالجبار درویش
ل دیف داخوازا داواکار(الهام مصطفی شاهین) وکێشا ژمارە (٢٠٤ /ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا ژێکەڤەبون ژتە دکت ، و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن (زاخو) یا ژمارە (١١٨٠) ل (١٨ / ٤ / ٢٠١٩) ونڤیسارا هەلبژارێ تاخی (صلاح الدین) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا نامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهی ل روژا ٩ ٢٠١٩/٥/ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / یوسف الیاس سدن
* * *
بەڕێوەبەرایەتی کۆمەلگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران
بەشی یاسایی و کاروباری گومرگی
ژمارە: ٤٤٥
بەروار: ٢٠١٩/٤/٢٢
ئاگاداری
بابەت/ کەمکردنەوەی نهێنی ژمارە (١) بۆ ساڵی ٢٠١٩
بەڕێوەبەرایەتی کۆمەلگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران هەڵدەستێت بە کەمکردنەوەی نهێنی بۆ پرۆژەی (دروستکردنی سێ دانە سەقیفە بۆ ل دیف داخازا داواکار(ایمان احمد ابراهیم) کێشا ژمارە (٢٤٢ /ش/٢٠١٩) تێدا داخازا دانا خەرجێ بوری بو خو وبو کچا خو یاناکام (لارا) بەرامبەری ڤێ دادگەهی ژ روژا (٢٠١٨/١١/٥) تا روژا (٢٠١٩/٤/١٤) وتێدا داخازا دانا خەرجی هەیڤانە بو خو و بو کچا خو یاناکام (لارا) ژتە دکت بەرامبەری ڤێ دادگەهێ و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن (دەلال) ژمارە (١٧٢٦) ل (١٨ / ٤ / ٢٠١٩) و نڤیسارا بربژارێ تاخێ (زاگروس) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب دوو روژنامێت روژانە دا نامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا ٥ /٥ /٢٠١٩ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر/یوسف الیاس سدن
* * *
بازگەی هاتن و چوون) لەسنوری کۆمەڵگای حاجی ئۆمەران بڕیە هەر بەلێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان/ بەشی ژمێریاری بکات لەسنوری نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەلێندەرایەتی تایبەت بەپرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە لەناو زەرفێکی مۆرکراوی داخراودا بێت و ناونیشانی بەلێندەر یان کۆمپانیا لەسەر نووسرابێت و پێشکەش بەسکرتێری لێژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەناو وەزارەتی دارایی و ئابووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان بکرێت و دواکات بۆ گەراندنەوەی تەندەرەکان لە کاتژمێر ١٢ دوانیوەی نیوەڕۆ ڕۆژی چوار شەممە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٨
* مەرج نییە تەندەر بەکەمترین نرخ بەکۆمپانیا بدرێت.
* کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە بۆی دەردەچێت.
* کۆمپانیا لەپلە (٥) پێنج کەمتر نەبێت.
* نرخی فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار دەبێت.
مسعود احمد علی
سەرپەرشتیاری کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران
* * *

Employment Opportunity

The U. S. Consulate General in Erbil is seeking a new Procurement Supervisor. Qualified candidates should possess strong leadership skills, experience in procurement, and excellent verbal and written communication skills in English. Please visit our website at https://erajobs.state.gov/dos-era/irq/vacancysearch/ searchVacancies.hms for more detailed information. Applications are due by May 1, 2019.

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ئاریافون) بۆ گەیاندنی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (KPMG) بۆ ڕاوێژکاری کارگێری/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسایی
ژمارە: ٧٥٢٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (خلیفان) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (خلیفان) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٤/١٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (علی مظفر عبدالقادر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/٤/٢٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (خلیفان) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسایی
ژمارە: ٧٥٣٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (KPMG بۆ ڕاوێژکاری کارگێری/ سنوردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (KPMG) بۆ ڕاوێژکاری کارگێری/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/٢٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (علی مظفر عبدالقادر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/٤/٢٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران
بەشی یاسایی و کاروباری گومرگی
ژمارە: ٤٤٤
بەروار: ٢٠١٩/٤/٢٢
ئاگاداری
بابەت/ کەمکردنەوەی نهێنی ژمارە (٣) بۆ ساڵی ٢٠١٩
بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران هەڵدەستێت بە کەمکردنەوەی نهێنی بۆ پرۆژەی (چاککردنی چاڵ و چۆڵ لەڕێگای سەرەکی هاملتۆن (ئازادی – حاجی ئۆمەران) لەسنوری کۆمەڵگای حاجی ئۆمەران بۆیە هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان/ بەشی ژمێریاری بکات لەسنوری نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی تایبەت بەپرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە لەناو زەرفێکی مۆرکراوی داخراودا بێت و ناونیشانی بەڵێندەریان کۆمپانیا لەسەر نووسراوێت و پێشکەش بەسکرتێری لێژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەناو وەزارەتی دارایی و ئابووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان بکرێت و دواکات بۆ گەراندنەوەی تەندەرەکان لە کاتژمێر ١٢ دوانزەی نیوەڕۆ ڕۆژی چوار شەممە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٨
* مەرج نییە تەندەر بەکەمترین نرخ بەکۆمپانیا بدرێت.
* کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیای کە بۆی دەردەچێت.
* کۆمپانیا لەپلە (٥) پێنج کەمتر نەبێت.
* نرخی فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار دەبێت.
مسعود احمد علی
سەرپەرشتیاری
کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران

***

بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران
بەشی یاسایی و کاروباری گومرگی
ژمارە: ٤٤٣
بەروار: ٢٠١٩/٤/٢٢
ئاگاداری
بابەت/ کەمکردنەوەی نهێنی ژمارە (٢) بۆ ساڵی ٢٠١٩
بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران هەڵدەستێت بە کەمکردنەوەی نهێنی بۆ پرۆژەی (فراوان کردنی گۆڕەپانی وەستانی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان

www.xebat.net
پێنج شەمە 2019/4/25 ژمارە (5737)
خەبات

ڤیکتۆر هۆگۆ... میری شیعری فەرەنسی

نووسینی/ د. طاهر تونسی*
وەرگێڕان و ئامادەکردنی/ ئاکۆ عەبدوڵا

ڤیکتۆر هۆگۆی گەورە نووسەری فەرەنسی، هەردەم هێمن و دڵفراوان و بەهیوا و چالاک و ماندوونەناس و بەهێز و دوور لە ئیرەیی بوو. لەتەمەنی بیست سالّی، بەیەکەم کۆمەڵە شیعر، پادشای وڵاتەکەی سەرسام دەکات. دواتر دەبێتە چەسپاوترین و دیارترین کۆڵەگەی ئەدەبی فەرەنسی سەدەی نۆزدەهەم، هۆگۆ لە ڕۆژی 27ی شوباتی سالّی 1802لە شاری بیزاسۆن هاتۆتە دونیا. دایکی تا بڵێی میهرەبان و دڵنەرم بوو، باوکیشی سەربازێکی تێکۆشەری ریزەکانی پێشەوەی سوپای ناپلیۆن بوناپۆرت بوو، کە بە هۆی پیشەکەیەوە ناچار دەبێت بە خاوو خێزانەوە بۆ شوێنی دوور سەرهەڵبگرن، بۆیە سالّی 1805بۆ دوورگەی کۆرسیکا و لە سالّی 1808بەرەو وڵاتی ئیتالیا چوون، کە دواتر یادی ڕۆژەکانی ئەم وڵاتە دەبێتە هەوێنی شانۆنامەی (لۆکریزیا بۆرگیا)ی هۆگۆ.

لە سالّی 1811ش ڕوولە وڵاتی ئیسپانیا دەکەن، کە پێدەچێت ئەوێ کاریگەری بەسەر هۆگۆوە زۆربێت، بۆیە زۆر لەبەرهەمە ئەدەبییەکانی، ڕەنگدانەوەی ئەم وڵاتەیان بەسەردەوە،بەتایبەتی شانۆنامەکانی (هەرتانی) و(کوبارا). ئەمەو هەر لەوێشدا باوکی دەبێتە قوتابخانەی (سەپەرشتیاران) کە تێیدا قوتابییەکان ئازاری زۆریان لە لایەن کەسێکی قەبووری ترسناک دەچێشت. بێگومان دواتر کەسایەتی و هەڵسوکەوتی ئەو قەمبووڕە لە ڕۆمانی (قەمبووری نۆتردام) و چیرۆکی (کوازیمۆدۆ) و شانۆنامەی (پادشا ڕادەبوێرێ) بەرجەستە دەکات. ئەمەو لەلایەن دوو مندالّی ئیسپانی هاوپۆلیشیدا ئازاری زۆری پێدەگات کە (ئەلسبورۆ) و (فرلسکۆ) یان ناوبوو، دواتریش وەک خەمڕەوێنێکی سەردەمی مندالّی، کەسایەتی شەرانگێزانەی ئەوانیش بەناوی خۆیانەوە دەردەبڕێت، یەکەمیان لە شانۆنامەی (کرۆمۆیل) و ئەوەکەی تریشیان لە لوکریس بۆرگیا.

بەسەر ڕێگای شانۆیریان

لەتەمەنی دە سالّیدا؟ خێزانەکەی هۆگۆدەگەڕێنەوە وڵات. دواتر باوکی سوور دەبێت لەسەر ئەوە کۆڕەی بچێتە کۆلێژی ئەندازیاری لە پاریس، بەڵام ئەو لەبڕیندا سەرکەوتووناببێت. تا ئێستاش نووسەرانی ژیانی هۆگۆ لە هۆیەکانی سەرنەکەوتنی یەکەڕانین. هەندێکیان لەو بڕوایەن ئارەزووی خوێندنی ئەندازیاری نەبووە و لەشوێنیدا هۆگری شیعر و بەشەکانی دیکەی ئەدەب بووە، کۆمەڵێکی دیکەش، هۆگۆ دەبەنە ئاستی یبلیمەتان، بەتایبەتی لە هەڵهێنانی پرسیارە ماتماتیکیەکاندا، کە گەلێک خێرابوو. بەهەرحاڵ ئەو ڕاستییەی کە هەموو لایەک ڕازیدەکات ئەوەیە، هۆگۆ لەو ماوەیەدا زۆر بە تامەزرۆییەوە بێنی بە کانیلەی شیعری فەرەنسییەوە نابوو، بەسەرنجی ڕەخنەگرانەشەوە، نووسراوی ئەدەبی دەخوێندەوە، تا بڕیارێکی قورس و گرنگ و چارەنووسسازانەی دا کاتێک کە وتی : "یان دەبێت وەک شاتۆبریانم لێبلێت ... یاخود نا". ئینجا لەگەڵ هابیلی برایدا هەنگاوێکی ئەدەبی چاونەترسانەیان هەڵنا و ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیان بەناوی (وێژەی ڕەسەن) دامەزراند، کە تێیدا چەندان وتاری بەپێزی لەسەر کەسانی وەک ڕاسین، کۆرنێ، شکسپیر، شیللەر...دا نووسی. دواتریش پەیوەندی بەتین لەگەڵ ئەدەبیە ناوادارەکانی وەک لامارتین، ئەلفرێد ڤینی بەست. لەسالّی 1822یەکەم دیوانە شیعری بەناوی (لیرێک و چامەی جۆراوجۆر) بڵاودەکاتەوە، بەهۆیەوە لەسەرتاسەری وڵات دەناسرێت و دەبێتە جێگای سەرسوڕمان، تەنانەت (لویسی هەژدەهەم)ی پادشاش شایەدی بەرزی بۆ دا و تامەزرۆیانەش کەوتە سەر خوێندنەوەی، بۆیە بەبڕیارێک ئاسۆی ژیانی هۆگۆ بۆ نووسین ڕۆشنتر دەکات، کاتێک کە مووچەی ڕێزلێنانی تاهەتایی بۆ دەبڕێنێتەوە، کە سالانە 1000 فرانک بوو. لە ڕۆژی 14ی ئەیلولی سالّی 1823 خاتوو(ئادیی ڤۆشیە) دەهێنێت. بەڵام پاش سالێک، دوای ئەوەی (لویس) کۆچیدوای دەکات (شارلی دەیەم) دەبێتە پادشای وڵات. هۆگۆش بەبۆنەی ئەو گۆڕانکاریەی،چامەیەک بەناوی (تاج خستنەسەری شارلی دەیەم) دەهۆنێتەوە، هاوکات شانۆنامەیەکیش لەسەر (کرۆمێل) ی سەرکردەی شۆڕشگێڕی ئینگلیزی دەنووسێت.

هۆگۆ و ڕۆژهەڵات

دوای ئەوەی هۆگۆ تەورات و ئینجیل و قورئانی وەرگێڕاوی سەر زمانی فەرەنسی و چیرۆکی (هەزار و یەک شەوە) و میژووی موسوڵمانان و ژیاننامەی پێغەمبەر موحەمەد (د.خ) دەخوێنێتەوە، ئارەزووی بۆ ڕۆژهەڵات دەبزوێ و لە ڕێگەی کاریگەری هەمو ئەمانەشدا دیوانێکی دیکە بەناوی (ڕۆژهەڵاتییەکان) بڵاودەکاتەوە کە 22چامەی لەخۆگرتبوو. لەوانە (تریفەی مانگ) و (نەوار). دواتر شانۆنامەی (هەرنانی) یش بە چاپ دەگەیەنێت، کە ئەوکات مقۆمقۆی زۆری لەسەر کرا، هەندێک پەسندیان کرد و هەندێکی دیکەش ڕەتیانکردەوە، لەوانە (هیبۆلّیت) ی ڕەخنەگر وتی : "هیچ هاوبەندییەک لەنێوان سەرەتا و کۆتاییەکەیدا نییە" کە باس لە چیرۆکی دونیاسۆلّی شۆخ و شەنگ دەکات کە سێ کەس شەیدای بوونە لەوانە (دۆن کارلۆس) ی پادشای ئیسپانیا و (دی سلیڤا)ی پڕەمێردی دەروون سووتاو و (هەرنانی) شۆڕشگێڕی لاو. ئەمەو دەقەکە پڕیەتی لە ڕووداو و کۆتاییەکەشی بەو ڕێککەوتنە دێت کە لەنێوان پیرەمێرد و هەرنانیدا دێتەئارا و تێیدا هەرنانی دەتوانێت کچەکە بهێنێ بەو مەرجەی کە هەر کاتێک پیرەمێردەکە داوای خۆکوشتنی لێبکات ئامادەبێت، جا لەگاتی بەیەک گەیشتنی هەردوو دڵداری خۆشەویستی هۆگۆ بەردەوام سەردانی ئەو کۆڕانەی دەکرد کە نووسەرانی وەک (ئەلفرێد دی ڤیێنێ و ئەلفرێد دی مۆسیە و ئەلیسکەنەدر دۆماس) یان لێ کۆدەبۆوە. هەموو بەیانیەکیش خەیاڵ بەرەو کلێسای نۆتردامی سەردەمی شا (لویسی یانزدەهەم) کێشی دەکرد. تا لە ڕۆژی 15ی کانوونی دووەمی سالّی 1841ڕۆمانە نایابەکەی (قەمبووری نۆتردام)ی خستە بەردیدی خوێنەران. کە کەسایەتی قەمبووڕەکە زادەی خەیاڵ و بیرکردنەوەیە و لەسەرچاوە میژوویەکاندا بوونی نییە، لەم بارەمەشیدا مەیلی هەریەک لە (کلۆدفرۆلو)ی قەشە و (کوازیمۆدۆ)ی قەمبووڕ بەرامبەر بە (ئاسمیرالدا) ی کچە قەرەج دەردەبڕێت، کە قەشە بە هۆی ئەوەی ئاسمیرالدا ڕازینابێت پێی، بۆیە دەیەوێت بیکوژێت، بەڵام کارای قەمبووڕ قین لە قەشە هەڵدەگرێت و دەیکوژێت.

لەسالّی 1832شانۆنامەی (پادشا ڕادەبوێرێ) بڵاودەکاتەوە، لەمەشیاندا کەسایەتی فرانسوای یەکەمی پادشای فەرەنسای بەرجەستە کردووە ?بەتایبەتی لایەنە شەهوانییەکەی و شەیدابوونی بە کچی یاوەرەکەی کۆشکی. دواتریش شانۆنامەیەک لەبارەی ژیانی (سیزار بۆرگیا) ی برا دڵڕەق و ستەمکارەکەی ئەو، بەناوی (لوکریزیا بۆرگیا) دەنوسێ. لەسالّی 1837یش دیوانێکی دیکە بەناوی (لەناکاوەکانی دڵ) بڵاودەکاتەوە. کاتێکیش کە لویس فلیپی سەرکردەی وڵات بانگهێشتی ئەدیبە دیارەکانی فەرەنسای وەک لامارتین و سانت بیڤ و میشیلیێ دەکات بۆ ناو کۆشک. هۆگۆش بەپیر دەوەتەکە دەچێت، بەڵام بە درەنگەوە دەگات، دواتر پادشا بە خاتوو نۆرلیانی هاوسەری کوڕەکەی دەناسێنێ، کە ئەم خاتوونە نەوەی ئۆجستی میری ڤایاربوو، ئەو میرەی زۆر خەزی لە ئەدەب دەکرد و دیوەخانەکەشی ببوو بە مۆڵگەی ناودارانی وەک هاردر و شیللەر و کلاسیت. بۆ ماوەیەکی درێژ پەیوەندییەکی بەتین لەنێوانیاندا دێتە ئارا، کە جگە لە ڕێز، سەرسامی خۆشیان لە ئاست یەکتری دەردەبڕن.

هۆگۆ و داستانی سەدەکان

کاتێک کە ناپلیۆنی سێیەم لەسالّی 1851دێتە سەر تەختی دەسەڵاتی فەرەنسا، هۆگۆ ناڕەزایی دەردەبڕێ و لە پێناو داکۆکیکردن لەسەربەستی و دیموکراتی، نەک تەنیا هەر بە قەڵەم، بەڵکو بەکردەوەش هەڵساسەڕێ و جەماوەری هێنایە جۆش و بە پێشەنگی خۆیەوە شقامەکانی لە دژیدا پڕ کرد. کاتێکیش کە زۆری بۆدێت ناچار دەبێت بە ماڵ و منداڵەوە بەرەو دوورگەی گیرسی ناو زەریای ئەتلەسی ڕابکات، لە وێدا سەرقاڵی ڕامان و نووسین دەبێت و شاکارێکی نایابیش لە شێوەی داستانی شیعری درێژ بە ناونیشانی (داستانی سەدەکان) دەنووسێ و تێیدا هەموو بەهرەو توانای خۆی بەدیاردەخا و بە پاڵەوانانی سەردەمە جیاجیاکان هەڵدەڵێت، کە لە چاخە بەراییەکانی ژیانەوە دەست پێدەکات، واتا لە چیرۆکی باوکە ئادەم و دایکە حەواوە دواتر ئەفسانەکانی گریک و ئینجا دەگاتە مەسیح و ڕۆلان و شارلەمان و وەسفی ڕۆژە پڕشنگدارەکانی هەرێەک لە لۆزەنتین و فیلیپی دووەم دەکات، ئەمەو لایەکیش بۆ میژووی موسوڵمانان تەرخان دەکات کە تێیدا شۆڕشی پێغەمبەر (د.خ) و کەسانی وەک عومەر و عەلی کردۆتەوە دەتوانین بڵێین سەردەمی تاراوگە لەگەڵ هەموو ئازارەکانیدا لەبارترین ماوەی ژیانی هۆگۆ بوو، چونکە جگە لە (داستانی سەدەکان) چەندان بەرهەمی دیکەشی نووسی، لە هەموویان دیارتر شاکارە بەپێزەکەی (بێ نەوایانە) کە بە هۆیەوە گەیشتووتە لوتکە و بەهۆیەوە زۆر لەسەرکردەکانی جیهان بەسەریانکردەوە،لەوانە دەسەڵاتداری فلۆرەنسا لەسالّی 1865خەلاتی دانتی پێدەبەخشێ و سەرۆک وەزیرانی پورتووگالیش سەردانی دەکات.

لەسالّی 1870شەڕ لەنێوان ناپلیۆن سێیەم و پسمارکی سەرۆکی ئەڵمانیا بەرپا دەبێت، کە تێیدا هێزە فەرەنسییەکان شکست دەهێنن. بەمەش ڕێگا ئاوالا دەبێت هۆگۆ بگەڕێتەوە پاریس، بەڵام لەکاتی گەڕانەوەیدا شارلی کوڕی دەمرێت و هێندەشی پێناچێت کوڕەکەی تریشی دەمرێت، ئینجا کچە تاقانەکەشی دووچاری شێتی دەبێت.

هەرچەندە هەموو ئەمانە دەبن بە کەسەر، بەڵام ناتوانن هۆگۆ لەنووسین بخەن، ئەوەتا (سالّە بەدەکان) و (دواچەپک) لەو ماوەیەدا دەنووسێت.

لەسالّی 1882بەبۆنەی هەشتا سالّەی لە دایکبوونیەوە، ئاهەنگێکی گەورەی بۆ سازدەکرێت. لە ڕۆژی 18ی مایسی سالّی 1885یشدا سییەکانی دووچاری هەوکردن دەبن. کە تەندروستیشی زیاتر تێکدەچێت، دوا دێڕی بەوجۆرە نووسی "لێرەوە شەو و ڕۆژ دەکوژرێن". ئەوسا بانگی نەوەکەی دەکات و لەئامێزی دەگرێت و بە چاوی پڕ فرمێسکەوە پێیدەڵێت : "دڵشادبووین و لەسەر خۆشەیستیم ببینەوە! کە هەست بە نزیکبوونەی مردنیش دەکات، پۆل مۆریسی هاوڕێی دەڵێت : " تۆ نامریت هۆگۆی بەڕێز". هۆگۆش وەڵامی دەداتەوە :"نەخێر .. ئا ئەوە مردنە سلاوی لێبێت... مالّئاوا". تا لە ڕۆژی هەینی 22ی مایسی 1885تالاوی مردنی چێژت. بە مردنیشی، ئەو قەڵەمە وەستا کە عەقڵ و هۆش و دوروونی، بەرەو گەشاندنەوە کێش دەکرد.

* شک و نووسەرێکی سوریە.

شیعر و گیرۆدەیی



ئەحمەد حاجی سامی

شیعر مرۆیەکی دانەبڕاوە لە ناخی هەر یەکێکماندا، بەو مانایەی کە هەموو کەسێک دەتوانێت شیعر بنووسێت. ئەگەر شیعر دەربڕینی هەست و سۆزی شاعیر بێت، ئایە هەر یەک لە ئێمە خاوەنی ئەو هەست و سۆزە نیە ؟ ئەگەر شیعر نووسینەوەی ئازار بێت، کێ هەیە ئازارێک یان زێتری نەبێت؟ من بڕوام وایە هەموو دەتوانن شیعر بنووسن، هەموو دەتوانن داهێنان بکەن و ببنە شاعیرێک هەرچی کۆژانە بینووسنەوە و هەرچی خەمە بە شیعر لە بیری بکەن، بە مەرجێک خۆیان بیانهەوێت. سەرەڕای ئەوانەش شیعر مرۆیەکی بێ ویژدانە! بەردوو هەڵکشان و بەردوو دابەزت دەبات. شیعر ئەگەر مرۆیەک نەبێت، هەستێکە خودی ئەو کەسە یان دەیکات بە ئەهرێمەن، یان دەیکات بە فریشتە. یان دەیکات بە بکۆژ، یانیش دەیکات بە بەختەوەرترین مرۆڤ. مرۆیەتی شیعر لەوەدایە کە لە ناخی کەسەکە چەکەرە دەکات، وای لێدەکات ئەو کەونە گەورەیە کە هەرچەند بچوکیشە، بە دوای خۆیدا ڕاکێشێت. شیعر کردنەوەی دەرگایەکی دیکەی ژیانە، بۆ ئەوانەی خۆکوژن! زۆربوون ئەوانەی لە شیعردا وەک فریشتە یان وەک شەیتانێک دەهاتنە بەرچاو.

زۆربوون ئەوانەی لە دوایی خۆکوشتنیان کۆتا نامەی مالّئاواییان پارچە شیعرێک بوو، زۆربوون ئەوانەی دوایی گەشتن بە بەختەوەری بە پارچە هۆنراوەیەک گوزارشتیان لە دەوروبەریان کردوە. من شیعرم وەک پەتێک دێتە پێش چاو، لە هەمانکاتیشدا وەک دەرمانێکی نەمری، گومانم نیە ئەوەی بینۆشێت تا هەتایە بە نەمری دەمێنێتەوە. شاعیران زیاتر حەز بە مردنی فیزیکیانە ناکەن، بەڵکو حەز بە مردنێکی بە ئازار دەکەن! شیعر وابەستەی ئازادی و ئازادیش وابەستەی بەرپرسیاریەتیە، بەرپرسیاریەتیش وابەستەی شیعرە، لە کۆتایشدا بۆ خود دەگەڕێتەوە. شۆڕش لە شیعردا سەرچاوەی گرتوە، بە قەد ئەوانەی شۆڕش دەکەن، شیعریش شۆڕش بەرپا دەکات. شیعر فۆرم و وێنە و شێوازە، جیا لەوەی کە تەکنیک و زمانیشە. هەموو شاعیرێک لە دەقدا هەوڵی نووسینەوەی ئەو وشانە دەدات کە نامۆن. وە هەمیشەش هەوڵی نوێگەری و داهێنان دەدات کە ئەوە دەبێ بێتە بەشێک لە پێشینەی شاعیر یان ئەو کەسەی بە شێت ناوی دەبەن کاتێ دەنووسێت! ئەگەر شیعر هەڵگری گوتارێکی مەعریفی و پڕاوپڕ لە ئازاری شاعیر نەبێت، دەبێتە دەقێکی ئیفلیج! وەک ڕژانی ئاوە لە بۆشایی ئاسمان، نە دەکەوێت وە نە بەرزیش دەبێتەوە. شیعر پەیامی پێیە، پەیامێک وا لە مرۆڤ دەکات دارمێت یان بە پێچەوانەوە ببێتە یاخی! یاخیبوونێک هەرچی بریە بیداتە دەست کاروانچیەکان و ببێتە موسافیرێکی ئەبەدی، خۆ ئەگەر شیعر نەیتوانی ئەو گیانە یاخییەت بۆ بەرهەمبهێنێت یان نەتوانێت ئەندێشەت لە کلتورە بۆگەنەکان بمالّێت، ئەوا بیر لە گۆڕانکاری ڕیشەیی بکەوە. پێم وانیە شیعر یاخیبوونێکی بێ ئامانج بێت، ئەگەر شیعر لە هەمبەر نووسینەوە وشە و دار و بەرد، ئەوا هیچ زێدەڕۆیی نیە کە بڵێین: شیعر ژیانە، ئاخر شیعر دەرهاوێشتەی ئەو بزاوتە گەرمەی ڕۆحە کە پێش لە هەناسەدان دەگرێت، جەنگە دژ بە ڕەگ و ڕیشەی خود. شیعر فانتازیایە، بۆ هەمیشە نەگۆڕ دەبێت خۆ ئەگەر مەحاڵیش بێت. شیعر ناوەڕۆکێک دەداتە خوێنەر کە دەیەها پرسیاری لا گەلاّلە دەکات، وێڵی دۆزینەوەی وەڵامەکانی دەکات. شیعر زمانێکە لە بۆشاییەوە هاتووە، جیاوازە لە زمانی هەموو گیانلەبەرێکی سەر زەمین. ئەوەی کە ئێمە لە دەوری چەند وشە و دێرێکدا کۆدەکاتەوە، شیعرە، ئەوەشی کە زمان و شیعریش پێکەوە دەلکێنێت، ئێمەین، بە واتایەکی دیکە ئەو ئارەزوایانەن بۆ شیعر هەمانە. شیعر ناکۆکانە دەدوێ، زمانیش ناکۆکانە ئیش دەکات، ئەوە ئێمەین کە دەبێ ئەو بەربەستانە بشکێنین و بە شێوەیەکی دیکە بۆ شیعر بنواڕین. شیعر برینە، ڕاکێشانی ئەو قەتماغانەن دەمێکە بوونەتە برین و هەرگیز ساڕێژ نابن. ستراکتۆری شیعر لەسەر تەکنیک و زمان و بیرە، بە جۆرێک ئاڕاستەی تاک دەکات لە سامناکترین و خۆشترین کاتەکانیدا بۆ سەروو سروشتی خۆی، نەبوونی هەرێەک لەوانە لەنگی لە دەقەکە درووستدەکات و مانایەکی دیکە بە شێوەیەکی دیکە دەبەخشێتە کۆی نووسینەکە. بەشێکی دانەبڕاوی شیعر، هەقیقەتە، ئەو هەقیقەتە دەستت دەگرێت و تا لوتکەی چیاکە هەنگاوت پێ دەهاوێژێت. هەقیقەت و شیعر دووانەیەکن بەیەکەوە دەنووسرێن و بەیەکەوە مانا دەبەخشنە دەق. هەرچەند پێمایە شیعر بە واقیع ناچوێندرێت، چونکە زۆر شاعیر هەبوون لە بڕی جوانی لە ناشرینی گەڕان، لە بڕی بۆن کردنی گوڵ، قەدەکانیان بۆن دەکرد. ڕاکردن لە هەقیقەت ڕۆحێکی یاخی و بەرەنگاری لە ناو ئێمەمانان چاند بێت، چۆن دەبێ بێ ئامانج بێت؟ ئەگەر ئەو یاخیبوونە بەشێک لە پێشینەی شاعیر یان ئەو کەسەی بە شێت ناوی دەبەن کاتێ دەنووسێت؛ ئەگەر شیعر هەڵگری گوتارێکی مەعریفی و پڕاوپڕ لە ئازاری شاعیر نەبێت، دەبێتە دەقێکی ئیفلیج! وەک ڕژانی ئاوە لە بۆشایی ئاسمان، نە دەکەوێت وە نە بەرزیش دەبێتەوە. شیعر پەیامی پێیە، پەیامێک وا لە مرۆڤ دەکات دارمێت یان بە پێچەوانەوە ببێتە یاخی! یاخیبوونێک هەرچی بریە بیداتە دەست کاروانچیەکان و ببێتە موسافیرێکی ئەبەدی، خۆ ئەگەر شیعر نەیتوانی ئەو گیانە یاخییەت بۆ بەرهەمبهێنێت یان نەتوانێت ئەندێشەت لە کلتورە بۆگەنەکان بمالّێت، ئەوا بیر لە گۆڕانکاری ڕیشەیی بکەوە. پێم وانیە شیعر یاخیبوونێکی بێ ئامانج بێت، ئەگەر شیعر لە هەمبەر نووسینەوە وشە و دار و بەرد، ئەوا هیچ زێدەڕۆیی نیە کە بڵێین: شیعر ژیانە، ئاخر شیعر دەرهاوێشتەی ئەو بزاوتە گەرمەی ڕۆحە کە پێش لە هەناسەدان دەگرێت، جەنگە دژ بە ڕەگ و ڕیشەی خود. شیعر فانتازیایە، بۆ هەمیشە نەگۆڕ دەبێت خۆ ئەگەر مەحاڵیش بێت. شیعر ناوەڕۆکێک دەداتە خوێنەر کە دەیەها پرسیاری لا گەلاّلە دەکات، وێڵی دۆزینەوەی وەڵامەکانی دەکات. شیعر زمانێکە لە بۆشاییەوە هاتووە، جیاوازە لە زمانی هەموو گیانلەبەرێکی سەر زەمین. ئەوەی کە ئێمە لە دەوری چەند وشە و دێرێکدا کۆدەکاتەوە، شیعرە، ئەوەشی کە زمان و شیعریش پێکەوە دەلکێنێت، ئێمەین، بە واتایەکی دیکە ئەو ئارەزوایانەن بۆ شیعر هەمانە. شیعر ناکۆکانە دەدوێ، زمانیش ناکۆکانە ئیش دەکات، ئەوە ئێمەین کە دەبێ ئەو بەربەستانە بشکێنین و بە شێوەیەکی دیکە بۆ شیعر بنواڕین. شیعر برینە، ڕاکێشانی ئەو قەتماغانەن دەمێکە بوونەتە برین و هەرگیز ساڕێژ نابن. ستراکتۆری شیعر لەسەر تەکنیک و زمان و بیرە، بە جۆرێک ئاڕاستەی تاک دەکات لە سامناکترین و خۆشترین کاتەکانیدا بۆ سەروو سروشتی خۆی، نەبوونی هەرێەک لەوانە لەنگی لە دەقەکە درووستدەکات و مانایەکی دیکە بە شێوەیەکی دیکە دەبەخشێتە کۆی نووسینەکە. بەشێکی دانەبڕاوی شیعر، هەقیقەتە، ئەو هەقیقەتە دەستت دەگرێت و تا لوتکەی چیاکە هەنگاوت پێ دەهاوێژێت. هەقیقەت و شیعر دووانەیەکن بەیەکەوە دەنووسرێن و بەیەکەوە مانا دەبەخشنە دەق. هەرچەند پێمایە شیعر بە واقیع ناچوێندرێت، چونکە زۆر شاعیر هەبوون لە بڕی جوانی لە ناشرینی گەڕان، لە بڕی بۆن کردنی گوڵ، قەدەکانیان بۆن دەکرد. ڕاکردن لە هەقیقەت پێشینەی کۆمەڵە کەسێکە کە وێڵی دۆزینەوەی ڕێگەن، لە کاتێکدا نازانن شیعر ڕێگەیەکە جوانیەکان فەرامۆش دەکات و ناشرینیەکان دەردەخات وە بە پێچەوانەشەوە. شیعر زانستە، چونکە لە سەروو سروشتی ئێمەوەیە. هاوکێشەیەکی بیرکارییانەیە ڕاڤەکردنی ئەستەمە. هونەرە، لەبەر ئەوەی شانۆیەک دروست دەکات کارەکتەرەکان ڕوبەڕووی یەکتر دەکاتەوە. هەموو ئەوانەش هەقیقەتن. مۆتیڤەکانی شیعر زۆرن، ئەوەی دەنووسێت و بە شیعر باس لە ئازارێک یان کێشەیەک یان خەمێکی قوواڵ دەکات، مۆتیڤێکی پاڵی پێوە دەنێت، ئەوە جیا لەوەی کە وشە لە ناخ و هزری شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت و لەسەر کاغەزە بێگەردەکان سەما دەکات. شیعر دەربڕینی کۆچێکە شاعیر بۆی دەچێت. ڕەنگە هەرگیز دەرفەتی هاتنەوەی نەبێت و هەتاهەتایە گیرۆدە بێت. شیعر ساتگەلێکە تەنها ئەوەی دەبنووسێت دەزانێت چ چاوەنوارێکی بێ هوودەیە. ئەگەر ئەو بەدبەختییەی کۆتایی هات، ئەوا خۆی لە هەقیقەتێکدا دەبینێتەوە کە نەیبینیوە، خۆی لە چوارچێوەی شیعرێکدا مەڵاس دەدا هەرگیز خەیاڵی بۆ نەکردووە. شیعر هەرچەند بەهێزبوو کاریگەری نابێت، ئەگەر خاڵیبوو لە هەقیقەت، یان لەو میژووەی بەرەنجامی شیعری پێش خۆیەتی. ئەوەی ناتوانین لێی هەڵبێین ئەو هەقیقەتەیە پێش ئەوەی ببینین هەستی پێ دەکەین، پێش ئەوەی ڕووبدات بەسەرمان دادێت. شیعر جۆرە شەڕێکە دەبێ جەنگاوەرانی لە خەیاڵەوە هاتبن، چاو نە ترس بن، لەگەڵ کەوتنی باران بکەون، وەک دەریاکان بێ شێوە بن. لە ناو شیعردا تاریکییەک هەیە، لە کرۆژکی تارماییەکانەوە سەرهەڵدەدات، ئەو تاریکییە سەر بە هیچ ڕەوتێک نیە، بەڵکو لە ناو خودی شاعیردا بوونی هەیە. شاعیر لە ساتێک دەڕوانێت دەتوانین بڵێین سەردەمی تاراوگە لەگەڵ هەموو ئازارەکانیدا لەبارترین ماوەی ژیانی هۆگۆ بوو، چونکە جگە لە (داستانی سەدەکان) چەندان بەرهەمی دیکەشی نووسی، لە هەموویان دیارتر شاکارە بەپێزەکەی (بێ نەوایانە) کە بە هۆیەوە گەیشتووتە لوتکە و بەهۆیەوە زۆر لەسەرکردەکانی جیهان بەسەریانکردەوە،لەوانە دەسەڵاتداری فلۆرەنسا لەسالّی 1865خەلاتی دانتی پێدەبەخشێ و سەرۆک وەزیرانی پورتووگالیش سەردانی دەکات.

لەسالّی 1870شەڕ لەنێوان ناپلیۆن سێیەم و پسمارکی سەرۆکی ئەڵمانیا بەرپا دەبێت، کە تێیدا هێزە فەرەنسییەکان شکست دەهێنن. بەمەش ڕێگا ئاوالا دەبێت هۆگۆ بگەڕێتەوە پاریس، بەڵام لەکاتی گەڕانەوەیدا شارلی کوڕی دەمرێت و هێندەشی پێناچێت کوڕەکەی تریشی دەمرێت، ئینجا کچە تاقانەکەشی دووچاری شێتی دەبێت.


هەرچەندە هەموو ئەمانە دەبن بە کەسەر، بەڵام ناتوانن هۆگۆ لەنووسین بخەن، ئەوەتا (سالّە بەدەکان) و (دواچەپک) لەو ماوەیەدا دەنووسێت.

لەسالّی 1882بەبۆنەی هەشتا سالّەی لە دایکبوونیەوە، ئاهەنگێکی گەورەی بۆ سازدەکرێت. لە ڕۆژی 18ی مایسی سالّی 1885یشدا سییەکانی دووچاری هەوکردن دەبن. کە تەندروستیشی زیاتر تێکدەچێت، دوا دێڕی بەوجۆرە نووسی "لێرەوە شەو و ڕۆژ دەکوژرێن". ئەوسا بانگی نەوەکەی دەکات و لەئامێزی دەگرێت و بە چاوی پڕ فرمێسکەوە پێیدەڵێت : "دڵشادبووین و لەسەر خۆشەیستیم ببینەوە! کە هەست بە نزیکبوونەی مردنیش دەکات، پۆل مۆریسی هاوڕێی دەڵێت : " تۆ نامریت هۆگۆی بەڕێز". هۆگۆش وەڵامی دەداتەوە :"نەخێر .. ئا ئەوە مردنە سلاوی لێبێت... مالّئاوا". تا لە ڕۆژی هەینی 22ی مایسی 1885تالاوی مردنی چێژت. بە مردنیشی، ئەو قەڵەمە وەستا کە عەقڵ و هۆش و دوروونی، بەرەو گەشاندنەوە کێش دەکرد.

* شک و نووسەرێکی سوریە.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/4/25 ژمارە (5737)
خەبات

سیکۆدراما



کەژاڵ حەسەنی

زۆر کەس لایان وایە شانۆکات بەسەر بردنە، هەندێک وەک هونەری نواندن و پیشاندانی تراژیدیا و زیندوو کردنەوەی ئەفسانەکان و بەدی کردنی توانای شانۆکار و سەرجەم ستافی شانۆ سەیری ئەم هونەرە دەکەن .

لەڕاستیدا دەکرێ بڵێین شانۆ هەموو ئەمانە لە خۆ دەگرێت، بەڵام چونکە هونەری شانۆ، هونەرێکی بەرفرەوان و بەربڵاوە، گرنگە ئەگەر بە قۆڵی بە دوای هەموو ئەو هونەرو ئایدیایانەدا بگەڕێین کە لەم هونەرە بە پێزو سیحراوییەدا بگەڕێین و پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین ئاخۆ شانۆ هەر تەنها دەروازەیەکە بۆ دەربڕینی ئەشکەنجەو ئازارەکانی مرۆڤ و گوزارشت کردن لە خەون و خەیاڵەکانی، یاخود دەرخستنی تراژیدیا مرۆیی و ئەفسانەو نواندنە؟



هەمیشە لە کاری شانۆییدا جەخت لە سەر ئەوە دەکرێتەوە کە شانۆ ئامرازێکە بۆ خزمەتی پرۆسە مرۆییەکان و ئایندەی مرۆڤایەتی، بە هۆی شانۆوە کۆمەڵگا دەتوانێت روو بە رووی نەهامەتیەکان بێتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئایا ئێمە چۆن بتوانین ئەو هونەرە بە ئاراستە راستەقینەکەی خۆیەوە بەرین و وەزیفەی شانۆ وەک خۆی بەرجەستە بکەین؟

بۆ ئەوەش ئاراستە راستەقینەکەی شانۆ وەک خۆی بدۆزینەوە، دەبێت سوود لە ئەزموونی گەلانی پێشکەوتوو وەربگرین کە شانۆ وەک هونەرێکی دەرمانکەر بەکاردێنن بۆ چارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانیان و هەندێ کێشەو ئاریشای دەروونی .

پسپۆڕانی دەروونناسی لەو باوەڕدان کە (سیکودراما)کە زاراوەیەکی ئینگلیزییەو وەک چارەسەرێکی دەروونی بەکاردێ و دراما و زانستی دەروونی بە یەکەوە دەبەستێتەوە، یاریدەی مرۆڤ دەدات بۆ هەڵوەشتنی هەست و نەستی خۆی، لە رێگەی بینینی هەندێ نمایشی شانۆیی، کە پەیوەستە بە هەندێ لە پرسە هەنوکەییەکانی، یاخود لە رابووردوودا بە سەری تێپەڕیوە، یاخود رەنگە لە ئایندەدا بەسەری دا تێپەڕێت.

هەر دانیشتنێکی سیکۆدراما90 خولەک تا دوو کاتژمێر دەخایەنێت، بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی لە حاڵەتە کتوپڕەکاندا دروست دەبن، یاخود ئەوانەی روو بە رووی تووندو تیژی بوونەتەوە.

پسپۆڕەکان دەڵێن ئامانج لە سایکۆدراما ، گەڕانە بە دوای چارەسەری ئەو کێشانەی مرۆڤ، بەرێگەی بەرجەستە کردنی واقیع بە نواندن و رزگار کردنی لە گۆشەگیری.

بۆیە چارەسەرێکی کاریگەرە لە رووی دەروونی و جەستەییەوە، کە بەشێوەی تاکەکەسی و گرۆپ کاری پێ دەکرێت، زێتر لە سەدەیەکە (سیکۆدراما) لە خزمەتی مرۆڤایەتی دایە، بە تایبەت بۆ ئەوانەی دووچاری نەخۆشییە دەروونییەکان هاتوون، وەک نەزمونێکی دیارو بەرچاویش سەرکەوتنی خۆی لەم بوارە زانستیەدا سەلماندووە، بە تایبەت لە رووی بەهێز کردنی زاکیرە، هەستی تێگەیشتن، بەهێزترکردنی توانای جەستەیی، کونترۆل کردنی تورەیی.

(لیفی مۆرینۆ) بونیاتنەری سیکۆدراما بووە، کەسێکی دەروونناس بووە، یەکەم کۆمەڵەی بۆ سیکۆدراما دامەزراندووە، هاوکوفی فرۆید نەبووە لە زۆر رووەوە، جەختی لە سەر تۆپژینەوە لە پەیوەندییە مرۆییەکان کردۆتەوە، هەوڵێکی ماندوو نەناسانەی لەم بارەیەوە داوە.

چارەسەر بە سیکودراما لە سەر سێ رەگەزی سەرەکی پێک دێت کە بریتین لە :

دەرهێنەر:

ئەو چارەسەرکەرە دەروونییەیە کە پسپۆرو شارەزای دەروونییە لە بواری سیکۆدرامادا، ئەرکی ئەو دیاری کردنی ئەکتەرەکان و دانانی سیناریۆ و دیاری کردنی شوێنە، لە گەڵ پاراستنی تەواوی نهێنییەکان، لە کاتی دانیشتنە چارەسازییەکان.

ئەکتەرەکان: ئەو کەسانەن کە یاریدەی نەخۆشەکە دەدەن ، بۆ ئەوەی رۆڵی خۆیان ببینن، لە نمایشی شانۆییدا ، کە بە گشتی ژمارەیان لە نێوان 10تا 15 کەس دەبێت.

پاڵەوان:

ئەکتەرەکە نەخۆشەکە خۆیەتی، کە رووداوەکانی شانۆگەریەکەی بە سەردا تێدەپەڕێ و کاری لەسەر و ترسناک بوو ناوی خومبابا بوو، کە رووبەرووی یەکتر بونەوە توانی گلگامیش خومبابا بکوژی ئیتر ناو و ناوبانگی گلگامیش بڵاوبۆوە بۆیە خوداوەندی عشتار خۆی لێ نزیک دەکاتەوە و دەیەوێ هاوسەرگیری لەگەڵدا بکا بەڵام گلگامیش ئەوە رەتدەکاتەوە بۆیە خواوەندی عشار هەست بە اهانە دەکا و زۆر تورە دەبێ بۆیە داوا لە ئانوێ باوکی دەکا کە بە خوداوەندی ئاسمان ناسرابوو تۆڵەی لێ بکاتەوە، باوکیشی گامیشی پیرۆز (ثور مقدس) لە ئاسمانەوە دەنێری بۆ تۆڵە سەندنەوە بەڵام انکیدو دەتوانی بە هێز و توانای خۆی قۆچەکانی گامیشەکە بگرێ و دەستی بەسەردا بگرێ و گلگامیشیش بیکوژی، پاش کوژرانی گامیشەکە خواوەندی عشتار کۆبونەوەیەک بە دەروبەری خۆی دەکا کە چۆن ئەو تۆڵەیە بکەنەوە چونکە گامیشەکە پیرۆز بوو لە ئاسمانەوە نێردرا بوو، خواوەندی عشتار بریار لەسەر کوشتنی انکیدو دەدا چونکە مرۆڤێکی ئاسایی بوو بەڵام گلگامیش لە دایکەوە خواوەند بوو بۆیە خوێنەکەی خوینی خوداوەند بوو نەدەکرا بریار لەسەر کوشتنی ئەو بدرێ، پاش کوژرانی انکیدو گلگامیش تووشی غەم و ئازار و پەژارە دەبێ بە لە دەست دانی هاوڕێ رووحیەکەی و نایەوێ بروا بە مردنی انکیدو بکا بۆیە ڕێگا نادا بینێژن کە لە دوای هەفتەیەک دەبینی لاشەکەی کرمی دەبێ بۆیە بە ناچاری خۆی دەینێژی، لە دوای مردنی هاوڕێ میهرەبانەکەی هەست بە مەترسی مردن دەکا جل و بەرگی جوان و کەشخەی پاشایەتی فرێ دەدا و پێستەی ئاژەڵ دەپۆشی چونکە دەزانی ئەویش مرۆڤێکی ئاسایی یە رۆژێ لە رۆژان دەمرێ بۆیە لە شاری اورک دێتە دەرو دەربەدەر دەبێ و دەچێ لە دووای ژیانی ئەبەدیەت دەگەڕێ چونکە ژیانی ئەبەدیەت تەنیا بۆ خواوەندەکانە گلگامیش دەزانێ یەکێک بە ناوی اوتنابشتم و خێزانەکەی لەسەر فەرمانی خوداوەند رزگاریان بووە لە تۆفانی نوح و خوداوەند ژیانیکی ئەبەدی پێ بە خشیوون بۆیە گلگامیش دەچێتە لای اوتنابشتم داوای ژیانێکی ئەبەدی لێدەکات ئەویش پێی دەڵێ ئەگەر بتوانی شەش تا حەفت رۆژ نەخەوی دەگەیە ژیانێکی ئەبەدی بەلام گلگامیش لەو تاقی کردنەوەیە سەرناکەوی فەشەل دێنی بەلام گلگامیش هەر جەخت لەسەر داواکەی خۆی دەکا کە رێگایەکی تری بۆ پەیدا بکەن تا بگات بە ژیانی ئەبەدی، خێزانەکەی اوتنابشتم دڵی پێ دەسوتێ و پێی دەڵی لە ژێر دەریای (دڵۆن) کە بەحرینی ئێستایە رووەکێکی سحراوی هەیە ئەگەر بتوانی بەدەستی بهێنی ئەو گەنجایەتیت بۆ دەگەڕێتەوە و ژیانێکی ئەبەدیت دەبێ، گلگامیش بۆ ئەو مەبەستە ملی رێگا دەگرێ توشی کۆمەڵێک شەر و پێکدادان و گیروگرفت دەبێ لەگەڵ ئەژدیها و ئاژەڵی ترسناکی وەحشی تا دەگاتە دەریاکە و دەتوانی بە مەلەوانی بچێتە ژێر دەرریا و رووەکەکە هەڵقەنێ پێتش ئەوەی بگەڕێتەوە شاری اورک و کە بە نیاز بووە پێتش ئەوەی خۆی بیخوا بە پیاوێکی بە سالاچووی تاقی بکاتەوە لادەدا و رووەکەکە دادەنێ دەچێ خۆی بشوا مارێک رووەکەکە دەخوا و گلگامیش بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە شاری اورک و چاوی بەو شورە گەورەو عەزیمە دەکەوێ کە خۆی لە دەوری اورک دروستی کردووە و دەڵێ کارێکی وا گەورە باشترین رێگایە بۆ مانەوەی ناوی مرۆڤ بە ئەبەدیەت پاشان گلگامیش وەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی دەمرێ خەلکی اورک هەمووی خەمبار دەبن و ناوێک بۆخۆی لە دوای خۆیدا بەجێ دێلی.

تێبینی

گلگامیش لە سەدەی 26ی پێش زایینی ژیاوە

- مانای گلگامیش (ثور کهیف)

واتە : گل - زەبەلاح، گەورە

گامیش - ثور

تەنیا لە زمانی کوردیدا بە (ثور دەگوترێ گامیش


ملحمەی گلگامیش
The Epic of Gilgamesh



د. یوسف عبدالقادر

ملحمەی گلگامیش بە گرنگترین و کۆنترین داستانی میژوویی سومەری دادەنرێت گلگامیش پێنجەمین پادشای اورکی ورکای سومری بووە سێ بەشی مرۆڤێکی ئاسایی بووە تەنیا یەک بەشی خوداوەند بووە چونکە باوکی کە ئەوش پادشای اورک بووە بە ناوی لۆغال پاندا مرۆڤێکی ئاسایی بووە بەڵام دایکی بە ناوی نینسون خوداوەند بووە، گلگامیش سەرگەردان بووە بە دوای ژیانیکی ئەبەدی گەراوە بۆ ئەم مەبەستە هەمیشە لە مملانێدا بووە تا ئەنجامدا دەگاتە ئەو بروایەی کە دەبێ وەک مرۆڤێکی ئاسایی بمرێ تەنیا ناوێکی ئەبەدی لە دوای خۆیدا بەجێ بهێڵێ.

ملحەمەی گلگامیشی سومەری بە شێوەی شیعر بە خەتی بزماری لەسەر 12تابلۆدا نووسراوە، ئەو تابلۆیانەش بە رێکەوت لە سالی 1853ی زایینی لە کتێبخانەکەی پادشای ئاشوری ئاشور بانیبالّ لە موصل دۆزراوەتەوە کەوا ئێستا تابلۆکان لە مۆزەخانەیەکی شاری لندن پارێزراوە.



گلگامیش فەرمان دەدا دەوروبەری شاری اورک بکرێتە شوریەکی زۆر گەورە کە لە پاشان لە لایەن سەرجۆنی ئەکەدی تێک دەدرێ.

گلگامیش پادشایەکی خۆشەویست نەبووە لە لایەن دانشتوانی اورک بۆیە داوایان لە اوروی خواوەند کردووە کە لە زولم و زۆرداری گلگامیش رزگاریان بکا خوداوەندیش داواکەیانی قەبول کردووە مرۆڤێکی ترسناکی دروست کردووە پرچێکی درێژ کە سەرتاپای لاشەی داپۆشیبوو و خواردنی گیا و گول بووە و لەگەڵ ئاژەڵەکانیش ئاوی دەخواردەوە ناوی انکیدۆ بووە، انکیدو زۆر دژی راوچیەکان بووە هەمیشە نێچیری لە تەلەی راوچیان رزگار دەکرد ماوەی نەدەدا بە مەرامی خۆیان بگەن، بۆیە گلگامیش داوای لە یەکێک لە خزمەتکارەکانی پەرستگا کرد کە ناوی شمخات بوو کە انکیدو بۆ لای خۆی رابکێشی و بە عەشقی خۆی سەرمەستی بکا و لەگەلی جووت بێ، بەوەش گلگامیش سەرکەتنی هێنا و ئاژەلەکانی لە انکیدو دوور کردەوە ئەو ئافرەتە خزمەتکاری پەرستگای خواوەندی عشتار بوو راسپاردرابوو کە انکیدو فێرە ژیانێکی شارستانیانە بکا کە چۆن خواردن دەخواتەوە و جل و بەرگ لەبەر دەکا ، لەو ماوەیەدا انکیدو زۆر خو بە شمخات دەگرێ و دەیەوێ هاوسەرگیری لەگەل بکا بەڵام هەست دەکا گلگامیش رێگرە بۆیە بریار دەدا رووبەرووی گلگامیش ببتەوە هەردووکیان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە رووبەرووی یەکتر دەبنەوە لە ئەنجامدا گلگامیش بەهێزتر دەبێ و سەردەکەوێ و انکیدو کە داری ارز لە نێوان هەزار تا سێ هەزار ساڵ دەژی و درێژی لە نێوان سی تا چل مەتر دەبێ (بە لاتینی پێی دەڵێنcedrus) لە فەسیلەی سنوبەرە و دائم سەوزە) بەڵام بۆ ئەوەی بتوانی ئەو کارە بکا پێشەکی دەبێ پاسەوانی دارستانەکە لە ناوبەرێ کە ئەژدیهایەکی زۆر سەیرو شێوە سوود لەو زانست و هونەرە تێکەڵاوە وەر بگرین، گەنجەکان و خێزانەکان هان بدەین بۆ پەرەپێدان و گرینگی دانی زیاتر بەم چارەسەرییە کە هەم چێژە و هەم دەرمان، شانۆ ڕۆح بە یەکەوە دەبەستێتەوە و چارەی ئێش و ئازارەکانی دەکات، بۆیە دەبێ ڕێگا بە سیکودراما بدەین بێتە نێو ژیانمانەوە.

نامەکانی ئیشق، هەموو بەیانییەک



سەردار کەرکوکی

3

ئەم بەیانییە روحی چیمەنی کێژ و کوڕان بۆنی ئەوینی گرتووە، ئاوەزم سەراپا شیلاوی ئیشقی تۆی لێوانلێوە، لە سەر گوێسەبانەی قالانتاینەوە جریوەی ئەوینم نیترگزەجارێکی یەقین و ئەبەدییە، پەنجە تەزیوەکانت بنێ نێو لەپەمەوە، با وەک جەستەی ئامێزم گەرمیان دابێنم، لێوەکانت بە قەد و قامەتی ماچا هەڵزنێنە، شنەی سپێدە دڵسۆزترین کەسی منە بەوی بسپێرە بۆم دێنێ، نەک ئەو ماچە پڕ شیلانەی هەنگوینی بە بادا ڕەوانە بکەی نەبا ببێتە گێژەڵوکە و ئەو چاوە ڕەشانەی چاوەنواڕیم کاڵ بکاتەوە، هێندە ئاشقتم نەک بە خەیاڵ گەرەکمە بە کردەنیش هەمیشە دەست لەملانێم بکەی، غوربەتیم بە نیگای سۆماکانت دەتارێ، چاوەڕوانیم بە بزەیەکت دەبێتە خانەخوێی جەژن و هەڵپەڕکێ دادەبەستێ، بە گەورەیی و جوانی ئەم سپێدە کاتێ پێڵوی چاوەکانت هەڵدەبڕی و باڵەکانت ڕادەوەشێنی بیری ماچەکانی لێوە بە ترسەکانم بکەوە، یەکەمین جێ ژوانی ماچ گەواهیمان بۆ دەدا، ئەو دەمەی داچەمیمەوە دەستەکانتم ماچ کرد، سەرانا هەموو لەزەت و شیلەی ئیشقی خۆم بە سەر لەپی دەستەکانتان باران و شۆڕ بوونەوە بە سەر پەنجەکانت، ئەم بەیانییە بیری یەکەم ئاوێزان بوونمان لە باڵەفڕخانەکە بکەوە، چ هەستێک بوو شاگەشکەی کردین، ئەم بەیانییە بیری ئەوکە پڕ لە گریانەکەم بکەوە کە نەم دەویست لە من بچی، بیری ئەو نامەی ڕۆژی دوایی بکەوە سەراپا ژینمانی گۆڕی، ئەو دەمە پەنجەکانت بە تاسوقەوە وەک ناخت دوان، گوتیان: ((کە هاتم تۆند لە باوەشتم بگرە)) بەیانیت بە یادی یەکەم ئاوێتەبوونی یەکتریان جوانتر بکە ، بەیانیت گوڵ گوڵەکەم، لە گوڵ گوڵتر .

4

بەیانییە و لە ژووڕێکی سیغناخی نامۆیی نوێدا ژێی و وشە نەوتراوەکانت بڵێیتەوە، هاوارا گەرو خنکاوەکەت سەربدەی، جەستەت بە هەر شێوەیێک بەکار بێنی، لا داپۆشراوەکەی دوور لە ئاداب و نەریت، کە هەموو کات دەبێ ئاگاداریان بی، لەسەر تەختەی شانۆ بیانخەیتە ڕوو، لێ دەگەڕی هاوار بکات ، بگریت و بە قاقا پێبکەنێت، بەم شێوەیە زامە شاراوەکان هەڵدەوەڕێت و تیمار دەکرێن، خەموکیەکان، تووندوتێژیەکان، دژایەتیەکان ڕوو لە کەم بوونەوە دەکەن و ئەم ڕەوتە بەردەوام دەبێت ، تا کەسەکە جیهانە نەخۆشەکەی خۆی بە جێ دەهێڵێت .

5

ئەم بەیانییە هێشتان خۆر دەستی لە ملی ماچی ڕۆشنایی نەکردووە، هەنگاوەکانم خۆیان خێران و من پێموایە سست و خاون و ناجوڵێن، ئینۆسەکەم تۆ دەزانی من شەڵتانی ئیشقت بوویم و شیلەی ترۆپکم لێ دەچۆڕێ ، هۆکارگەلێ لە تەک هەنگاوەکانم خاون خاو، نازانم من پەلەمە یا ئەوان نارۆن، دیقەتی سروشت دەدەم خۆی لە تەدارەک داوەو ڕازاوەتەوە ئیدی لام سەیرە نازانم من جوانی دەبینم یا بۆ من و تۆ خۆی لە بااڵیی دوندی جوانی ناوە، ئەم سپێدە ڕۆژێکە لەو ڕۆژانەی بە ئاوی زێڕ دەینووسینەوە، ڕۆژێکە خەرمانی گوڵ هەڵدراوە و تۆ لە تێکرای جوانتری، ڕۆژێکە هەردووکمان نازانێ چۆن ناخی پڕ ئاە و کرووزانەوەمان بۆ یەکدی دەبڕین، ڕۆژێکە خەو تارە لێمان، بولێڵی سبەینان بە شەبەقی نەورۆزی دەبینین، مەیلمان لێیە گۆرانی سوتان بۆ یەک بڵێین، حەز دەکەین تێرتێر یەک لە باوەش بگرین، بشێ کەی ئەو ئامێزەمان بە سینگی یەکتر تینوێتی یەک بشکێنێ و گەرم بنەوە، دەزانم دڵم بێ تۆ ناسرەوێ دەزانی بۆ.... ؟ چونکە ناخ و ڕووخسارت پاک و جوانن، لە گوڵ گوڵتران.

ئەڵمانیا

٢١-٢٣/ ٢/ ٢٠١٩







بەبەشداری 62 شەترەنجزانی کوڕ و کچ
13ەمین پاڵەوانێتی شەترەنجی کلاسیکی خانزاد سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو

لەماوەی نێوان 17-21/4/2019 سێنزەمین پاڵەوانێتی شەترەنجی کلاسیکی خانزاد لە هۆڵی یانەی خانزاد لە شاری هەولێر سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو.

ئەم پاڵەوانێتییە کە بە سیستمی سویسری (9راوند) و بەشداری 62 شەترەنجزانی کوڕ و کچ و بەسەرپەرشتی کاوە خەلیلی ناوبژیوان و ڕێکخەر نێودەوڵەتی و ناوبژیوانێتی دیار حەمەسالح قادر و دڵپاک عەلی بەڕێوەچوو، پاڵەوانێتییەکەش لەلایەن یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییەوە تۆمارکراوە.

لەبەر بەهێزی رکابەری نێوان بەشداربووان کە لە وڵاتانی ئێران و سوریاو شارەکانی عێراق بەشداریان کردبوو، تا راوندی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە دەرنەکەتبوو، ئەمەی خوارەوەش ئەنجامی کۆتایی پێشکەوتووانە لەسەر ئاستی کوڕان و کچان:

*** کوڕان:**

دیدار محەمەد زاهیر پلەی یەکەم

نەمیر ئیسماعیل پلەی دووەم

ئیسماعیل ئەلفارس پلەی سێیەم

*** کچان:**

کارین کەمال پلەی یەکەم

سارا مەسعوود پلەی دووەم

دلین کەمال پلەی سێیەم

ئا/ هاوار

پارێزگاری هەولێر و نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان
پیشانگایەکیان لە ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی کردەوە

بەبۆنەی 121مین ساڵیادی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەنێوی (کوردستان) کە لەقاهیرەی وڵاتی میسر لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانییەکان دەرچوو ، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و ئازاد حەمەدەمین نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و تاهیر عەبدوڵا جێگری پارێزگاری هەولێر و جەلال پەرێشان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و ڕۆژنامەنووسی بواری وەرزشی و ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان و وەزرشدۆستان پیشانگایەکی چالاکیی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی لە هۆڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کرایەوە ، کە تێیدا ژمارەیەک وێنەی فۆتۆگرافی چالاکی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی لەلایەن فۆتۆگرافەری بەتوانا ئەردەلان هەولێری ئامادەکرابوو .

پێشمەرگەی هەولێر چەند هەنگاوێکی ماوە بۆ بەدەستهێنانی خولی پلە نایابەکانی کوردستان

لەیاریەکانی قۆناخی دووەم و گەڕی بیست وچوارەمی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان ئەم سێشەممەیە چەند یاریەیەکی گرنگ و چارەنوسساز لەشارو شارۆچکەکان ئەنجامدران، لە گرنگترین یاریشدا، یاری نێوان پێشمەرگەی هەولێر و پێشمەرگەی سلێمانی بوو ، یاریەکە لەبەرژەوەندی پێشمەرگەی هەولێر بەئەنجامی دوو گۆڵی خاوێن بەکۆتایی هات، بەم بردنەوەیە پێشمەرگەی هەولێر بەسەرپەرشتی ڕاهێنەری بەتوانا سەمیر بابۆ بەکۆکردنەوەی 47خاڵ پێشەنگی قایمتر کرد وچەند هەنگاوێک ماوە بەنازناوەکە شادبێتەوە، لەلایەکی دیکەوە هەردوو یانەی هەولێر و ئاکرێ بەیەکگەیشتن، یاریەکە بۆ یانەی هەولێر زۆر چارەنووسسازبوو، چونکە دۆراندنی یانەی هەولێر لەدابەزینی بۆ یانەپلەیەکان نزیکتر دەکاتەوە، بەڵام یانەی هەولێر ئەمجاریان توانی یاریەکە لەبەرژەوەندی خۆی بەئەنجامی 2-1گۆڵ بەکۆتایی بهێنێت و 3خاڵی گرینگی لەیاریەکە لەسەر دەستی ئاکرێ دەستکەوت، بەم بردنەوەیە هەولێر دوای کۆکردنەوەی 27خاڵ هاتە پلەی دوانزدەهەمینی ڕێزبەندی خولەکە و هەنگاوێک لەمەترسی دابەزین هاتە پێش ڕێزبەندی خولەکە.

لەیاریەکی دیکەدا یانەی زاخۆ پێشوازی لەیانەی برایەتی کرد، یاریەکە لەبەرژەوەندی خاوەن یاریگا بەکۆتایی هات، دوای ئەوەی یانەی زاخۆ بەتاکە گۆڵێکی بێ وەڵام توانی لەیانەی برایەتی ببات‌ەوە، بەم بردنەوەیە زاخۆ بەکۆکردنەوەی 29خاڵ لەپلەی دەیەمینی ڕێزبەندی خولەکەدا دەبینێت، لەبەرانبەر یانەی برایەتی بەم دۆراندنە دوای کۆکردنەوەی 27خاڵ لەپلەی یازدەهەمینی ڕێزبەندی خولەکەدا بەجیاوازی گۆڵ لەپێش یانەی هەولێردایە، ئەگەرچی یانەی برایەتی لەم یاریەدا سەرکەوتنی بەدست بهێنابوایە ئەوا لەمەترسی دابەزینی بۆ ڕێزی یانە پلە یەکەکان ڕزگاری دەبوو، بەڵام ئێستا هەریەک لەیانەکانی هەولێر وبرایەتی گازی باکوور بۆ مانەوە لەیاریەکانی داهاتوو دەجەنگن ، بۆیە یاریەکانی ئەو سێ یانەیە زۆر هەستیار و گرینگ دەبێت، لەیاریەکی دیکەدا لەنێو یاریگای پیرمام ، هەردوو یانەی ئارارات و شێروانە بەیەکگەیشتن، لەئەنجامدا یانەی ئارارات بەرانبەر شێروانە بەبێ گۆڵ یەکسانبوون و هەریەکەو خاڵێکی یاریەکەیان بەرکەوت، بەم یەکسانبوونە ئارارات لەڕکابەری پلەی دووەم لەگەڵ یانەی نەورۆز دوور کەوتەوە و ئێستا یانەی ئارارات بە 38خاڵ لەپلەی سێیەمدا دەبیندرێت، یانەی نەورۆزیش دوای بردنەوەی لەیانەی زێرەڤانی بەئەنجامی تاکە گۆڵێکی بێ وەڵام یانەی ناوبراو بەکۆکردنەوەی 41خاڵ لەپلەی دووەمدا جێگر بووە، بەمشێوەیە ئەم هەفتەیە یاریبە هەستیارەکان بەسەرکەوتوویی بەڕێوەچوو، یانەی هەولێریش هەنگاوێک لەدابەزینی بۆ خولی یانە پلەیەکەکان دوور کەوتەوە.

ڕێزبەندی خولەکەیش لەپلەی یەکەم تاپلەی پێنجەم بەمشێوەیە دەبێت:

1-پێشمەرگەی هەولێر 47خاڵ

2-نەورۆز 41خاڵ

3-ئارارات 38خاڵ

4-پێشمەرگەی سلێمانی 36خاڵ

5-دهۆک 33خاڵ

ئا: سەرهەنگ ئەجمەدین

ئەحمەد فەرخۆ یاریزانی یانەی وەرزشی هەولێر:
تا دواساتەکان بۆ بردنەوەو مانەوە لەخولی نایابی کوردستان دەجەنگین

دیمانە: سەرهەنگ ئەجمەدین

ئەم وەرزە لەخولی نایابی کوردستان کۆمەڵێک شتی سەرنج ڕاکێش و شتی نامۆ بیندرا، لەگەڵ دەستپێکی خولەکە بینیمان چەندین یانەی بەهێزی سالانی ڕابردوو کەپاڵەوانی خولی کوردستان بوون، بەڵام ئەم وەرزە ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە دانەبەزنە ڕیزی خولی یانە پلەیەکانی کوردستان، بۆئەم مەبەستە و تیشک خستە سەر خولی نایابی کوردستان بەگشتی و یانەی هەولێر بەتایبەتی بەباشمانزانی دیمانەیەک لەگەڵ یاریزانی یانەی هەولێر ئەحمەد فەرخۆ حەسەن کەناسراوە بەماتیۆس ساز بدەین و سەرەتا لەبارەی چۆنیەتی هاتنی بۆ نێو دونیای وەرزش دەستمان بەدیمانەکە کردو یاریزانی ناوبراو بەمشێوەیە وەڵامیدانەوە و گوتی: سەرەتا لەتیپە میللیەکان دەستم بەوەرزشکردن کرد و پاشان بۆ یانەکانی ئارارات وبروسک و پێشمەرگەی هەولێر یاریم کردووە و دوا وێستگەی وەرزشیم لەم کاتەدا لەیانەی هەولێرە و لەم یانەیە بەدڵخۆشی یاری دەکەم.

سەبارەت بەئاستخراپی یانەی هەولێر لەخولی نایابی کوردستان یاریزان ئەحمەد فەرخۆ بۆ ئەم مەبەستەیش گوتی: زۆر هۆکار هەن کەبۆتە دابەزینی ئاستی تیپەکەمان لەخولی نایابی کوردستان، بەڵام ئەم وەرزە بەگشتی یانەکەمان لەبارودۆخێکی باش نابیندرێت، بەتایبەتی لەسەرجەم یاریبەکاندا متمانە لەسەر یاریزانە لاوەکان کراوە ، بۆیە هەر تیپێک متمانە لەسەر یاریزانی لاو بکات ،پێویستە چاوەڕێی هەموو ئەنجامێکی باش و خراپ بکات، بەڵام ئەم بارودۆخە کاتییە و تێپەڕ دەبێت.

سەبارەت بەڕۆیشتنی بۆ یانەیەکی دیکە دوای کۆتایی هاتنی خولی کوردستان ئەو یاریزانە بۆ ئەم پرسەیش گوتی: بڕوا ناکەم بیر لەهیچ یانەیەکی دیکە بکەمەوە جگە لەیانەی هەولێر نەبێت کەتیایدا تارادەیەکی زۆر باش ئاسوودەم، بۆیە هەرگیز بیرم لەڕۆشیتن لەم یانەیە نەکردووە و تائەوان کاریان بەمن بێت من لەخزمەتی ئەو یانەیەدام .

هەر لەبارەی پێشخستنی ئاستی یانەکە و جێهێشتنی ڕاهێنەر عەبدوڵا مەحمود یاریزان ئەحمەد فەرخۆ بۆ ئەم دوو پرسەیش دەڵێت: هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەم بۆکرد کە ئەم وەرزە تیپەکەمان متمانەی لەسەر یاریزانە لاوەکان دەکرد، هەروەها لەبارەی جێهێشتنی ڕاهێنەر عەبدوڵا مەحمود ئەم بڕیارە پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە، بەڕای من ڕاهێنەر عەبدوڵا مەحمود ڕاهێنەرێکی سەرکەوتووە، لەیانەکەشدا سوودێکی زۆرمان لێ بینی، بەڵام ڕێیشتنی لەیانەکە هیچ یاریزانێک پێی خۆش نەبوو، ئیدی ئەو بڕیاری خۆیەتی و بەرژەوەندی خۆی، بێگومان خۆی باشتر دەزانێت.

هەر لەبارەی ئەو یاریبانەی کە ماون و هەروەها کاریگەری لەسەر ئەنجامی ڕێزبەندی یانەکە دەکات لەکاتی هەر دۆراندێک و ئەنجامێکی خراپ لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا ئەحمەد گوتی: هەموو هەولێکی خۆمان خستە گەڕ تا لەزاخۆ ببەینەوە، بۆ یاریبەکانی داهاتووش دووبارە دەیڵێمەوە تا دواساتەکان بۆ بردنەوەو مانەوە لەخولی نایابی کوردستان دەجەنگین.

ئۆساکا گەورەترین سوودمەندە
هالیپ لە پاڵەوانێتی شتوتگارت کشایەوە

سیمۆنا هالیپی کچە تێنسزانی ڕۆمانی و پۆڵینی دووەمی جیهانی کشانەوەی خۆی لە پاڵەوانێتی شتوتگارت بۆ تینس ڕاگەیاند و کە پێشتر بڕیاریدابوو بەشداری بکات.

هالیپ بەر لەچەند ڕۆژێک لەدەستپێکردنی شاڵەوانێتی شتوتگارت، لە خولی وڵاتەکەی تووشی پێکان بوو، بەمەش ناتوانێت بەشداری بکات و خۆکێشانەوەی ڕاگەیاند، بەمەش گەورەترین سوودمەندی ئەو بڕیارەی هالیپ لە شتوتگارت، نعومی ئۆساکای ژاپۆنییە، چونکە ئەگەری زۆر هەبوو ئەگەر هالیپ بەشداری بکات ئەوا ئۆساکا پێشەنگی پۆڵینەکە لەدەست بدات.



یۆڤی بەدوای جێگرەوەی رۆنالدۆ دەگەڕێ

رۆنالدۆ پێشنیاری یاریزانێکی خولی پورتوگالی کردووە بۆ یۆڤینتۆس

هاوار موڕتکەیی

ڕاپۆرتە وەرزشییەکان باڵاویان کردەوە کە یانەی یۆڤینتۆسی ئیتاڵی نیازیەتی گرێبەست لەگەل جواو فیلیکسی ئەستێرەی یانەی بەنفیکای پورتوگالی ببەستێت.

ڕۆژنامەی ئەپۆلای پورتوگالی باڵاوی کردەوە کە خووەدی کریستیانۆ رۆنالدۆ ئەو یاریزانە تەمەن 19ساڵانەی پێشنیار کردووە کە یانەی یۆڤینتۆس بۆ شوێنگرتنەوەی بیهێنێتە ریزەکانی، ڕۆژنامەکە زیاتر ڕوونی کردۆتەوە کە رۆنالدۆ بەنیازە چەند ساڵێکی تر لە یۆڤی یاری بکات و بۆ ئەمەش دەیەوێ ریزەکانی بەهێز بکات بۆ ئەوەی لەماوەی ئەودا زۆرترین دەسکەوت بەدەست بهێنن.

فیلیکس ئێستا یەکێکە لە دیارترین ئەو ئەستێرە دەرکەوتووانەی جیهان کە چەندین یانە چاویان بڕیوەتێ لەوانە مانچستەر سیتی و ریال مەدرید و پاریس سان جێرمان، بەڵام نرخی ئەو یاریزانە بەرزە و یانەی بەنفیکا ئامادەیی دەربڕیوە لەبەرامبەر 120ملیۆن یورۆ دەستبەرداری بێت، فیلکس ئەمساڵ لە خولی پورتوگال 37یاری ئەنجامداوە توانیوەتی 16گۆڵ تۆمار بکات و 9 گۆڵیش دروست بکات.

لە کەسنەزان خولێکی تۆپی پێ بەڕێوەچوو



بە ئامادە بوونی هێریش مەلاجەوهەر بەرپرسی لیژنەی ناوچەی کەسنەزان و مەیسەر عوبید سکرتیری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، سەفین کاوێس بەرپرسی ناوەندی باڵای دەشتی هەولیر و بەرپرسانی حزبی و حکومی و لاوانی سنورەکە، لە دڕێژەی کارو چالاکییەکانی ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوانی کەسنەزانی سەر بە ناوەندی باڵای دەشتی هەولیری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کۆتایی بە خولێکی تۆپی پێ بچووککراوە هێنا.

لە یاری کۆتاییدا هەردوو تیپی لاوانی خواکورک و کاریز بەیەک گەیشتن و تیپی لاوانی خواکورک توانی بەلێدانی یەکلاکەرەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنن و ببێتە پاڵەوانی خولەکە، لە کۆتاییشدا لەلایەن بەرپرسانی ئامادە بوو خەلات و دیاری بەسەر سەرکەوتووواندا دابەشکرا.

بۆ دووەم جار لەسەر یەکتری

چاڤی دەبێتە باشترین یاریزان لە خولی پاڵەوانانی ئاسیا



چاڤی هێرناندیز یاریزانی پێشووی بەرشلۆنە و کاپتنی ئێستای یانەی سەدی قەتەری دوای ئەو ئاستە بەرزەی پێشکەشی دەکات لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا، بۆ جاری دووەم بەباشترین یاریزان دەستنیشان دەکرێت.

چاڤی لە دوایاریان لەو خولەدا توانیان لە یانەی باختاکوری ئۆزبەکی بەئەنجامی 1-2گۆل ببەنەوە و گۆڵی یەکەم لەلایەن چاڤی بە لێدانی راستەوخۆ توانی تۆماری بکات و گۆڵی دووەمی یانەکەشی هەر ئەو دروستی کرد.

ئەمەش دووەمجارە ئەو یاریزانە تەمەن 39ساڵییە ئەو خەلاتە بەدەست دەهێنێت، کە پێشتر لەهەمان خول دەستنیشانکرابوو، ئەو گۆڵەی کە تۆماریشی کردبوو یەکیکە لە گۆڵە جوانەکانی ئەمساڵ لەم پاڵەوانیتییە و گۆڵەکە خرایە ناو لیستی گۆڵە جوانەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا بۆ رکابەریکردن لە نازناوی جوانترین گۆڵ.

سەدەف خانمی رەتی کردەوە بگەڕێتەوە وڵاتەکەی

ئەو فێدراسیۆنە دەڵێت بەرپرسایەتی کێبرکێیەکەی خادەم لە فەرەنسا لە ئەستۆی خۆی و بەڕێوەبەرانی ئەو کێبرکێیەیە.

فێدراسیۆنی مشتەکۆڵەی ئێران لە راگەیەنراوێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم فێدراسیۆنە لە چوارچێوەی خاماندا کار ناکات و کێبرکێ و راهێنانی ئەو وەرزشە لە هەر کوێ بێت بەرپرسایەتی لە ئەستۆی ئەنجامدەرەکەیەتی.

سەدەف خادەم 13ئەم مانگە لە فەرەنسا بوو بە یەکەم ئافرەتی ئێرانی کە لە کێبەرکێیەکی فەرمیدا بەشداری بکات، وەرزشوانانی ئافرەت لە ئێران بە پێی یاسا تەنیا دەتوانن لە هەندێ وەرزشدا و بە حیجابی تەواو بەشدار بن و مشتەکۆڵە پاش شۆڕشی ئێران قەدەغە کرا.



بەشداری سەدەفی خادەم بە بێ حیجاب بوو بە هۆکاری نێگەرانی لە بارەی کاردانەوەی بەرپرسان بە شێوەیەک ئەم خاتوونە بیتاقەی گەڕانەوەی هەڵوەشاندنەوە و لە کۆتا هەواڵدا کە لە ئێران بڵاو بوویەوە حوکمی دەسبەسەرکردن بۆ خاتوو خادەم دەرچوو.

خادەم لە دیمانەیەکی ڕۆژنامە دەڵێت:" من لە کێبەرکێیەکی یاسایی بەشدار بووم، بەڵام چونکە بە تیشێرت و شۆرتی وەرزشی دەرکەوتم کە لە هەموو جیهان ئاساییە بەڵام لە وڵاتی من یاسا شکێنییە. من حیجابم نەبوو و ڕاهێنەرەکەم پیاو بووە و هەندێک کەس بە ڕوانگەیەکی نێگەتیڤ لەو بارەوە دەڕوانن."

مەهیار مۆنشی پوور قەرەمانی پێشینی مشتەکۆڵەی جیهان و ڕاهێنەری سەدەف وتی:" گەر دەست لە سەدەف بدەن کارێک دەکەم سەرۆک کۆماری فەرەنسا بێتە سەر خەت. فێدراسیۆنی جیهانی مشتەکۆڵە و کۆمیتەی ئۆڵمپی چاوەڕێی کاردانەوەیەکن."

پێشووتر ئێران و سعودیا ئاگەدار کراونەتەوە کە هەموو وەرزشەکان وەک مشتەکۆڵەش دەبێت هەر دوو ڕەگەز تیا بەشدار بن، بە پێی ڕاپۆرتێکی هەواڵنێرانی فەرەنسا ئەم یاریزانەی مشتەکۆڵە ئێستا بڕیاریداوە لەو وڵاتە بمێنێتەوە و ئێستا لەگەڵ ڕاهێنەرەکەی لە شاری "پواتیە" لە ڕۆژئاوای فەرەنسا نیشتەجێ بوون.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
The, 25. Apr. 2019 No: (5737)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



کتێبێکی تازەی لەسەر خەبات بلاوکردۆتەوە

سەرنووسەری خەبات پێشوازی لە د.ئاریانا ئیبراهیم دەکات


سەنگەر حوسێن: د.ئاریانا ئیبراهیم پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێژی ئەدەبیات بەشی راگەیاندنی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، سەردانی بارەگای ڕۆژنامەی خەباتی کردو لەلایەن سەلام عەبدوڵڵا سەرنووسەری ڕۆژنامە پێشوازی لێکرا و کتێبێکی تازەی بەناوی (ڕۆژنامەی خەبات) پێشکەشی سەرنووسەری کرد.
جێی باسە، د.ئاریانا ئیبراهیم ژمارەیەکی زۆری لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو وتاری جۆراوجۆری بواری ڕۆژنامەوانی لە نێو چەندین گۆڤارو ڕۆژنامە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە.



کۆڕێکی شیعریی

لە زانکۆی لوبنانی - فەرەنسی لە هەولێر

خەبات: لە چوارچێوەی کارو چالاکییە فەرهەنگی و هونەرییەکانی زانکۆی لوبنانی - فەرەنسی لە هەولێر، بڕگەیەکی شیعرخوێندنەوە بۆ شاعیران (حەمە ئەحمەد جاف - نیازی حەمەعەزیز - ناز فەلەکەدین کاکەیی - حەمید قەڵادزەیی) ساز دەکرێ ..
کات : ٣٠:١١ پێش نیوەڕۆی پێنجشەممە ٢٥ / ٤ / ٢٠١٩



ئەدیڵ لە هاوسەرەکەی جیابووەوە

بەگوێرەی هەواڵێک بێنی تارانتینی و کارڵ فیش، لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لەڕێگەی ئیمەیڵەوە بڵاویان کردووەتەوە، ئاماژەیان بەوەکردووە ئەدیڵ و کۆنێکی هاوسەری لەیەکتری جیابوونەتەوە. لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئاماژە بەوەکراوە ئەدیڵ و کۆنێکی لە بەخێوکردنی کوڕەکەیاندا دریژە بە پشتیوانیی یەکتری دەدەن. ئەدیڵ کە ژیانی تایبەتیی بە شاراوەیی دەهێڵێتەوە، لە ساڵی ٢٠١٧دا لە میانی وەرگرتنی خەڵاتی گرامی بۆ ئەلبوومەکەی کە وەک ئەلبوومی ساڵ هەڵبژێردرا، ئاشکرایکرد کە لەگەڵ کۆنێکی هاوسەرگیریبیان کردووە. ئەدیڵ و کۆنێکی لە ساڵی ٢٠١٢دا کوڕەکەیان لە دایک ببوو.

(خەبات) بۆ یەکەمینجار شوێنەوارێکی گرنگی خانەقین بڵاو دەکاتەوە



سەرپەست برزۆ: خانەقین

لە سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەوکاتی کە هێشتا تەکنەلۆجیا پێشنەکەوتبوو مرۆڤەکان پەنایان دەبردەبەر ئەو جێگایانەی کە گۆرانی و مەقام و چیرۆکخوێنەکانی تێدا بوو ، خانەقینیش وەکو باقی شارەکانی تر لەو جێگایانە بێبەش نەبووە و بۆیەکەمینجار (خەبات) جێگایەکی گومناوی وا دەخاتە بەر دیدی خوێنەران کە کەوتۆتە (شەقامی باتە) کە شەقامێکی گرنگە لە مێژووی خانەقین کە قوتابخانەو بارەگای یەکێتی لاوان و قونسوڵگەری ئێران و فەرمانگەی مەعاریفی بەریتانی و قوتابخانەی نوعمان و حوسێنییەی گەورەی خانەقین و چەندین جێگای گرنگی تر دەکەوێتە ئەو شەقامەو هەروەها دیان پیشەگەر کە هەندێکیان جولەکە بوونە، لەو شەقامەدا کاریان کردووە . ئەم جێگایەی کە بۆ یەکەمینجار لە (ڕۆژنامەی خەباتەوە) باس دەکرێت لە سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوودا جێگایەکی گرنگی کات بەسەربردن بووە لە خانەقین ، لەمبارەیەوە، خالید ئەلجەبەل فۆتۆگرافەرو چالاکوانی مەدەنی بۆ خەبات دەڵێت : ئەم جێگایە دەکەوێتە (شەقامی باتە) ی خانەقین و لە سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوودا مووڵکی جولەکەکان بووەو لە سەرەتا جێگایەک بووە کە تیایدا مۆسیقاو گۆرانی کۆنی وتراوەو ئەوکات پێیانوتوە (جلسات گرب) کە مەقاماتی چالغی بەغدادی کۆنی تیادا وتراوەو شەوان خەڵکێکی زۆر کۆبوونەتەوە بۆ کات بەسەربردن و لەوکاتەش پێیانوتووە (جلسات سمر) هەر هەمان کات بەسەربردنەکە بووە بەڵام تا درەنگانی شەو و، هەر لەو سەردەمە جێگای (محاکاتی) چیرۆکخوێنەکانیش بووە، لەو سەردەمەدا تەکنەلۆجیا نەبووە بۆیە کەسێک کەچیرۆکی لەبەردەکردو دەهاتە ئەو جێگایانەو ئەو چیرۆکانەی بۆ خەڵک دەوتەوە، ئەم جێگایە بریتیە لە هۆڵێکی گەورەو شانۆیەکی بچووکی بەرزی تێدایە کە بە قاڵدرمە سەردەکەویتە سەری و جێگای تیپێکی مۆسیقا دەگرێ، لەدوای ئەوە سەردەمی (محاکاتی) چیرۆکخوێنەکان ئیتر وردە وردە تەکنەلۆجیا گەشەی دەکردو رادیۆ هاتەکایەوە ئیتر ئەو جێگایە کرایە چایخانەو لە ئێستادا بۆتە کۆگای نانەواخانە، ئەم جێگایەو چواردەوری زۆربەی مووڵکەکان مووڵکی جولەکە بوونە.

شێوەکار هادی فەتاح:

لەوەتەی فامم کردووە سەربەخۆیی کوردستان تاکە ئاواتم بووە

لە ئایندەی شێوەکاری و شێوەکارانی کوردستان نیگەرانم



دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

من ناوم (هادی فەتاح عومەر)ە لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٤ ی شاری هەڵەبجەم ،ئێستا لە شاری سلێمانی نیشتەجێم. دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆم، لە هیچ قوتابخانەیەک و پەیمانگایەکی هونەری شێوەکاری نەمخوێندووە. هونەری شێوەکاری تەنها حەزو خولیای خۆم بووە.



*** بۆ دەرچووانی بەشی شێوەکاری دوای دەرچوونیان بەردەوام تابن لە سەر هونەری شێوەکاری؟**

هونەری شێوەکاری لە وڵاتی ئێمەدا بایەخێکی گرنگی نییە، چونکە نابێتە هۆکاری دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ شێوەکارەکە. لە بەر ئەوە ناچار دەبێت بگەڕێت بە شوێن کارێکی ترا بۆ دابینکردنی بژێوی بۆ خۆی و ماڵ و منداڵی، وە بەم هۆیەشەوە دوور دەکەوێتەوە لە هونەرکەی، من خۆم زۆر کەم کات و شوێنی گونجاوم هەبووە بۆ بەردەوامیم لە وێنە کێشان و کارکردنم لە فەرمانگەی کشتوکاڵیدا هۆکارێکی تری دوور کەوتنەوەم بووە لە شێوەکاری.

*** ئەو تابلۆیانەی شانازی پێوەدەکەیت چین و بۆکێت کێشاون؟**

من بە هۆی نەبوونی شوێنی گونجاو زۆر کەم کاری شێوەکاریم ئەنجامداوە. بەڵام دوای خانەنشین بوونم، ماوەیەکی زۆر کەمە دەستمکردووە بە تابلۆکێشان بۆ ئەوەی بتوانم لەو ڕێگەیەوە کەمێک دەرامەت بە دەست بهێنم چونکە جگە لە موچەی خانەنشینیەکەم هیچ دەرامەتێکی ترم نییە. لە بەر ئەوە چەند تابلۆیەک زیاترم نییە کە ئێستا لای خۆمن.

*** بۆ لە کوردستان هونەری شێوەکاری بەرەو پێش ناچێت؟**

- چونکە ئەگەر داهاتێکت دەست نەکەوێت لەو ڕێگەیەوە، ناتوانرێت لە گیرفانی خۆت کەرەستەکانی شێوەکاری دابین بکەیت بە بەردەوامی، لە بەر ئەوە ناچار دەبێت وازی لێبهێنێت.

*** پێشمەرگەو شەهید لە کوێی تابلۆکانی تۆدا جێی بۆتەوە؟**

- من وتم ماوەیەکی زۆر کەمە دەستم کردۆتەوە بە تابلۆکێشان و تەنها ئەو تابلۆیانە دەکێشم کە خەڵکی حەزی لێبکەن لە ماڵەکانیاندا هەڵیواسن بۆ جوانکاری ژوورەکانیان، ئەو جۆرە تابلۆیانەش تەنها سرووشت و گوڵ و ئەو شتانەن کە بۆ ئەو مەبەستە شیاو بن.

*** لە چی نیگەرانیت؟**

- لە ئایندەی شێوەکاری و شێوەکارانی کوردستان نیگەرانم، چونکە هیچ ئاسۆیەکی گەش بەدیناکرێت بۆ ئێستاو داهاتووش.

*** دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان وەکو هونەرمەندێک چی دەڵێیت؟**

- سەربەخۆیی بۆ کوردستان تاکە ئاواتم بووە لەوەتی فامم کردوە تادوای ڕووخانی بەعسیش. زۆر تامەزرۆی ئەوە بووم کە ئێمەش دەوڵەتێکی سەربەخۆمان هەبێت وەک هەموو وڵاتانی دونیا بەڵام زۆر بەداخەوە ململانێی حیزبەکان لە سەر بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و سوودی شەخسی نەتوانرا ئەو خەونە گەورەیەی هەموو تاکێکی کورد بهێنرێتە دی زۆر بەداخەوم.

